(٢)

ای ئاسف بازی من صد ساڵە هەر ئەندی بوبرەو    تا قەما چیکم ئەبو فازجی ئاهەنبوەشەو

چونکە یاری دلربا بومنو رقیب میلی نیە    من ئەوا بوم غرق آهو ناڵەوا و بوجبەو

هەری بەقوربانی ئەمو سینەی بلورت کەوا    کازی سیمینی تەرەوا نازکو نرمو پطەو

من بەبیداری ئەگیرم خوینی نابی جرگی خوم    تو ئەکیشی نرگسی جادوکە چاوت کو تەخەو

چونە صبا دسگیری مقصودی نیە بەو کاکلە    لە ونمایی طلعتە ئەختی کە بوی شکا جلەو

شیخ ئەگرحە ناسە بوریی عنقو صحە الیقین    بوچی والی باکە صوفی مل هەرەومستو قلەو

خاکو خولە خرمنی ڕاجی لە وصلی دولبرا

دانە ئیکی نی نیە گر بیتوبی بیژلە ئەکەو

جاریدا اوی چاوی من دجلە بە دجلە جو بەجو    بندی دلی شکاوی من گشتی بیسا وەلو بەلو

جان بە هوای سروجی بوقدی خوشگردجی    بی دلولی جگر دجی گرجی گراوە کو بەکو

سنبلی زولفی هاتە ناو ازدرە کوندها تو جو    معطی گرتو زوبە زو حلقە داوە هو بەهو

مرهمی لیوی شکرە ئەم دلە تا قرتە برە    بر خفتو بی مفرە هرکوی خاوە شو بەشو

گر دسلاتی دولبرم بی لە لبانی دل برم    دستی لە ملی ئەکم سرم بیتە جفاوە گو بەگو

جانی عزیزە کرم اتو مکرە بسیە جستجو    نەمیەکاری گفتگو شرجیە داوە خو بەخو

خاطری ڕاجی بکە جم جامی لبانی بخە دم

چیکە لە دستی م بلە م کاوە بکاوە یو بەیو

**(٣)**

لەسرگەنجی زیاڵمی دوزلفت ئەژدەرە امشو — بە فوتانە دلی زارم نگاهت یاوەرە امشو

دو ینی روت کە شعلەی حسنتا وفانوسی دو چاوم — دروونم آگرە الیستەم لە شمسی لالانورە امشو

لەسر بورجی ستارەی پایەبەرزینا نگاهێکت — لەهەر گردوونی سینەم دا قەلاپو محورە امشو

سرم پڕجوشە وبێدارە دلم پڕ دردو بیمارە — بە نازیکی طبیبانەم کە درمانە وەرە امشو

لە چاوم لعلو یاقوت وائە بارێ وەختی گریانە — لەلای تو پێکەنینە وەکو ترێسکەی خنزە امشو

جناو ونازەکەی رۆژێ چەقوماکشتی آمالە — بە هەرچی خوم ز خەداری خنجرە امشو

برۆ بە خۆم سپاردی هەرچی بو دل چاکە بخوازە

سری دیوانەگی راجی لە قالبی دلبرە امشو

وەختێ لە لبی یارە وە میلی شکرم بو — نەمزانی لە هەرشی جهانا هشبەرم بو

هەرچەندە کە ویستم لە تمی عشوە خلاصی — چاری لە دلا آفتو چاری خطرم بو

دانیشتوە محبوبە لە ناو سینەیی من دا — زانی کە بەدام قحرە لە دوژمن ظفرم بو

ئیمروکە نەچوم بیکەم حسد چیژنی قوربانە — لەم بندیا جگر حکمی حرفی نظرم بو

هەروەک هەدفی جبریە بوتیری بلا دل — لایی لە رضا آفتو لایی سپرم بو

تا ذوقی بهشتم هەبولەم میکدە یارا نە — نقدی طربو شوکتو فضلو هنرم بو


ناوی هەیە او دلبرە شیرینە بەلی شوخیە — وەک من کە نەبو ناوو شوینو حضرم بو

نیوەی شەوی دوینێ شەوی ماهم چە قاور — سوزی لە هەمو ریشەو بندیی جگرم بو

راجی مکە گریانو لە خودانی سپیریم

هیشتا کە نەبوم ام خطم نوسراوی کرم بو

## نموونەیەک لەدەسخەتی فارسی


چاوە ئوری بادە بیکەم مە بەغەم کو توم تو نە     بر امید جام لعلت دردی آشامم هنوز
و احوالی دنیوعالم روبوە بو دید نت     تا چه خواهد شد در این سودا سرانجامم هنوز
بادی صیادت بە حلقەی کاکلو ابروی کوان     میزند هر لحظه تیر جور بر اندامم هنوز
چونکە جاری نادی ابری لیوی یارم فرموه     اهل دل را بوی جان میآید از نامم هنوز
ذرە ئوری رخت در کوتە پردە و روژی رون     میدود چون سایه هردم بر لب بامم هنوز
نیکە بوم دانی بە لیجم و لاری شیرین ساقیا     جرعه جامی کزو سرگرم آن جامم هنوز
چندە بریانم بە آگر باهه زنگی آگر بره     کارجیان پختەکان عشق او خامم هنوز
بیم دلی توبره اما بگره آرامو قرا بە     جان بغمهایش سپردم نیست آرامم هنوز

مثلی حافظ راجیا بحثی لبی دلبر دەکەم
آب حیوان میرود هردم ز اقلامم هنوز

آن غالیه زلف بسیم بدن انداز     وان لعل دل افزای بجین شکن انداز
دست من بیچارە کە کوتە ز لب تست     بر قدح سینه تو در پیرهن انداز
بنگر که لبم خشک بیا رست ز هجران     از بهر خدا بر لب شکر شکن انداز
خاطر صدفم کرد زمان در همه آفاق     در ظرف ظفر لعل عقیق یمن انداز
تا سیر بهارست در این گلشن بستان     بشکن تو گل سرو قدی خوش بهن انداز
در طرف چمن مرغ دلم را بجلاوت     آلوره بتشریف گل یاسمن انداز
سیراب کن از باده چشمت من مسکین     در میکده ها طرفه تو جم حسن انداز

بـــادەیی شـــادی لـــە کۆمـــەڵ بەشـــکرا
کـــەس نـــەکا بـــا تانـــەداریو منجـــەمنج
گیانـــــە، پـــەرداخی گریـــــشمەو لەنجەیـــــە
پێکەنینیــــــــشی هەڵیڕشـــــــتووە بــــــرنج
قامـــــەتی، ســـــەروی ڕەوانو دڵکەشـــــە
زوڵـفو پەرچـەم لــووسو ڕەش، بـێ لـۆچو گـنج
خـــاڵی بـــن زوڵفـــانی ئەســـتێرەن لەشـــەو
ڕوومـــەتی وەك چـــەرخی ڕۆژە، خـــشتو خـــنج
خـــوێنی دووچـــاوم بـــە ئاســـانی خـــوڕە
نایـــەوێ ئاوبـــارەوو تێـــی مـــەگرە گـــونج
نەمـــــدەزانی نرخـــــی لێـــوت، گیانمـــــە
تـــا دڵو ڕۆحـــت نـــەبرد، نەمـــدا ســـرنج
قـــەت وەڵاشـــیی ئـــەو کەســـەم پێنـــاکرێ
ڕوویـــەکی بـــێ کـــونجرو پـــۆشو گـــڕنج
وەك پڵینگـــــی پـــــڕ خـــــەمم لێهـــــاتووە
ڕۆژو شـــەو، هـــەر شـــوێنمە خێـــزرو خـــورنج
ســـینە بیـــنم، وا دوو چـــنگی لـــێ ئـــەدەم
بیپـــچڕم ئـــەو دوو مەمانـــەی وەك تـــرنج
گەشـــبەوە (پـــشکۆ)، نەکـــەی بکوژێیـــەوە
تـــا کـــزەت پێـــدا، لـــە بـــاڵای قیـــتو قـــنج!!.

(٤)

قـــەدی ســـەروت، ئـــەوا گرتوویـــە نـــارنج
لـــە(شـــەقڵاوە)و (ســـەلاحەددین)، (قەڵاســـنج)

تاکه در ئاهنگ طرب، موغبەچە پڕ لە عەکسی جام
یـــوزفلّو بیوتفلّـــە، پـــیش دلاّن گـــرینگ دەر[1]
قاشـــنە شمـــشێری هـــەرا، ئایـــسە گێتـــی ماجـــەرا
ئین همە دنیایی پهـن، بـۆ منـی خەسـتە ڕیـنگ دەر
وێـن لـەبی لـەعلی ئاتەشـی؟ أحـرَقَ ثَـروَةَ الهُـدی
بر دل‌و جان، تـو یـور بـرۆس، داس‌و ڕم‌و بـرینگ دەر
بـحر غمەاست این جیهان، چون ڤەری مـەچ بلایـەوار
ڕێد، یەلۆ، ئاند ڤایۆلێـت، برنجـی دیـشە دیـنگ دەر
خۆشـی بـە پـیری کێـوە دێ، فِي مَفـرَقِ المنـازِلِ؟
فَکُـــلّ أدوار الـــوری، هـــەلاّتن‌و دوو لیـــنگ دەر
وەرە، بـڕۆ بنۆشـە مـەی، بپۆشـە گۆلـّد‌و سـیلڤەرت
اخـر کـار در فنـا، مـــەرگ‌و گـلّ‌و سـلّینگ دەر
سەن نە پلاییـنگ گاردنە، (ژیکۆ)، بە ماچ‌و موچـەوە
دنیایە سۆیلەیەم سەنە، خـۆ پێوەنـان‌و حیـنگ دەر!!.

١٩٤٨

(١١)

تـو خـوا وەرە مـالّم، ئـەی دلّبـەری دیـن بـەر
بنوێنـە لـەب‌و ڕووت، بـەرپا بکـە مەحـشەر
ئـەی شـۆخی هـەوایی، هـەر تـۆم وەکـو شـایی
کـاری بکـە خـوایی، بتهێمـە بەرابـەر
تـۆ سـەوزەوو ئـالّی، نـەرم‌و شـل‌و کـالّی
هـەروەك کـەوی مـالّی، بخوێنـە لەسـەر سـەر

---

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (یوزفلّو بیوتفلّە، کۆترە یا ڤولّینگ دەر).

**سەیری ئەم غەوغایەکە، چەند بێ بەرە، بێ بەندەرە**
**عیشق نوورە، دڵبەرە، زەوقە، بەهەشتی بێ قەپاغ**
**دیمەنی تۆ بوو، بە سەرمەستی لە خۆی دوور خستمەوە**
**خۆم نقووم کرد، مەوجی ئەم دەریایە خستمییە قەراغ**
**شێخ ئەڵێ: ئەم عالەمە بێ شوێنو ڕێیەو شوێنەوار**
**خاڵە شێخ! بۆچی لە من وا تەنگە نابینم فەراغ؟**
**سەر لە دوو پێت ڕائەکێشم، تا بەکامی خۆم ئەگەم**
**با لە تێکەڵکێشی وەسڵت، پڕ بکەم مێشكو دەماغ**
**ماچی ژێر تاقی بڕۆت گەر سوننەتە، فەرزی منە**
**تەرکی ناکەم مەیکەشیی، بمکێشیە کوورەی قاوەجاغ**
**شیرنە تامی دەمت، ئەسکەنجەبینی هۆشمە**
**بۆ مەزەی لێوانتە، ئەم سووتە بیرەم پڕ لە جاغ**
**هەروەکو کەشك ئاوەسوو بوومو، مناڵیش بوومەوە**
**قووتی خاڵی ئەرغەوانم، نەك لە چینەی پیرە زاغ**
**تاکو ڕاوەی رووم هەبێ، پەقلاوو شیرم بۆچییە؟!**
**تا کەبابی دڵ هەبێ، ناخۆم پڵاوو یاپراغ**
**تا لە نازی لێوی تۆ تێربم، لە شاران ناگەڕێم**
**قامەتی شلکت، خەمی پشتێن شلانی گربداغ**
**کەس عیلاجی دەردمی پێناکرێ، بێجگە لە خۆت**
**هەر ئەتۆی بۆ من شیفاو خۆشیو بەهەشتو باغو ڕاغ**
**نیوەشەو، هاتو بە شەوبۆیی کە زیندوو بوومەوە**
**ڕۆژهەلات، (ژیکۆ)، چراغ پێ بوو، کوژاندییەوە چراغ.**

(٤)

تــاکو دڵبــەر تــەفرەبازە، ســوودی مــن نــادا دەمــاغ
غەرقی بەحری سۆزی عیشقم، گەهـ لە ناوا، گەهـ قەراغ
دەمکوژێ ئەو، یـا بـە تیـغو نەشـتەری زولفـی کەچـی
یـا بـە شمـشێری بـرۆی جەوهـەرتکێنی خـۆش صـەباغ
تـا سـواری ڕەفرەفـی بـەختی بـەدم، بـۆ ڕێـی نـەهات
بــۆ چــمە؟ بــۆ دەردو زامــی دڵ کــە ڕاکێــشم ولاغ
من کەوا بـێ تاقـەتو، لـەب وشـكو بێـزارم لـە خـۆم
لێمگــەڕێ تــاوێ بگریــەم، ئــەی ڕەقیبــی قوڕمــساغ
دیدە بێ نوورم، لـە تـاریکی شـەوی غـەم چـۆن بـڕۆم؟
ئەی سەنەم! زولفت بـەلانێ، چـاکە ڕەوشـەن بـێ چـراغ
چم نەکرد، چەند ساڵە وا ڕێـی وەحـشەتم گرتۆتـە پـێش
بــا بــزانم چــۆن دەبــێ، ئــەمجارە لێــی بگــرم وەتــاغ
چــاوی بیمــاری، ئــەکا ڕۆحــی ئەســیران شــەرمەزار
(ڕاجیا)، لێرەو لەوێ، مەعلوومە تـۆی دڵ پـڕ لـە داغ.

(٥)

خاڵی لێــوت، خەبـەری داوە بــە موشـكو گوڵـەباغ
نایەوێ کەس لەنەزەر سـەبزی هـەوا، تـاڵیی ئـەیاغ
بـادەیی مــەی، لــە لــەبی تـازە جـەوانانی بـەهار
لەسەر ئەم سـەفوەتەوە، بـۆ دڵـی عالـەم بـووە داغ
سەرو و ڕەیحانو چـەمەن، سۆسـەنو غونـچەو لالـە
گشتی کەوتوونە خەجاڵەت، نە گیا مـاوە، نـە بـاغ
ئــەم حەبیبانــە، خودایــە! چ تــەبیبن لــە دلا
بۆچی مەمنوعە بەنازێ، کـە بپرسـن لـە نەسـاغ؟

چاوەکەم گەر لە بەرابەر ڕووحی تۆ بێ، سەنەما!
بەنیازی تەکوپۆ، حاجەتی نابێ بە چراغ
من کە هێلانە تەپیوم لە هەموو لا، بە فیراق
یەکدگیر نابێ خەیاڵی دڵو کەللەم بە سوماغ
پاسەوانە دڵی سەر گەشتە لە دەورەی باڵات
حەیفە ناکەی تۆ لە ئەحواڵی بەیەك غەمزە سۆراغ
بادەوو مەیکەدەیی ساقییە، چاوم بگرێ
بەزمی موتریب وەکو ئەو، گیرە لەجانو لە دەماغ
کوڵمەیی ئاڵی، ئەگەر بێتە شەفەقکارییەوە
(ڕاجیا) عەیشو تەرەب سازە، بڕۆ، (ذاكَ بَلاغ).

(٦)

دڵم دەرچوو بەدەم سۆراخی پڕ سەودایی گەردن لغ
سەرم پڕ بوو لە ئەفکاری ملو زیبایی گەردن لغ
کەمەربەندی، بە بەندی دڵ، لە هەرلا هاتوو بەندی کرد
تەماشا! خانەیی کێشا بڕۆی لالایی گەردن لغ
نیشانەی فەخرە، هاتوو، دای نیشانی عالەمی ئولفەت
بە حیکمەت گەر نەزەر فەرمووێ، دەچێ بۆ لایی گەردن لغ
چییە بازیچە، بازی چی؟! بە بازی بازییە دڵبەر
لە جیلوەی جیلوەگاهیدا، بەدەم شەهلایی گەردن لغ
موسڵمان ڕەسمی بێ پەروا نەکێشێ موتڵەقەن، چاکە
بمێنێ هەر لە پڕتەودا، لەبن ئاڵایی گەردن لغ
چ جانێ جاویدانی بوو، چ لاوێکی جینانی بوو
سەراپا قەهری مانی بوو، بەچە تەرسایی گەردن لغ
لە ڕێگەی حورمەتا دەستی دوعای پەلکردووە (ڕاجی)
لە ناو ئالایشا بەڵکو ببۆسێ پایی گەردن لغ.

**

## -ف-

(١)

کاکۆڵی پەرێشانە، لەسەر عاریز و ئەتراف
خاڵی لە خەتی ڕوومەتی، وەك کەعبەوو میتواف
ئیشی شەڕو داوایە هەموو کاری زەمانە
ئەو کۆنە ژنە، داوی دەزووی چاکی نەدا باف
جارێ بە جەفا دێتە هەواداریی مەستان
جارێ بە سەفا دێتە تەڵەبکاریی ئەعجاف
هەردەم بە تەرازوویی فنون، غەم دەفرۆشێ
هەردەم بە قەوانینی فیتەن، سینە ئەکا ساف
گەر بێتو، حیجابی بترازێ لە لەبو ڕووی
مەعلومە درۆ پیشەیە، جادووچییە، حەللاف
مسقۆفی وەها نەبووە، براگەل، دڵی فەوتاند
جارێ بە فسوونبازییو، جارێ بە ڕقو لاف
زانیوتە ئەگەر عاقیبەتی مەکرە لەگەڵتا
(ڕاجی) لە ئەجەل چاتری، کارت نییە کەشـشاف.

(٢)

وا لەتاو شەنگۆڵەکانی نیوە نازو کەم خیلاف
وێڵو سەرگەردانی شەوقم، وەختە بچمە کێوی قاف
من دەمێ بادە دەڕێژم، هەم دەمێ ئاگر دەخۆم
وا لەگەڵ کاکۆڵەکانی، نیوە خاوو نیوە باف
خۆشە بەزمی ڕۆژو شەو، یارانە هەڵدەی دەنگی ساز
تێکەڵی نازو گریشمەی یاری سادەو بادە ساف

خـۆتی تـێ بـاڵێنی وەك مـاری ڕەشـی عاشـق نـەمام
هەر لە پێ تا تەوقی سەر، ئینجا لەسەر تا قاشی نـاف
مـەستی دوو چاوی ڕەش‌و، گەستەی دوو زوڵـف‌و شـانەیم
كاتـێ جـان‌و دڵ كـە بوونـە خانەخانـەو پـڕ شـكاف
مـن كـە ئـاوارەی وڵات‌و، حەپـسی چـاڵی گـەردەنم
حوكمی شـاهی چـاوە، بـێ سـوودە تـەمیزو ئیـستیناف
سـۆزی ئـاگردانی ڕووی، (پـشكۆ) ئەكاتـە خۆڵـەمێش
وا هەناسەی زوڵفی ڕایكێـشا لـە سـەحرا، وەك تـەناف.

(٣)

بەنازو لەنجە كوشـتمی، وەكـو دوو زوڵفـی قـەف بـە قـەف
دَقَّـــقْتُ صَـــدْراً بِـــالهَوى، مِـــن كَـــربَلاء الى نَجَـــفْ
بەدەســـت‌و پەنجـــە ڕشـــتمی، وەكـــو تنۆكـــە بادەكـــەی
والأَرضُ صـــارَت بِـــدَمي، تَمتَـــلأُ مِـــنَ التُحَـــفْ
تكـای دوو ماچـی دەم دەكـا، دڵـەی هـەژارو بێكەسـم
حَتـــى يَطـــوفَ كَعبَـــة المُنـــى، ويَلحَـــقَ الـــشَرَفْ
لــە مێــژە بـیری باوەشـی ئەكـەم بـە مـەكرو سـاحیری
فَمـــا بَلَغـــتُ مُلتَـــقى نَـــشرُ الـــوِدادِ والـــشَغَفْ
لـەو سـاتە خۆشـتر ناگـەمێ، بـۆس‌و كـەنارو بـادە زۆر
ضَـــاجَعتُكَ بِمَعـــزَلٍ، كَلُؤلُـــؤَينِ في صَـــدَفْ
دەمیـــوە خـــاڵی ڕوومـــەتی، لـــەو ڕەزو باخـــەدا دەمـــی
وَدامَ وردُ دَمعَـــــتي، في الـخُـــــضرَواتِ إلتَحَـــــفْ
كەوتوومـە شـاری عیـشقەوە، سـەد ساڵە تـا بم شـارەزا
إنّـــي هَـــدَيتُ مُهجَـــتي، راحَ الحَبيـــبُ وانـــصَرَفْ

کە پێچەوانە کارییە، هەنگوینە ژەهری مارییە
مُرُّ الدَواءِ نافِعٌ، حُلوُ المَقالِ مُختَلَفْ
ببینە خاڵی چاوەکەی، لەسەر گلێنە بەهرەوەر
کَآیةٍ مِنَ السَماء، وطُرفَةٍ مِنَ الطُرَفْ
تەرکی کەماڵو ژین ئەکەم، ڕووی خۆم لە نازەنین ئەکەم
یَرحَمُني بِلُطفِهِ، وقَد عَفی عَمّا سَلَفْ
(پشکۆ) تۆ بەسکە فوو لەخۆت، وەك من گەشەت کوژایەوە
رَمَیتُ طَلْقَةَ الأمَلْ، وَما أصابَت الهَدَفْ!!.

(٤)

بڵێ موتریب، بە سەد ئاوازی پڕ قەف
بە ڕیزەی دڵڕفێنی بەرِبەتو دەف
بدە ساقی شەرابی سافو بێ غەش
بە نەشئەی دەستو زوڵفی پڕ خەمو لەف
ئیتر سەیرو سەفاکەین تا زەمانێ
خودای عالیم ئەنێرێ ئەمری موترەف
منم دڵ خەستەبی سارایی عیشقت
شەهی چاوت، ئەنێرێ جەیشی پڕ سەف
عەجەب! وەسڵت هومێدی جاویدانە
خودایا، ساعەتێ بمکەی موشەڕڕەف
مەدە لێم دەستی دووری، با نەشێوێ
گوڵی کوڵمەو، لەبی نازو، مەیی کەف
لە کوردان شۆڕشو غەوغایە ئیمڕۆ
بەهەشتی کوڵمەیان کردۆتە مەتحەف

نەگــەم دەســتی مــرازم بــەر بــدەم لێــت
وەکــو شــێخم لــە جوببــەی نــاوە مینــدەف
لــە دیــدەی خۆشەویــستان، کــامی دڵ بــێ
بــە نــاوی عاشــقیی بۆچــیمە ڕەفــڕەف
دڵــم کەوتۆتــە یــەم، دەســتێك بفــەرموو
کــە قایــەغ نــاڕوا، بــێ یــاری میجــرەف
لــە جیلــوەی ڕوویــی ڕەنگینــی تــۆ (پــشکۆ)
دەســووتێنێ دەروون، وەك نــەوتی ئەشــرەف.

(٥)

وەکو گۆگردی کـۆکردی، لـە سـۆزت هەڵـدەبم کـەف کـەف
بە فرمێـسکی بـرین‌و چـاوو دڵ، تێکـەڵ دەبم کـەف کـەف
کـە هـاتی دیتمـی جانـا، لـە مـەیل‌و مەرحـەبا سـاتێ
وەکو موزمین لەسەر ئاگر، بە گورجی حەل دەبم کـەف کـەف
لە مەیخانـەی ویـساڵت، پیـشەمە نۆشـینی مـەی دەمـدەم
لە کولخانەی فیراقـت، سـینە پـڕ مەنقـەل دەبم کـەف کـەف
بە داغت بوومە چـۆڵپەروەر، درێغـت قـەت نـەبوو غـەددار
دەگرفێم هەر بە تەعنە تووشی هەر کۆمەڵ دەبم، کەف کەف
سـۆراخم ناکـەی‌و جـارێ لـە کیـبرا ڕوو لەکـەس ناکـەی
وەکو ئیکسیری پڕ فەن هەڵدەچم، موختەل دەبم، کـەف کـەف
لـە بـاخی خۆشـیبیا ئـەی گـوڵ، لـە لێـوت خەندەیـە نم نم
وەکو دانووی مەشایخ، من بەدەن هەل هەل دەبم، کەف کـەف
نـەما (ڕاجـی) تەحـەممول، مەحمـەلی جانـان ئـەوا ڕۆیـی
لـە تـاریکی فیراقـا سـینە پـڕ دوکـەڵ دەبم، کـەف کـەف.

(٦)

ڕەنجەڕۆی کردم جەفایی ڕۆژگارم، هەر تەرەف
خەم بلاوەی خستە خەرمانی قەرارم، هەر تەرەف
پڕ ئەسەر، ئاوارەیی خاکی غەریبیی کردووم
بێ قەرارم، بێ هەوارم، گریەبارم، هەر تەرەف
ئەی خودا! قەت کەس وەکو من، سا لە خۆی بێزار نەبێ
مات‌و حەیرانم، ئەسیرم، خاکسارم، هەر تەرەف
غەم لە کونجی سینەما جێی گرتووە، نایێتەدەر
قوڕبەسەر، گیرۆدەیی لەیل‌و نەهارم، هەر تەرەف
عالەمی دونیا، بە کوللی، هەتک‌و نەفرینم ئەکەن
تیرەبارانی جەفای گەورەو صیغارم، هەر تەرەف
ئەی خودا هەر تۆی کە ئەحواڵی ئەسیران چارەکەی
خۆت ئەزانی من کەوا بێ کاروبارم، هەر تەرەف
جێ قومارى ناکەسان‌و، قەشقیانی عالەمم
بێ ئەنیس‌و یارو پڕ دەردو هەژارم، هەر تەرەف
نائومێد نابم لە ڕەحم‌و شەفقەتی جان، ئافەرین
چەندە غەرقی بەحری قەهری کردگارم، هەر تەرەف
(ڕاجیا)، مەولا ڕجاگیرو حەکیم‌و غالیبە
ئێستە بێ حیکمەت نییە وا دەردەدارم، هەر تەرەف.

(٧)

سەرو قەدێکم هەیە، نازک‌و شۆخ‌و زەریف
چاو بە خومارێکە ئەو، دڵبەرو مەست‌و لەتیف
سینە بە پەیکانی مووی، کونکون‌و پڕ شۆڕشە
ڕوو بەهەوای ڕوومەتی، چۆتە مەقامی خەریف

-ق-

(١)

ڕاســـــته! ڕازاوه بــــرادەر، شـــارو بـــازاڕی نیفـــاق
گەردنی شل بوو کەسێکی کەوتە کوڵــخانەی ویـساق
چــاوەنۆڕی قاپییـــەی دوژمـــن نـــەکا، بـا هـــیچ کـــەس
هەر لەجێگەی خۆی موهـــەبیاکا قوبـــەو ئاسـارو تـاق
ڕوو لە موڵکی عیززەتی نەفسی بکا هەرکـەس، بـەڵێ
ئەو حوکمڕانـــە بـــە نەقـدی سـەربڵندیی هـەر سـوقاق
هەرچـی سەرچـاوەی ژیـانی میللەتـــە نۆشـی بکـــەن
خــۆ بپــارێزن لــە مـــەکرو، بــێ خیانـــەت، ئیتتیفــاق
قەومییەت، قوربان گەلێ خۆشە ئەگەر تـامی ئەکـەن
کوورەیی بۆنخۆشییە، ڕێکیی لـە نـاو مـوڵکی عێـراق
نامـــەوێ گـــەنجی نـــەزانی بـێ زەکـاتی کـەم حـصول
یەعنی کاری مەشوەرەت، سەر بەرز ئەکا ئەهلی حەذاق
قەت مەکـەن تاڵووکـە بـۆ دەرکـەوتنی ڕێگـەی فـەنا
وردە وردە، وەرنـــەدو ئاقـــاری ژیـــنو ئیـــشـــــــتیراق
پیرو جـاحێڵ هێـشتە قوربـان شـارەزای دنیـا نـەبوون
بۆیـــــە دەرناچـــــن لـــــە ئیـــستینتاقو ئیغـــتیراق
من تکاکارم وەکـو (ڕاجـی)، کـە میللـەت ڕێکبخـەن
ئیـــشوکارو، ڕەســـمو ئـــاداب‌و، بڵنـــدیو ئینتیبـــاق.

(٢)

کــــــە ڕازاوە بناگوشــــــت، بـــــــە مــــــێلاق
دەڕووخێـــــنم بناغـــــەی زوهـــــدو ئـــــەخلاق

میسالت نەبووە ئەی میسریی، لە عالەم
بڕندەی دەستو شیشەی جەرگی ئەحداق
گەڕامو، دیتمو، نەمدی دەرو ژوور
نەبوو وەك من، بەتۆ موحتاجو موشتاق
لە ڕیزەی خاڵو خەتتو لێوو کوڵمەت
بە دڵ کردم لەسەر هەق، بەختی سەللاق
ئیتر نەیگرتو ڕۆیی، نووستو گوم بوو
ئەمیشم چوو، ئەویشم چوو، لەیەك تاق
لە جەوری ڕۆژگاری دونی غەددار
حوکم کردن، نسیبو، وەسڵو ئەوراق
ڕوخی ئارایە، وا ئارامی بردووم
نەتیجەی غارتە، یاری سەمەن ساق
نیگارم ڕا نەکا، ڕامە مەرامم
کەمەندی ئاهی سینەم، سەردەخا لاق
نەبێ باکت بە دەوری دەهر، (ڕاجی)
بکۆشە، هەر دەگەییە دلّبەری تاق.

(٣)

ڕوویی نیگارە مەستەکەم، دەکا لە بەرگی گوڵ سەبەق
نیگاهی یارە چوستەکەم، لە دڵ ئەکاتە دەر ڕەمەق
خەوی خومارە جانی من، نایەتە ڕووی خەزانی من
ڕەونەقی دلّبەرانی من، شەوقی بەهارە سەد تەبەق
خەندەیی لەعلی من لەبە، لەهەر کەنارە مەتڵەبە
عیشوەیی قەددی عەرعەرە، کشاوە سا بە هەر نەسەق

گلێنەکـــەی عەزیزەکـــەم، حەبیبەکـــەی تەمیزەکـــەم
لەبەر خەجاڵەتی تکا، لە ڕوویـی خونـچە سـەد عـەرەق
مەکەن بە من جەفاوو فەن، مەدەن بە دڵ تەبو شـکەن
چـاوەنواڕی یـار ئـەکا گـوڵی سـەحەر، بـە هـەر وەرەق
جارێ بە ماچی سـەحەریی، لـە لـەب تـۆ بێـرە یـاوەری
حـەڵاڵی جـانی عاشـقە، ئـاوی حـەیاتی تـۆ بـە حـەق
لە ڕێی خوداوە یـەك نەفـەس، وەرە سـەرینی بولهـەوەس
لە پێی تووا نیسار ئـەکا، (ڕاجـی) دڵو جـانو حـەدەق.

(٤)

لــە گــەردن زەنگــە، دوو ســێ قــەترە عــارەق
لــە غوتتــەی غــەم، دڵــم خنكــا بــە نەســتەق
لـــــە هیجرانـــــی حـــــەبیبانی گوڵەنـــــدام
دەروونم گەرمـــە، ئـــاهم ســـەردە، ســـەر لـــەق
بــە داوی عیــشقی تــۆ، ئــەی شــۆخی کــوردی
بـــەدەن ســـستەو، نەخۆشـــەو زارو بـــێ دەق
ســـەفەرمان حـــازرە، بـــۆ مەفتـــەنی غـــەم
لەوێـــشا، بـــۆ ســـەفاوو دیـــدەنی حـــەق
دڵـــم پـــڕ داغـــە، چـــاوم هـــەر لـــە ڕێیـــە
کــە ڕێ پــڕ کــا لــە ســونبول، بــەم دڵــی ڕەق
ســـواری ئەســـپی فـــەوتانم، لـــە عیـــشقا
لــە دەســت کــوڵی، بــە کۆڵــێ فــەرزو بەیــدەق
بــە زەوقــی بــادە مەســتە ئێــستە (ڕاجــی)
لـــە عالەمـــدا ســـتاندی ڕەنـــگو ڕەونـــەق.

(٥)

تــاکو لــە ڕووتم ســەنەم، خۆشــە عــەزابی حــەریق
دافیعــە بــۆ حــوزنو غــەم، جــامی شــەرابی ڕەحیــق
مــەمکوژە تــا دێمــە ڕووت، بۆســە دەدەم، دەســتو شــیر
ڕۆحــی مــــنو پەنجەکــــەت، ڕۆژی حیــــسابن ڕەفیــــق
ســەروی قــەدم داچــەمی، هــەروەکو چــەوگانی زوڵــف
خانــەیی عــەقڵم خــەراب، هــەر وەکــو بــەیتی عــەتیق
حادیــسە زوڵفــت بــە ئــەم جــۆرە کــە ئاشــووبە زۆر
دێنە نەزەر نووری حــەق، لــەم هــەموو فــەججی عــەمیق
گــشتی تەشــەببوس ئــەکا، حیفــزی لــە دوژمــن ببــێ
حــوببی بــە فــەڕ تێئــەگا، فــەڕڕی لــە ڕوودا فــەریق
مێــشکی ســەرم چــوو ئــەمان، ئێــوەوو یــارو خــودا
کۆمــەڵی غــەیرو ڕەقیــب، چــیکە مەکــەن زیقــەزیق
چــاوی ڕەشــی گــاورت، چــۆتە لیباســی غــەزەب
بۆیــە لــە خــۆی جــۆش ئــەدا، هــەر تــەرەفی مەنجەنیق
کــەس نییــە چــارەم بکــا، زیللــەتو بــێ چــارەیی
دەرد، نــەوباری گــران، تــا بــە خەفــەت چــوومە دیــق
مەشــقو خــەتو شــیعری تــۆ، خــۆشو تــەڕو دڵنــەواز
هێشتە لەگەڵ حوسنی یار، (ڕاجی)، شەرابەو عــەلیق[١].

(٦)

گــوارەت کــە لەســەر قامــەتو ڕوو بوونــە موتــابیق
وشــکو خەجــەلن عەرعــەرو شمــشادو شــەقایق

---

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (هێشتە لەگەڵ حوسنی یار، نایەتە کێشی بەریق).

گۆنـەت لەسـەر ئـەو قامـەتو بـاڵایی سـنەوبەر
ئیعجـازە، عـەجایب ونـە ئـەفکاری خـەلایق!
جیلـوەی ڕوخـی پـڕ سـۆزە، بـە پەروانـە شـەڕەنگێز
پەروانـە بـە سـووتانەوە، هـەر سـابیتو عاشـیق
گـەردش مەکـە، بـۆ بـەزمی حەسـوودانو ڕەقیبـان
بـەزمی تـۆ لەگـەڵ یـارو گـەلی عوشـرەتە لایـق
گـەر بێـی بـە سـەری پەنجـە، لـە نـاو نـازو نیـازا
هـەر مـەحوە، هـەموو تیفـلو ژنو پـیرو موراهیـق
گـەردن زەدەیـی قەیـدی شـەوی پەرچـەمی کـوفری
ئەی ڕۆحی ڕەوان، مەمکە لە ئەو قەیـدە موفـاریق[1]
گـەردێ کـە لـەلای تـۆوە، دەمـاغم بوەشـێنێ[2]
پێشکێـشی قـدوومت، سـەری قوربانییـە صـادیق
گـۆگردی دڵـم مەشـقەڵەداری دەمو لێـوە[3]
زەڕراتـی خـەتت، سـوورەتی کێـشاوە حـەدایق
(ڕاجـی)، لـەبی دڵبـەر مەحـەکی یـارو ڕەقیبـە
قـاڵی کـەوە دڵ، بیکـە بەیـەك جەوهـەری فـایق.

❊❊

---

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (ئەی ڕۆحی ڕەوان، مەمکە لە زنجیرە موفاریق).
٢- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (گەردێ کە لەلای تۆ، دڵو دیدەم هەموو بگرێ).
٣- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (گۆگردی دڵم مەشعەلەداری دەمو لێوە).

-ك-

(١)

حــــەبیبێکم هەیـــــە، عـــــەییارو بێبـــــاك
لەگــەڵ دڵ جووتــە، ئــەمما بــۆ بــەدەن تــاك
لـــە ڕەقـــسا، عیـــشوەبازو چـــاو شـــەهێنە
لـە ڕێـدا، شـۆخ‌و شـەنگ‌و چوسـت‌و چـالاك
چـــرای چـــاوم کـــوژاوە، ئـــەی چـــرای چـــاو
بـە یـەك ئیمـا، بکـە ئـەم کونجـە ڕوونـاك
کـە شـێوەی دڵ، ڕوبـای جـامی دەمـت بـوو
ئـەمن چـیمە لـە بـەنگ‌و خـەمرو تریـاك؟
لە دەردی عیـشقتا، ئـەی خـاك بەسـەر مـن
لە سۆزی وەسـڵـتا، ئـەی مـن بەسـەر خـاك
بـــڕۆ زاهیـــد لـــە ڕیـــزەی عیـــشقبازان
لـــە بـــۆ تـــۆ وا جوانـــە بـــچییە ســـەر لاك
شـەوی خـەم زۆر درێـژە، ئـەی خـەمی شـەو
دە ڕێکــە، تــا هــەڵێ ڕۆژم لــە نــاو مــاك
ئەگەرچـی ڕەنـدو بـێ شـەرمە، سـەحەر بـێ
دەزانم عاشـــــقە، بـــــۆ ئێقـــــەیی چـــــاك
حەقیقــەی (ڕاجــی)یــە، ڕەنــدییو مەســتی
تەریقـــەی زاهیـــدە، کەشـــکۆڵ‌و ســـیواك.

(٢)

حورمـــەتی هامتـــەرەبان، لازمـــە بگـــرێ ئـــەفلاك
فەوتی خاکە هەموو کەس، قووەتە بـۆ قـووتی خـاك

عەکسی ئاوێنەیی ڕووی، بەخششی شـەوقی وەتەنـە
هەم لە جیلوەی بـەری پێـی، ڕۆشـنە خـارو خاشـاك
تـا دەمـاغم لـە غـەما، چارەسـەری گێـسوویە
یارەکەی گەرمەسـەرم، نایەتـە سـەر ڕێگـەیی پـاك
یارەب! ئیمڕۆ نییە کەس غـەمخۆری وەسـڵـم، هـاوار
من دەخالەت بە حەبیبەم، لەگەڵ ئەم سینەیی چـاك
شـیوەن و تەعزیـەوو، شـۆرو هـەراو زاریمـە
بێکەس و بەستەدڵو، عـاجزو هـەم خەسـتە کـەلاك
پادشـاهی سـەری مـن مەسـتە، لـەوەختی ڕۆژوو
سا خودا موفتیری وەسـڵی بکەی و، هیجـر، ئیمـساك
تـورك چـاوە، پـەری ئەندامـەوو فـارس گوفتـار
عارەبی وەجدو، حەبەش جورئـەت و، حـورڕی چـالاك
(ڕاجیـا)، یـار وەفـادارە مـەڵێ غەصـصابە
لێـی سـتاندم دڵو دیـن، گەوهـەری ڕۆحـی نمنـاك.

(٣)

دەست لە مل ئەی ڕەقیب، هەسـتە بـچین بـۆ دەرەك
سـوودی نـەبوو دوژمنیـی، تـالیعی پۆشـی فەلـەك
وەختی تەرەب سەربەسەر، من سـەقەرو ئـەو غـەزال
وەختی ئـەدەب دەر نـەزەر، ئـەو کـەبك و تـۆ دەڵـەك
ئەی لە دوو عالەم جەوان، هەر تۆیی وا پـڕ کـەماڵ
هەستە لەسەر تەجرەبە، مـن زەهـەب و تـۆ مەحـەك
بەحری سروشکم کە هات، مەوج ئەدا خوێنی گـەش
مەردومی چاوم ئەچێ، ڕاست و چـەپی، وەك کەڵـەك

تـاليبی دیـداری تـۆم، گێـژە سـەرم بـۆ ویـسـاڵ
هێندە گەڕاوم لە دووت، توڕڕەیی گیـان بۆتـە حـەك
دڵ بە هومێدی لەبت، هاتو لە خۆی كـرد خـەراب
خانەیی زوهدو ڕیا، كەوتە خەفـەت تـەك بـە تـەك
عەقڵو خەزانی خەیاڵ، هەریەكە خۆش گـەنج بـوون
ئاقیبەتی دامە تۆ، سـەد بەسـەدو، لـەك بـە لـەك
بـادە بخـۆ عاشـقا، شـەكوە لـە مەسـتی مەكـە
جەوهەرە بۆ تیغی عیشق، تك بە تكو، یەك بە یـەك
شەوقی جەماڵی بـەدیع، بیدعـەتی ئینـسانو جـن
(ڕاجی)یو غیلمانو حوور، عاریفو موڵكو مەلەك.

(٤)

مەبــــە بارگیرســــوارو ئەســــپی وەســـــتەك
بـــە پـــێ بـــشكێنە دارو بـــەردو كەســـتەك
لـــە قـــەد هـــاڵا، بەڵـــەك مـــاری قەباڵـــە
ســـــەرێكی پێوەدانـــــەو، ئێكـــــی بەســـــتەك
لـــە چـــاوان تـــا شـــەرابت پێگـــەیی‌و، هـــات
سووروشكو خـــوێنی چـــاوم بـــوو بـــە خەســـتەك
لـــــە داوی زوڵفـــــی گـــــیراون ســـــەرو دڵ
هـــەموو تـــەیرو تـــواری خـــستە ڕستـــەك
ئەوەنـــــدەم خـــــوێنی جـــــەرگو دڵ مـــــژیوە
بـــــە جێمـــــاوم، شـــــەپرزەو زارو ســـــستەك
گـــەلێك شـــەرمەندەیی هـــۆزو گـــەلم، مـــن
فرێمـــــداون لەســـــەر تـــــۆ دارو دەســـــتەك

کـە (پـشکۆ) ، کەوتـە سـۆزو پێـت گەشـاوە
خـەڵوز ناکـا ، بـە سـەد قـاپووت و پەسـتەک.

(٥)

دڵ لــە ختکــەی چــوو لــەتاوی گــەردن و چــاوی بەڵــەک
ڕاچــەنی گیــانم لــە خرمــەی بــازن و دەســت و مەچــەک
گــــەردەنی گــــیرۆدە کــــردم، گــــەردەنی ئازایــــە ئــــەو
گەرچی قەرزارن بـە ملیـۆن و، خـەت و خـاڵی بـە لـەک[1]
ڕاپــەڕی شــێری خــەیاڵی مــن، لــە بێــشەی پەرچــەمی
بەوری غـەمزەی دی، سەرەوژێر، بوو بـە دوو مـاری بەلـەک
تێخــچا مــاڵ و ژیــانی مــن، لــە بــانقی ڕوومــەتی
ئێـستە ئاسـوودەم لـە سـوود و دەفتـەر و قـازانج و چـەک
چــاڵ و چــک چــۆڕامەوە، چــرپەی دڵــۆپێکم نــەما
تاب و تەبسووتەی هـەژاریی، بـێ چـەکی کـردم بـە چـەک
هــەروەکو بــووکی وەتــەن، پۆشــیوییە سەرپۆشــی خــەم
تــۆش گــوڵی لێــوو دەمــت، خستۆتە ژێـر بـاری لەچـەک
گــــەر ســــەبا جــــاریێ ببزوێنــــێ چــــڵ و پــــۆپی درەخــــت
تــەیر سەرسـامن، کــە ئــیتر ناکــەوێ بـۆ میــوە پــەک
نــازەنین عــەرعــەر ئەنێــژێ، ســەروو ســونبول دێنەبــەر
زەرد ئەبن سەوزە شـەمامەو، دەسـت و پەنجـە پـێ ئەمـەک
کوا گوڵت، کوا بولبولت، کوا ئارەق و ویسکی و مـەزەت؟
چی بڵـێم! بێجگـە لـەوەی بـا هـەر بخـۆم داخـت، کـچەک

١- لەک: بریتیە لە سەد هەزار.

هێنده هاتوچووم له ڕێگەت، پڕ بە قەد کەوتوومە قوڕ
تازە دەرنایەم بە پاڵەو، پاڵو بە نوێڵو بە جەك
زامی من ناییێنە تیمارکردنو، یارم بە یار
هۆزی من ناویان جیابوو، باڵەكو شێروانو لەك
جافو، گۆرانو، بەگو، ئاغاوو، کرمانجو، گزیر
شێخو، سەیدو، سوالکەرو، پیرو، موریدو، دڵ مژەك
سوێسنیو، بلباسو، ئاکۆ، مامەشو، مەنگوڕ، بەیات
ڕافزیو، شەیتان پەرستو، ژێوو، سۆزانو، شەبەك
قادریو، نەخشیبو، چەشتیو، سوورەوەردی، وەردی سوور
شافیعیبو، مالکیبو، ئەحمەدیو، ئەعزەم سەرەك
شێخ بزێنیو، شوانو، هەموەند، دۆمو، کەلهوڕ، سالەیی
خانو، پاشاییو، وەجاخ، خەیلانو، خۆشناوو، هەرەك
ڕۆژبەیانی، داودە، کاکی، جەباری، زەنگەنە
سەمعوزێریو، ئاغەسووریو، مەند، میشن، تەك بە تەك
بەندیان، بنجوو و، ملو، میرمەحمەلێبو، میر وسوو
پشدەریو، شیلانەیی، هەم مەرگەوەڕ، هەم وەرتەرەك[1]
شێخ ڕەزایی، کاکەسووری، باجۆلێبو، ئالەمەر
جووکی، بنزێری، گلو، مەروانو، شێخانو، ڕەمەك
کیکیو، میرا، کچا، تەییاوو، هەسناو، مووسەڕەش
تۆرییو، کۆرداخو، ئۆمەریاوو، ئۆمەرکا، جمەك

---

١- وەرتەرەك: ڕەنگە تێکەڵاوکردنو دارشتنەوەی پیتەکانی وشەی (تەرگەوەر) بێت، چونکە (مەرگەوەڕو تەرگەوەر) لەگەڵ یەکتریدا ناویان دەهێنرێو لەڕووی پێناسەکردنێکی بیرساییانەشەوە بێژەی (تەرگەوەر) دەبێتە ناوێکی زیادکراو بۆ بێژەی (مەرگەوەڕ)و هەردووکیان پێکەوە باشتر دەناسرێنەوە.

گـــویی، خاوەشـــتا، گـــولی، ئالاعەباســـاوو، خـــەلیل
سندی، ئەترووشی، قوشوری، حـاجی بـەیرا، بـەز، ئەتـەك
بـــەدرخانی، کارســـا، ژیرکییـــو ، گـــەوداو، گەرگـــەری
مـــام خـــۆڕا، خاوەســـوری، مـــەکسو، ئـــەلباکی، مەحـــەك
بێـــشەباییو، گـــەژاڵی، تـــا گرافـــیو، شـــەرەفان
دۆســـکی، زێـــدان، بلێجـــان، پیرمامـــەد، پـــڕ کوتـــەك
خـــانی، ماســـیرۆ، گـــەلاڵی، گـــەردی یـــو، پنیانـــشی
ئۆرەمـــارییو، عەرووســـی، داویـــان، شـــەمزین، شـــەتەك
بـــازییو، ئـــەرگۆشو، سورچـــی، تـــا بـــە نێروەیـــیو، تخـــوب
هاجـــە، ڕێکـــانی، مـــزووری، زێتـــكو، قولیـــاو، ڕەشـــەك
بـــورجی، زێبـــاری، بـــەڕۆژی، تـــا بـــە ســـەیداو، ئامێـــدی
وەك شـــیو، هەرچـــیو، نهێلـــی، تـــا برادۆســـتو، شـــکەك
گـــەورکو، زەرزاو، هـــەوێری، بێـــژە فەیزوڵڵابـــەگی
بێجگـــە دیبـــوکریو، دودێـــری، وەك ســـلێڤانیو، شـــەمەك
پـــشگەڵیو، دۆڵەمـــەڕی، گـــەڵباخی، هـــەورام، تیلـــەکۆ
هەم غەفوری، هەم حـەوێزی، دوو عەشـیرەت یـەك گـەڕەك
پێـــت بڵـــێم تـــا تورکمـــانو، مامەســـێنیو، هـــەم ســـیان
زەندو، میـدیاوو، میکـایلی، جنـسی ئـاری پـڕ لـە چـەك
مـــەرزکی، خـــدری، دڕی، عەبـــدۆیی، ســـەیدان، مامـــەدی
کـــارداری، حەیـــدەری، ســـنگار، ساچـــووری، فەنـــەك
ســـڵەیی، لێـــوین، هـــەناری، داســـکانو، حەســـەنان
تـــا ڕەشـــاوەندو، تـــەیاریو، مامەســـالی نـــاڕەوەك

وەك چەلی، بەریاجی، مەنتك، حەوعەشیرەت[1]، ناوی گیش
مالْیان لێکجوایەزو نرخو فەسالْو سالْ، یەك
هەریەکەی ئیمڕۆ قوماندارێکە، لای ژورووی نەبێ
بۆیە پێمان وەربووە دەردی کوانە نەرمەو ئاتەشەك
پردی دونیامان پسا، بۆ پردی قیامەت کێ هەبێ؟
داکوتێ پایەی ڕەوشتو، ڕاستە ڕێگەی موشتەرەك
(سێرکساندەر)وا ئەلێ، یەك چارەکە ملیۆنە سالْ
پێشی عیسا، عیلمو سەنعەت نەبووە چەشنی دارژەك
دەبدەبەی هەندۆسی ئاریو، سینەمەی سیحری مەجەس
چی بەسەرهات، کێوەچوو، ئەو پوختەخۆرەی دووگە شەك؟
دەولْەتان، وا فیکرە کۆنەی باوکە پیریان دۆزییەوە
هێزی ئاتۆم، هایدرۆژین، کاربۆنیان کرد کەلْەك
ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوا، بیرو دەرسیان پێك ئەگوت
دەسکەلاییێك بوو لە دەستیان، چەرخو ئەستێرەو فەلەك
بەختە یاریدەی نەدام، گیانا! پەنا بۆ کێ بەرم؟
سینە سووتەی نیشتمانم، پیرەكو سیسو کوڕەك
تا شنەی باغو هەواکەی ئاوو گولْزارم نەدیت
نەمدەزانی خاکی دەروازەت بەهەشتە، ئەی مەلەك!
عاشقی تۆ دەولْەتانی عالەمن، بۆیە ئەمن
تارو پۆی جەرگم پساوە، چەندی ئەیرێسم خەرەك
کەس نەلێ سا بیرو بەندی کوردەکان کافی نییە
مەرجمەك، ناگاتە کێشی زەرڕەبینی مەرزمەك

١- مەبەست لە حەوت عەشیرەتەکەی ناوچەی ئاکرێ یە.

یوسفی میسرە ولاتم، جوانو شیرین، بێ گوناه
خەڵکە لێی بۆتە زولەیخاو، دەرگەداخەر، (هَیْتَ لَكْ[1])
گەر خوا حەزکا، لە زیندانی دووچاری دێتەدەر
چاوی باوکی گەش ئەکا، جوملەی برایانی لە تەك
تەونو بازاڕی ئەوێستامان، لە ئاوێستا نەبوو
وا بەهەشتی جوانەژن، بۆتە ڕەوشتی خشخشەك
دارە ڕووتەی مەکری شێخان، سێبەرێکی وای نییە
دڵ کە فێنك کاتەوە، بیناسە خانەی بن فشەك
ئالوگۆڕی زێڕو ئەڵماسم، بە زبڵو تۆز کرد
وشکیو تەڕ، یا بەریو زڕ، کەی قیاسیان دێ لە یەك؟!
تانەباریی ناکەسانم هاتە شان، (ژیکۆ) بەسە
ڕێچکە مێروولەت بگاتە ئاسمان، کێشەت کەپەك!!.

(٦)

ئەو کاکوڵە، ئەو زوڵفە پەرێشانە موبارەك
لەو گەردنە، لەو عاریزە تابانە موبارەك
ئەی بولبولی پڕ شۆڕو فوغان، هەستە سەحەر هات
سەودایی گوڵو گوڵشەنو ڕەیحانە موبارەك
سووتا لە هەواگرتنی ئەو شەمعە، دڵی من
سۆزو ئەلەمی عاشقی پەروانە موبارەك
وەستاوە چ مەستانە لە قاپی هەوەسا، ڕۆح
بەزمو تەرەبو ساقییو مەیخانە موبارەك

---

١- هَیْتَ لَكْ: وەرە، بێ.

مــن کولبــەیی مــەحزوونیی و، تــۆ قەســری بڵنــدت
بــۆ هــەردوو، هــەوای کولبــەوو کاشــانە موبــارەك
ئــازاری جگــەر زۆرە، لــە دەس بەچــچەیی تورکــان
ئــەو خاڵــە، لەســەر عــاریزی جانانــە موبــارەك
(ڕاجی)! کەگەیی دەستت، بە شیرین کەمەری دۆست
وەصــــڵی تــۆ بــە دڵــدادەیی تاقانــە موبــارەك.

(٧)

شێری غــەمی ڕووت، وا لــە دڵــی خستووە چرنووك
پێســتی ســەری دامــاڵی بــە فرمێــسکی بــەلاڵووك
هەرچــی هەمــە پێشکێــشی دەمو، ڕیــشوەتی زوڵفــە
دڵــدار وتوویانــە: ئــیتر کــەر کــوڵو، بــار ســووك
خەنـــدەی کـــە ئەهۆنێتـــەوە زنجـــیری ددانـــی
شــۆراوە، دوڕو گەوهــەرە، نــەك دانــەیی چــەڵتووك
شــیعری منــە تــازەو تــەڕو، هەڵبەســتی لەمــەوپێش
خۆشــم کــە ئــەوێ، شــێوەیی بــەربووك لەبــەر بــووك
ســینەم بــە خەفــەت داقڵەشــاو، کورتــە پەراســووم
وەك پــشت چــەمی مامــەوە چــرچو کــزو بــێ تــووك
قوربــانی دەمو دیــدە، چ (بەســـرا)وو چ (بەغـــدا)
پێشکێشی مەمو سینە، چ (هەولێر)و، چ (کەرکووك)
تاکــەی تــو خــودا، دیــدە دڵــم دادەخورێنـــێ؟
شــاماری، دەمــارم دەگــرێ، پەرچــەمی گــازووك
تینوومــە، بــە جــامی دەمو مەیخانــەیی چــاوان
برســیمە، بــە نــارنجی مــەمو کوڵمــەیی ئەســتووك

گیـــــانی لــــە تــــەنی زارو برینـــــدارم دەرێنــــا
شـابازی مــوژەو چـاوی، بــە چــەنگاڵو بــە دەنــدووك
ســـەر مـــەغزی پـــژا، نـــاوکی هێنایـــەوە نێـــرگس
دڵ فرچــکی گـــوورا، بــە هــەوای ســونبولو خڕنــووك
داخـــی جگـــەرم، ڕەنگـــی گـــەشو ئـــاڵی بـــە ڕوو دا
لەو زوڵفــەوە، کەوتوومــە جــەفاداری یــو بــەر تــووك
ئـــەو عالەمـــە کۆبۆتـــەوە ســـەر ئێمـــە بـــە تـــێلا
لێـــدەن، بکـــوژن، عاشـــقی یـــەزدانییو مـــەهتووك
حــاڵی مــنو دڵ، عیــشقو قــەدت، نایەتــە پۆشــران
وەك چــۆلەکە ســۆفیلکە، لەبــەر هەڵمــەتی باشــووك
(پــشکۆ) بەســە، ئــەم غالیــەوو دووکــەڵی میــسکە
یا خوێنی سیاوەحشە، بە دەم ڕۆستەمی سەرسـووك؟!.

(٨)

نەغمــەو تــەرەبو تــارە، ئــەوا گەیوەتــە تــا تــووك
گوڵگەشــتی بــەهاریی، وەرە، هێناوییــە ســەد بــووك
نــەختێ لــە گــوڵو ســونبولی دوو لێــوو دوو زوڵفــت
بڕژێنـــە بەســـەر خـــاکی دڵـــم، بیکـــەرە مـــەملووك
ڕۆحــم لەســەراپەردەیی عیــشقت، بــە هــەوەس هــات
ســەد قامــەتی ئــازادی، بــە تــۆ کــردووە مەشــکووك
دامنـــاوە لەســـەر پەنجـــەیی دیـــن، جـــامی لەبالـــەب
مــورغێکی برینــدارە، بــە جامــێ بــووە مەشــبووك
گــەر گەنــدومی خاڵــت نــەدەبوو، ئــادەمی ئــەڕواح
هەرگیز نەدەبوو، دڵـگری سـەد خەرمـەنی چەڵتووك

زوڵفــی ســیەهت، حــازری هەیجایــە بــە هــەر ڕوو
چارەی نییــە ئــەو مــارە، لــە ئــەم گەردنــە وا ســووك
(ڕاجــی) لــە ڕەقیــب تێپــەڕە، بــا هــەر بــوەڕێ ســا
یا چارەیی سەگ سەهلە، بە یەك نیوەیی ئەســتووك؟!.

(٩)

لــە دونیــا، هــەر دڵــی عیــشقە ســەمەندۆك
تــەنی پــیرو ڕزیــوو وشــكو قرچــۆك
ئەســیری زەلزەلــەی چــاوی نیگــاران
تــەوەللا بــوون لەســەر پەنجــەی ترنجــۆك
کــە دەرمانــاوە نەشــئەی بــاغی جەننــەت
نیــشانەی کەوســەرە ئــاوی (چــنارۆك)
چــەمانی (کۆیــە)، فــەخری ڕۆحو ڕەیحــان
شــەرابو شــیرە سەرچــاوەی (حــەمامۆك)
وەرە ســاقی، بــە نەشــئەی دەســتو پەنجــە
وەرە موتریــب، بــە ئــاوازی ڕەبــابۆك
لــە بــەزمی قامــەتی ســەروی خــەرامان
چــراغی شــاهیدانی بــاغی بــابۆك
بــە نوکتــەی تــازەیی بــاریکی (ڕاجــی)
سەری بــووکی مــەعانی کەوتــە ســەر چۆك.

(١٠)

دڵو شــەرمو حــەیام، ئاویتــە کەنــدێك
لــە پەرچــەم تــا گوشــابێ ســووکە بەنــدێك

شـــەوو ڕۆژم نـــەدی، ئـــەی یـــاری عـــەییار
لـــــە قاپیتـــــا، نـــــەناڵێ دەردمەنـــــدێك
ئەوەنـــدەی ئـــاوی چـــاوم ڕشـــتو گریـــام
خـــودا نەیـــدا لـــە لێـــوت دانـــە قەنـــدێك
نـــەویتر بـــوو لـــە خـــاکی پێیـــەکانت
کـــە ســـاتێ موبتـــەلای تـــۆ بـــوو بڵنـــدێك
خـــەیاڵم بـــوو، لـــە ڕووتـــا شـــاد بکـــەم دڵ
بـــە قرچـــێ، مـــەنعی کـــردم ناپەســـندێك
خـــودا حیفـــزت بکـــا ئـــەی شـــۆخی شـــیرین
نـــەبینی قـــەت لـــە دونیـــادا گەزەنـــدێك
عەجـەب ڕێـــییێکە ڕێگـەی وەســـڵ، جانـا!
بە ســەد پـێ دەرنەچـوو غـەڕڕا سـەمەندێك
بـە شـوعلەی کوڵمەکـەی جانانـە، سـووتان
بـە کۆمـەڵ عاشـقان، هـەروەك سـوپەندێك
لە سەرفی کـاری عیـشقو جـەورو هیممـەت
وەکـو (ڕاجـی)، کەسـێ نەیـدیوە ڕەنـدێك !!.

* *

## -گ-

### (١)

نییە بێ ڕەحمی وەکو تۆ، نە لە موسلیم، نە فەڕەنگ
تالیبی قەتڵی منی تۆ، بە خەدەنگو بە تفەنگ
نایەوێ شۆرو فوغانی منو، دڵتەنگیی تۆ
مالیکی ڕۆحو دڵی تۆ، چ بە سوڵحو، چ بە جەنگ
شێوەیی پەرچەمو لەعلی لەبەکەت، نەمدیوە
هیچ شتێکی لە جیهانا، چ بە بێنو چ بە ڕەنگ
بادەیی چاوی سیاهت، لە لەبی عوشقاقان
تا ئەبەد سارییە، بێ وەسفە، بە زوو یا بە درەنگ
هێندە موشتاقە بە ماچی لەبەکانت، دڵی زار
تۆش بەیەك غەمزە ئەکەی کەسری، وەکو شوشەوو سەنگ
ماسییە عاشقی غەمبار، لەناو بەحری فەنادا
کوا ئەگەر گەوهەری وەصڵی تۆ ببێ کامی نەهەنگ؟
(ڕاجیا)، کەی ئەگەیە مەنزڵی جانانەیی یار؟
بەم هەموو باری غەمو، غوصصەوو، بەم لاشەیی لەنگ.

❊❊

-ل-

(١)

به بێهۆشی بەسەرچوو عومری شیرینم، دڵی پەل پەل
کە ئەم پاوانە هەرلا، بێ بەها پێی وەربووە مێگەل
کە دڵبەر دەستی مەقسوودی نەگرتم، وەك سەبا ڕۆیی
لە زستانا بە ڕووتی مامەوە وەك دارەکەی سەرکەل
هەموو کاری لەدڵ بردوومە دەر، غەیری خەیاڵی خۆی
بەجارێ دینو ئیمانی وەکو دڵ کردووم ماتەل
بە عەییاری، لەڕووی هەڵدایەوە پەردەی حەیاچوونم
لە هاوینا بە تینوویی، لە پێ کەوتم وەکو خەرتەل
لەسەر کوڵمەی بە فیکرێ گەردنی کێشاوە، شاماری
کە دەم دەم، لاسەری سیحری ببزوێنێتو بگرێ مەل
ئەجەل هەرچەند ئەکا ناگاتە من، ئیمڕۆ بەجێماوە
قوڕی بە گوێ، هەتا ئەو ڕا ئەکا، چاتر دەبەم مەحمەل
بەگوێرەی خۆشەویستی، پێی ئەوێ (ڕاجی) دەماغی وشك
کە یاری نازەنینی، هەدیەیی ناکا بە یەك حەنزەل.

(٢)

لە تەنگیی دڵی بیمارە، شێوانی کاری گەل
بە داخی جگەر داخداخە، ساراوو شاخو کەل
بەکارم نەدی جێگەو ڕەزو باغو باغەوان
لە سیرۆچکەوە خنکام، میوەی لقو سەرپەل
نە ئاوی ژیانم پێگەیشتو نە نانی مەرگ
وشك بوومەوە بێ ئاوو نانو، لە خۆمم چەل

نە کوڵمەی گوڵی هۆزم ئەپشکوت، نـە هـەڵوەری
نە سۆزی وڵاتم هاتـە جونبـوش، نـە دەخـڵو خـەل
هەموو کانو گەنجم کەوتە دەست خـەڵكو تێپـەڕی
نەکەس دێتە هاوارم، نە دەمکا خەفـەت پـەل پـەل
ڕەشو ڕووتو بـێ شـوێنو هـەوارم، خـوڵابڕاو
کـە ڕەنجـاوو بـێ قـازانجو مایـەم، چڵەو خەرتـەل
نـە بـاوکم بـەکارهاتو، نـە عـەقڵو نـە هێرشـم
بەجێمام لەسەر مەیـدانی پێویسـتو، قاچـم شـەل
هەتا کاکی خۆم خۆی کاتە مامم، عەدوم بە خـاڵ
بەسـەد بـیروڕا چـارەم نییـەو قورعەمـە پیرقـەل
خـەتای خۆمـە بێنـازم، کـە بـازم بـە کونـدەبوو
فرۆشتو، ئەویشم وەرنەگرتو، لـە مـل مـا تـەل
مەتەڵخانەکـەم هەڵنایـەنێ، کـوركو هێلکئاوێـژ
لە خۆوەش کە هەڵبێ، بـۆ پـشیلەو سـەگانو قـەل
بلێ کاکـە (ژیکـۆ)! سـا هـەتا مـاوی بـێ مـاوە
هەڵەو گوفتی بێ مەعنا، هەتا دێتە دەستت هـەل.

(٣)

ئەی بەڕوومەت ماهی تابـان، وەی بـە بـاڵا موعتـەدیل[١]
وەی بە سیما ئەهلی جەننەت، چاوەکەت کەوسـەر خـەجیل

١- هەموو دوا سەرواکانی ئەم هۆنراوەیەو چەند وشەیەکی دیکە وشەی عەرەبین، بەپێویستمان زانی لێرەدا واتایان لێکبدەینەوە:-
(مُعتَدِل: ڕێكو ڕاست، مامناوەندی)، (خَجِل: شەرمەزارکار)، (تَبَسُّم: زەردەخەنە، بزەی لێو)، (مُنفَعِل: هەڵچوو، خرۆشاو)، (مُنتَقِل: ناجێگیر)، (مُشتَغِل: کارکردە، کرێکار، سەرقاڵ)، (مُشتَعِل: داگیرساو، گڕگرتوو)، (تَجرِبَة: تاقیکردنەوە)، (بَهِل: کردنی هەر شتێك کە بخوازرێ بکرێ)، (عُنّاب: دارێکە بەرەکەی وەکو بەری زەیتون وایەو سوورو شیرینە)، (مُشتَمِل: پێکهاتوو، لە خۆگرتوو).

غونچە لەب کەی دێ؟ بەخەندەی شەککەری گوڵڕەنگەوە
بولبولی ئاوارەکا، تا یەك تەبەسسوم مونفەعیل
کەی لە سایەی ڕۆین و گرژینەوەت دەگرم قەرار؟
تا لە کۆی دەردی فیراقت، دەم بەدەم بم مونتەقیل
ساقیا! توخوا لەبادەی چاوەکانت پڕکە جام
هەروەکو مەستانی قەدرت، بمکە جانا موشتەغیل
نیو نەزەر، گەر بێیە سەیری ئەم هەژارانەی فیراق
چلچرای کوڵمەت ئەکەی بۆ دەردەداران موشتەعیل
کێ هەیە پەروانە ئاسا، دڵ نەسووتێنێ لە دووت؟
هەستە سا بۆ تەجرەبە، جانا تۆ شەمعی ڕوو بەهیل
دیدە عوننابم، لەسایەی جامی ئاتەش ڕەنگەوە
هەروەکو (ڕاجی) کە جەرگی بوو بەسەد خوێن موشتەمیل.

**

-ڵ-

(١)

نــــازكو شـــیرینو خـــاوەن نـــازو حـــاڵ
گوڵبـــەدەم، ڕەنگـــین قەڵـــەم، مـــەم پرتـــەقاڵ
لەب مەحەك، زیوین مەچەك، گەردن لـە چـەك
زوڵفـی سـونبول، ڕوومـەتی گـوڵ، نافـە خـاڵ
خـــوابو خـــۆراكم نـــەماوە، چـــاوەكەم
چـۆن دەكـەی مـەنعم لـە گریـەو ناڵـەناڵ؟
ڕێگـــە نـــادەی، جێـــوو ڕێو عـــیلمو ئـــەدەب
هـــیچ نـــەبم، دەروێـــشمو دێـــم بـــۆ ســـواڵ
وا لـــە خـــۆم بێـــزارو، مـــەرگم، دەی ڕەقیـــب!
حاجـــەتی ناكـــا، بـــە تەعنـــەو گاڵـــەگاڵ
خـوێنی دڵ، گـەر هاتـە سـەر كوڵمـەی گـوڵم
دەیـسڕێ زوو، ئـەو بـە زوڵفـی پەشـتەماڵ
(ڕاجیـــا)! دایـــم دەســـووتێ ئـــاگرم
دانـــراوە بـــەختی ســـەختم، وشـــكە ســـاڵ.

(٢)

دوو چـــاوم وا ئەگریـــەن ئاسمـــان حـــاڵ
ســـبەینێ یـــاخوا بیكاتـــە ســـاماڵ
حەبیبـــەم ڕۆژی ڕووی هـــەڵكا بەخۆشـــی
دڵـــی پەروانـــە، بیـــسووتێ پـــەڕو بـــاڵ
ژمـــارەی نایـــە ڕۆژانـــی فوغـــانم
بـە مـن مـەیلی نەفـەرموو، شـۆخی چـاوكاڵ

ترازانـــــدم قـــــسەی تـــــەرزی جـــــەماڵی
پەشـــــۆکاندی دڵو دیـــــن، کـــــارو ئـــــەحواڵ
خوداگرتوویـــــە هەرکـــــەس ڕووی نـــــەداتێ
لـــــە قاپیـــــدا بناڵـــــێ، یـــــاری منـــــداڵ
هـــــەموو قڕبـــــوون جگـــــەر ســـــووتاوەکانت
لەســـــەر ماچـــــی ســـــەنەم، هەڵمـــــەگرە ئۆبـــــاڵ
مـــــەڵێ تـــــۆ گـــــاوری، ئێمـــــەش موســـــڵمان
بـــــە یـــــەك ڕێکناکـــــەوێ، زوننـــــارو دەسمـــــاڵ
ئەگـــــەر ســـــەد حەلقـــــەیی وەرعـــــم لـــــەلا بـــــێ
لـــــە پێـــــی زیـــــوینی، مـــــن ئەیکـــــەم بـــــە خڕخـــــاڵ
لـــــەلام بێهوودەیـــــە (ڕاجـــــی)، مەشـــــایخ
ئەگـــــەر بفـــــڕن بـــــە بـــــاڵی پەشـــــمو بـــــەرماڵ !!.

(٣)

بەفیـــدای چـــاوی خومـــارت بمو، کـــاکۆڵو جـــەماڵ
ئـــاگری خـــستە هـــەناوم، بـــە خـــودا تـــاوی خـــەیاڵ
نابڕێ حوسنی تۆ ئەی دۆســت، وەفـــایێ کـــە بـــە مـــن
تـــا قیامـــەت بکـــشێ، گـــەر بـــە خـــەرارو بـــە جـــەواڵ
بۆســـەیێکم بدەیـــە، بمکـــوژە ئـــەمجا بـــە هـــەوەس
چاکە بۆ هـــەردوو تـــەرەف، خـــوێنو جینایـــاتی حـــەڵاڵ
بـــە دزی کوشـــتمی ئـــەو یـــارە پـــەری ڕوخـــسارە
قـــاتیلی مـــن، نییـــە ســـۆراخی لـــە لایـــێ بـــە دەڵاڵ
جگـــەری تـــازە لەســـەر ئـــاگری ڕووی دانـــاوم
بۆیە سەر کولمەی، بـــۆ زولفـــە دەکـــا ســـازی شـــەماڵ

قــەدەحی دڵ لــە دەروون دەرچــوو، شــکا، بــادە ڕژا
بە بەتاڵی چییە قــازانجی، خــودا، جیــسمی ســەفاڵ؟
حەلقــەوو ناڵــەیی عوشــشاقە، لــە دەورەی حوســنت
مەگەســـی زۆرە، بـــەڵێ، میـــوەیی دوکـــانی بـــەقاڵ
دەمو ساعەت، بــە خــودا، مەســتی خــەیاڵاتی ئــەتۆم
نییە قەت سەبرو قەرارم، نە لە سەحرا، نــە لــە مــاڵ
حــاڵی مــن دوورە، لــە ئــەحواڵی نیگــارانی بــەدیع
چاکە نەدوێم وەکــو (ڕاجــی)، لــە خــەیاڵاتی مــەحاڵ.

(٤)

ڕێــم نییـــە، ئاســـوودە ســـاتێ دابنیـــشم بـــێ خـــەیاڵ
دەســت ترازانــدن لــە عیــشقت، بۆتــە فکرێکــی مــەحاڵ
من بە دیدەی نێرگسی، گــەردەن کەچــم، دەســتەو نــەزەر
تۆ بە شوعلەی خەنــدە ســەندووتە لــە عالەمــدا کــەماڵ
گوڵ ڕوخی، دەم خونچەیی، نم عارەقی، قــەد یاســەمەن[١]
لالە گەردن، ســینە مینــا، زوڵــف موشــکین، دانــە خــاڵ
کـــاکۆڵو ئەگریجـــە داوە، تیروکەوانـــە دوو بـــرۆی
چـــاوەکەی نێـــچیرەوانە، بـــۆ دڵو گیـــانی غـــەزاڵ
مـــن لـــە دەریـــای بێکەســـیدا غـــەرقمو، گێـــژی فـــیراق
تۆ بــە غــەوواســیی، دەخیلــت بم، وەرە ســوویی ویــصاڵ[٢]
شێوە حۆری، مەست ساقی، لەنجە کەبکو، پــەڕ پــەری[٣]
کوێرە دیدەی دڵ لە ڕووتــا، خێــرە مــاون عــەقڵو حــاڵ؟!

---

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (گوڵ ڕوخو، دەم خونچەوو، شەونم عەرەق، سەبزی کەوا).

٢- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (تۆ بە غەوواسیی، دەخیلت بم، وەرە ڕێگەی ویصاڵ).

٣- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (شێوە حۆری، خاوەنی مەی، لەنجە کەبکو، پەڕ پەری).

دەفتەری دیداری من سووتا لە کوورەی دووریا
دەستی من دامێنی تۆ، ئەی یاری سەرتاپا جەماڵ
ڕۆژی جێژن‌و گەشت‌و سارایە لە یاران، (ڕاجیا)
قوڕبەسەر من، کونجی گریان بۆتە خانەم مانگ‌و ساڵ.

(٥)

ئەگەر دەستم کەوێ یاران، نموونەی خاڵ‌و چاوی کاڵ
بە جەننەت نافرۆشم، تا ببێ جێی عالەمی ئۆباڵ
هەمە من مەیفرۆشێ، گیان بە قەترێکی دەکا داوا
گەلی عاشق موهەییا بن، گەلێ هەرزانە مەی ئەمساڵ
خرۆشی عالەمە هەرلا، پەرێشانیی لە پەرچەمدا
هەموو حیرەت زەدەن لەم سونع‌و کەونە، عالەمی ئەحواڵ
کە دەستەی عاشقانی دی، بە گوێرەی چاوی بیماری
دەگێڕێ سا بە ناویانا، غەم‌و دەرد و بەڵا دەرحاڵ
ڕەقیب داوای بە قەتلی ئێمە کرد تا تێر ببێ، پێم وت:
لە پاش فەوتانی من، کەی تێر دەبی تۆ ئەی کەری دەجاڵ؟
کە هات دلبەر بە کوشتاری غەریبان، جێ بەجێ هەستام
لە پێش هاتن، بەگوێما هات نەوایی هاتیفی خڕخاڵ
کەسێکی تر وەکو (ڕاجی) نییە گوێگر لە فەرمانت
کە بۆ کێشانی نازو میحنەتی تۆ، هەر ئەوە حەمباڵ.

(٦)

دڵ پڕ خەم‌و خوێناوە، جگەر لەتلەتە، ئەی گوڵ
دەرچوونی لەناو داغی غەمت زەحمەتە، ئەی گوڵ
ڕۆژو شەوی هاوارە، کە وا بولبولی پڕ زار
لەم باغە مەگەر مونتەزیری ڕەحمەتە، ئەی گوڵ

ئـــەم ســـونبولی گێـــسووتە، بـــە ڕەیحانـــەیی کـــاکۆڵ
سروەی هەوەسی لەو دەمی وەك غونچەتە، ئـەی گـوڵ
ســـەد عـەرعـــەرو شمـــشادی حـــەبیبانی گوڵەنـــدام
سەف بەستە، هەموو تالیبی یەك خزمەتە، ئەی گـوڵ
سەد سەڵتەنەتی ئاصەفو، ســەد مــوڵکی ســکەندەر
خـــاپوورو پەرێـــشانی نمـــی کوڵمەتـــە، ئـــەی گـــوڵ
ســـەد ڕۆحـــی فەرامـــەرزو، دڵـــی ڕۆســـتەمی دەســـتان
ئاوارەوو گومگەشـتەیی نیـو عیـشوەتە، ئـەی گـوڵ
(ڕاجـــی) عەجـــەبا هێنـــدە گرانجانـــە لـــە عیـــشقا؟!
سەد دەفعە کوژا بوو، دڵو جان سەغڵەتە، ئەی گـوڵ.

(٧)

وەك بـــرایم، ئـــەو کەســـەی نامـــە قەڵاندۆشـــانو کـــۆڵ
پێـــی گـــەڕام دێهـــاتو شارســـتانو ســـەحراو کێـــوو چـــۆڵ
گـــەڕ دەبـــوو، گـــەر مـــن نەبوومایـــە بـــەخێوی ئـــەو گـــەڕە
ئێـــستە وا چـــابۆتەوە، کەوتۆتـــە لۆمـــەو بۆڵـــە بـــۆڵ
ســـەیری ڕۆژانـــی بەشـــەر، ســـەیری وەفـــاوو پیـــاوەتی
سەیری دەستاودەستی بیرو، سەیری گورگان، کـاری[1] هـۆڵ
ســـێبەری داری وەفـــا، وەك ســـوورەتاوی نیـــوەڕۆ
دائـــەخا کـــوورەی هـــەناوو، ســـەر ئەکاتـــە تـــۆزو خـــۆڵ
ئەو کەسەی ئەمکردە شان، وەك تەپڵی مەیموون هەڵپـەڕان
ئێـــستە پێویـــستی ئـــەزانێ، لێبـــدا بـــۆ مـــن دەهـــۆڵ

١- کار: مەبەست لە کاریلەیە.

پێ بەکۆتو دڵ بە غـەم، سـەر کـز ئـەبوو وەك کونـدەبوو
مـــن دەرمهێنـــا لـــە دەســـتی دوژمـــنو کـــاری هـــەڵۆڵ
بۆچـــمە، مـــاڵو ژیـــانی پـــڕ لـــە ئاشـــووبو گـــڕێ؟
بۆچـــمە، تاییـــك تـــەرازوو ئـــاگرو، تاییـــك ســـەهۆڵ؟
لــەم هــەموو بــەزمو هەرایــە، بــۆ ســەرە تێکــدانی کــار
(باجی سـەلمە)ش بـێ قـەزابێ، لـێم بـووە پـوورە جـەمۆڵ
تـا وەزیـری نیوەشـەو (دایـە گوڵـێ)بـێ، مـوژدە بـێ
بـا کـچو ژن هەڵپـەڕن، خڕخـاڵ لـەپێ، بـازن لـە قـۆڵ
وا گەلاوێژ کەوتە بەر شـەو، پێـروویش هێـشووی گەیـشت
هێشتە میوەی بەختی مـن نـەبووە مـزر، یـان ئـاڵو بـۆڵ
وەك فریشتەی هـۆزی کـورد هەسـتامەوە، ڕامکـردو دیـم
جون بە جون دێـنو دەچـن ئـەم ڕەنجبەرانـە، گـورجو گـۆڵ
بوومە (پشکۆ)ی عەردو بـەفری کێوانـەکان ڕەش بوونـەوە
بــووکی شــادیم ســوارکرا، نــەورۆزی ژیــنم گرتــە کــۆڵ.

❊❊

-م-

(١)

ئەی سەبا! جارێ لە باسی ئەو گوڵەم بدوێ بە کام
تا ژیانی بولبولان، بێنێتە باخو سەر شەقام
پەرچەمی پەرژینی لادەو، چاوو دڵ پڕ ژین بکە
قامەتی ئەو سەروە بادەو، بادە بێرە پڕ بەجام
مەشقی پشکوتن بکا خونچەی دەمی، سا دەم بەدەم
پێکەنینی، ئارەقی گریان بخاتە ژێرو فام
هەستە، هەستی هێزی شۆڕشگێڕی چاوانی بکە
تەیرو بنیادەم ئەخاتە کوشتو بەستو، ڕاوو ڕام
لێوی هەڵبێنێ بە تەفرەو تانەبازیو نازو نووز
هەر گورۆی خۆی باتەوە، نەوتول نەمامی خۆش خەرام
بێتە پێشبڕکێ، لە مەیدانی نیگاریو دڵبەری
ئاخو داخی پێوەنێ، جەرگو دڵی ژێرو نەفام
بۆ هەوا، چێژی لە چێشتەنگاوی کولمەی هەڵبدا
ڕۆژی جەژنی ئارەزووی سووتاوەکانی نابەکام
تا بە موقناتیسی چاوی، ڕابکێشێ مامو خاڵ
کارەبا کا، دەردی قڕژاڵی دڵانو کۆنە زام
بێتە دەسبازی بە زەبری غەمزە خوێنڕێژی بکا
دوژمنی باب کوشتەشی هاوار بکا، من ئاشنام
تاوەکو داگیر ئەکا ماڵو سەرو، دنیاوو دین
تا بەزاری خۆی ئەڵێ، من پادشاهی بێ سوپام

لێــــوی ئەتڵەســــباری یـــــارم، ئێـــــك‌و دوو
قیمــــەتی نابـــێ عێــــراق‌و میــــسرو شـــام
زۆر بەتونــدی، هــەر کــە دڵبــەر خــۆی شـکاند
لەشـــکری غــــەم هێرشـــی هێنـــا بەســــام
بمکـــوژی، مــــن ڕۆژی مەحـــشەر تـــالیبم
ماچـــی دوو لێـــوت، لــــەباتی ئینتیقــــام
ئیحتیمـــالی جـــەنگ‌و عوشـــرەت، بــۆ حیجـــاب
چــونکە موشـــکیل دێتـــە بەرچـــاوم، مـــەقام
زۆر ئەترســــم، وەختــــێ تووشـــت بم لـــە ڕێ
بێتـــە لـــەرزین قامــــەتی ســـەختم، تـــەمام
نـــاتوانم، گـــــەر قـــسێکت پـــێ بڵـــێم
گەرچـــی جێگـــەی عیـــشقە تـــەتویلی کـــەلام[1]
ڕادەبــــووری، نیـــــوە غـــــەمزەت پـــــڕ دەکـــا
خانـــــەیی دڵ، زەخــــم‌و خــــەرق‌و ئلتیــــام
مـــەردومی چـــاوم غوبـــاری عیـــشقی گـــرت
کـــەی مونـــەووەر بـــێ، بـــە تـــەنویراتی جـــام؟
ڕۆحـــی (ڕاجـــی)، وا لــــە تووبــــا بەســــترا
جیــــسمی بـــێ ئیحـــساسی مـــاوە، وەســــەلام.

(٤)

لــەم ڕێگــەیی عوشــشاقییە، تێــچووم‌و نەڕســکام
لــەم حــوجرەیی بێدەنگییــە، هــەر چـابوو نەفــەوتام

١- تەتویلی کەلام : درێژ دادڕی، درێژەدان بە قسە.

یارم بە نەزەر، ئەرزی پڕی نوورو زیا کرد
من لەم یەمی حەیرانییەدا، بۆچی نەخنکام؟!
ئەی لالەڕوخو، خونچە دەمو، سینە سورەبیا
والەم[1] لە کەناری چەمەنت، ماتو سەراپام
سەرکەوتی لە کێوانی سەماحەت بە مەلاحەت
بەم زەخمی گران هاتمو، داکەوتمو وەستام
پەیکانی نەزەر، کونکون ئەکا سینەیی پڕ شۆر
خەندەی لەبی گولڕەنگی، ئەبا ئاوی دڵی جام
ڕووی سووری کە هێنایە نەزارەی مەلەكو موڵك
دڵ، زارو برینداروەو بێ ڕەنگە موحەبیام
دەشکێ لە بەها موشکی خەتا، بەم سەرو زولفە
هەر وەك دەشکێ وەختی تەماشا، قەدو باڵام
پڕ حیشمەتە، پڕ نازە، سەرئەفرازە حەبیبەم
چەند نازکە، چەند چاپکە، ئەو مەهوەشی گوڵفام
تا جۆشی نەدا ئاگری پڕ شۆڕشی، نەیوت:
(ڕاجی)، وەرە سەر عیشق پەرستیی سەرو سیمام!!.

(٥)

کوردستان! تاکەی لە داخت، خەت خەتو پۆڕینە بم
وەك چەماوت چەم لە چاوو، وەك چیات نەخشینە بم
وەك بەهارت شێتو هارو، چەشنی زستان ئەشکبار
پایزە پڕ شینەبم، هاوینە گەرمەو شینە بم

---

١- واله (والە، ولهان): شێتو شەیدا، دێوانە.

خۆم لە بیر خۆم چـوومەوە، سـەودایی ڕووتم، پـێم بڵـێ:
کوولەکـــە شـــیرینە بم، یـــا کۆڵەکـــە زێڕینـــە بم؟!
من لـە نێـوان لوتـفو قـەهرت مامـەوە، بـەم وامـەوە
کـــۆترە نوورینـــە بم، یـــا کۆتـــەرە نارینـــە بم؟!
تـا بـە دەسـتی خەڵکـەوە، پێـچاتەوە زامـانی کـوڵ
لێمگــەڕێ پــێ چــینەبم، تێــچینە بم، لــێ چــینە بم
تاجی ئەڵماسو گوهـەر تـۆ ناتـە سـەر دوژمـن، ئـەبێ
نۆکـــەرە ڕەنجینـــەبم، یـــا جۆکـــەرە گەنجینـــە بم!!
ناتەوم گـەر بـاشو گـەر بـەد، ژێـرە کـوڕ بم یـا خـولام
توتنـــە بەنگینـــە بم، یـــا گوڵـــشەنە ڕەنگینـــە بم!!
دامـــرم چـــاکە، وەکــو کــوورەی خــەڵووزی شــاخەکان
پێـــڕەوی ماکینـــە بم، دارینـــە، یـــا بەردینـــە بم!!
بوویـە میراتێـك، چ عـورفو شـەرعو قـانوونی نـەبوو
ژینـــی ئـــەم ئایینـــە بم، پـــەرژینی ئـــەو لادینـــە بم!!
بۆچ لە بـیرت چـۆتەوە شـاخ تاشـییو، تووشـم ئەکـەی؟
کینـــە بم، مولکینـــەبم، خۆڵینـــەبم، کۆڵینـــەبم!!
باوكو دایکم بووی، هەموو خوشكو برامت دانـە خـەڵك
نـیم خـاڵی بـۆ منـاڵێ، مـامی یـا خـاڵی نـەبم!!
تـازە پـێم ناسـێندرێ، پێـشم سـپێرن سـوێندی پـیس
پاڵـــەیی هۆزینـــە بم، یـــا ماڵـــەیی تۆزینـــە بم!!
لازمـت گێـڕا لەسـەر باسـكو دڵـم، بـۆ دوژمنـت
بـۆ پـێڵاو پـەل پینـە بم، یـا بـۆ پـڵاو پەڵپینـە بم!!

چــارەڕەش خــۆمو براکــانم، لــە تــاموبۆی ژیــان
قەت نەبوو خرسی نـەبم، برسـی نـەبم، پـڕ سـینە بم!!.

(٦)

لــە خوتتــەی عیــشقدا، بـا دەربــەدەر چــم
لــە پــێ کــەم بەنـدی ناشـادی، بـە سەرچـم
زەمــان گــەر ناموســاعید بــێ بــە ڕوومــا
بــە ناکــامی، لــە ســکیا بــا لەبەرچــم
لــەلای ئــەو شــۆخە، جـارێ گــەر خەبــەر بــێ
ئــەبێ بــۆ گەردوشــی شــامو ســەحەر چــم
ئەکێــشێ ڕیــشەیی ڕۆحــم، نیــازی
ئەگــەر بــێمو بــە گــوڵزاری نــەزەر چــم
کــە تــیری خــستە نــاو ئــەبرۆ، بــە قــەتڵم
موحەققــەق هــەر دەبــێ بـۆ ڕووی ســەقەر چم
لــە پەنجــەی گــەر تکـا خــوێنی کــوژاوان
منــی بــێ کــەس، مەگــەر شایــستە دەرچــم
خــــەتایێکی نــــەبوو چـــاوی حەبیبــــەم
کــە مــن بــۆ زەلزەلــەی دارولقــەدەر چــم
ئەمەنــدە بێتــە کوشــتن یــار، ئــەبێ مــن
بــە قوربــانی کــەمو، ڕووح، بــێ سـوپەر چـم
لـــــەلای ئاوێنـــــەڕوویانی زەمانـــــە
بڵــێ (ڕاجــی): منــی شـیفتە جگــەر، چــم؟!.

(٧)

له جابولْقـای[١] فـەنادا، بـێ کـەس‌و ئـاوارە تـا مــردم
بە شاماری زبەرجەد[٢]، ڕیسی ئـاهی ڕیـشی هـەڵکردم
بــەهارێکی بــە هــاوارو ئەلــەم هاتۆتــە بەرچــاوم
لــە مەیــدانی هــەبادا، ئەرخــەوانی کێــوی هــەڵگوردم
دڵــی گــەر نــاگزورە وشــکە ســۆفی، بێتــە لام ســاتێ
بەفرمێسکێ کە بێتــە چــاوەوو تــەبعی شــەکەر خــوردم
تەڕو تازە نەمامی شۆخی چاومەســتم، کــە عیــشوەی دا
حیجــابی دڵ بــە سێــسەد پــەردەوە، بەرچــاوی لابــردم
بە فانۆسی مەحەببەت، گەر نەبینم کـاخی ئـەو شـۆخە
لــە مــەعنادا درشــتم هــەروەکو کــەیوان‌و، نــەك وردم
ســپی چــاوە کەســێ، یــاری نیــشانی دڵ نــەدا جــارێ
وەکــو مــن دێتــەدەر ئــاخیر، کــە دامــردووم‌و ڕابــردم
نیگارا! ڕەحم‌و ئینسافت لـە دڵ دەرچـوو، بـەبێ ڕەحمـی
بەســەرتاپایی (ڕاجــی)دا بفــەرموو، وا ئــەڵێ: پــردم.

(٨)

سویــچێکی ئەلــەتریکی ڕوخــی، وا جــەرگی گیرســاندم
بــە ســۆزێکی بــەکوڵ تــاکو بــەیانی عیــشق ناڵانــدم
کە دەنگی نازی هات‌و، ڕەنگی گوڵخەندەی بریسکەی هـات
وەکــو هــەوری شــەوی نیــسان، دوو چـاوی تـاری گریانـدم
بــەرق تێــی ڕاخــوریم، ئــەو دڵبــەرەی شــیرین‌و دوو بـاڵا
بــە تــاوی تــەرزە بــارانی، بناغــەی ژینــی ڕووخانــدم

١- جابولْقا: ناوی شارێکە، تەنها ناوی هەیەو بوونی نییە.
٢- زبەرجەد (الزبَرجَد): بەردێکی گرانبەهایە وەکو زومەڕڕەد.

وەکــو لەشــکر، خــەتو خــاڵی بــەتاڵان بردنــی دڵ هــات
وەکــو مەشــکە هەڵاوەســرام، دڵــی پــڕ ژانــی لــێ ســاندم
هەموو دەشتی خەمو تــاڵیم، ڕەشو شــین داگــەڕا یەکــسەر
هــەتا ئــاخر ســپیو سووری گــوڵی خــوێنینی پــشکواندم
منالێکی وەکــو دڵ، قەلــغەتم چــەندی لــە بــاوەش گــرت
کــە ڕووی نــوورینی یــاری دی، هــەناوو جــەرگی قرچــاندم
تەماکارانـــە ڕۆیـــیم، نەشگەیـــشتمە دڵبـــەرم (ڕاجـــی)
بــەڵێ، لــەم داوەدا تــا ســووڕو هــەوڵم خــوارد، ئاڵانــدم.

(٩)

جانـــــا! وەرە لای مـــــن، دانیـــــشە کـــــەنارم
بڕوانـــە وەفـــای مـــن، هـــەر شـــیوەنو زارم
ئـــەی دۆســـت بـــە لەنجـــە، جـــارێ مەبـــە ڕەنجـــە
یـــەك بـــادە بـــە پەنجـــە، پێـــی بەنجکـــە دەمـــارم
وا دڵ بەخەبـــەر هـــات، خوێنـــاوی جگـــەر هـــات
ســـەد تـــیرو تەبـــەر هـــات، بـــۆ ڕۆحـــی هـــەژارم
وا غەرقـــەیی ڕۆڕۆم، هـــەردەم لـــە خـــەمی تـــۆم
نێزیکـــە کـــە بتخـــۆم، هەرچـــەند کەلـــەدارم
تـــــا دەربـــــەدەرێکم، هـــــەر قوڕبەســـــەرێکم
ســـــووتاو جگـــــەرێکم، بـــــێ جێـــــوو هـــــەوارم
ئـــەی دڵبـــەری ڕەعنـــا، خۆشـــقامەتی زیبـــا
گـــەر دەمکـــوژی ئێـــستا، ماچـــێ بخـــە زارم
(ڕاجـــی) بەســـەری تـــۆ، گـــیرا لـــە خـــەتی تـــۆ
تــا جیلــوە دەری تــۆ، مــن هــەر شــەوی تــارم!!.

(١٠)

جــاریکی نــەبوو، دڵبەرەکــەم بێتــە کــەنارم
ئــەمجارە مەگــەر بێتــە قیتــالی دڵــی زارم
ئــەی ســەرزەدە، ســەروی چــەمەنی بــاخی بەهەشــتی
خــۆ لادە لــە ڕێــی قامــەتی دڵجــۆیی نیگــارم
دڵ دۆزە، جیهانــــسۆزە، هەناســــەم لەغــــەریبی
پەژموردەیــــە، پامالّــــە، گــــەلاڕێزە هــــەوارم
دەردم، لــە نیگــاهی قــەدەحی چــاوی خومــارە
بــۆ نەقــدی شــیفا، مونتــەزیری ســێوو هــەنارم
بیمــــارو سەراســــیمە دڵو ڕۆحو جگــــەر مــــام
شــــێواوو گرفتــــارمو، زیندانــــە حەســــارم
ئەی ڕۆحــی ڕەوان! پورســشی ئــەم خەســتە هەتاکــەی؟
تاکــەی بــە هــەوەس؟ یــا وەرە، یــا بــبڕە دەمــارم
تــا مــەیلی نەزەربازییــە، شــاهانی دوو چــاوت
شــایانە، کــە شــایی کەنــە ســەر ڕۆحــی هــەژارم
مەحروومە بە کــوللی، وەکــو ئــەم بەنــدە لــە خزمــان
هــەر کــەس کــە بلّــێ، دڵبــەر ئــەبا ســەبرو قــەرارم
بــۆ قەصــدی ســەری (ڕاجــی)یــە دێ هیجــری دڵارام
تــا هەمنەفەســی بــادی ســەبا بــن گــوڵو خــارم.

(١١)

دەڵێن: مەحبووبە لێم تۆراوە، ئێستا بۆیە بێ سەبرم
لــە ناشــادی دڵــم بەرگەشــتەیە، نیزیکــە گــەر بمــرم
لــەوەی ترســم نییــە گــەر بــەردەبازی ڕاهــی عالــەم بم
بــلا شــەرمەندەیی یــارم، کــە تــۆزی دامــەنی بگــرم

له گۆشەی مەحشەرا دێم ڕادەوەستم، تا بە ئاخر دێ
لە ڕێگەی دۆزەخیشا، ڕادەخەم سوججادەیی ئەجرم
ئەتۆ، مەتبووعی حەیوانو نەباتو جەوهەرو عەقڵی
هەتا لێم دوژمنی، مەحزە، لەسەر تۆ دایەیی قەبرم
وتم: تۆ سەروی، با من سەربەسەر بتگرمە ناو باوەش
وتی: سەد ساڵێ مەحشەر ئاگرت تێبەردەدا، جەبرم
ئیلاهی! سا دەوامی دەی، کە دایم مەی بە گەردوش خا
سکوونم کەی لە وەسڵی یارو ڕێی دەشتو چیا نەگرم
قەلای بەختم وەکو (ڕاجی)، لەهەرجێ سستو ڕووخاوە
لە شاری گاورانا، مونتەزیر بۆ (مووسە)وو (خدر)م.

(١٢)

ئەی سەنەم! ئێستە لەبەر عیشقی تۆ، من دەربەدەرم
بێکەسو، خەستەتەنو، پڕ خەفەتو قوڕبەسەرم
گوڵشەنێکت هەیە پەرژینە لە عالەم، ئەمما
نە وەکو من، کە دەکەی قەتعی دەمارو جگەرم
تو خودا، بیکە بە خێری سەرو گۆڕی بابت
بدە ماچێکی لەبت، بگرە کەماڵو هونەرم
بەسییەتی، سەخت دڵیی چا نییە، ڕەحمێکت بێ
قەدەحێ باوە دەمم، حەلقەیێ باوە کەمەرم
لەعلی تێراوی هەبوو یارمو نەیدامێ، وتی:
هەستە خێرابە بڕۆ لێرە، کە حوسنولبەشەرم
ئاگرێکی بە هەوەس خستەوە سینەم، دیسان
بەسەری دووکەڵی چاوم، بەدڵی وەك جەمەرم

نـا عـیلاجم، لـە تـەمی قاپییەکـەت بێمـە حـزوور
چ بە مـەرگو چ بـە وەحـشەت، سـەنەما! نەوسـەفەرم
ڕەقو وشـكو کـزو گیرۆدەیـی سـەد داوی فـەنام
چ ڕەفیقێکـە بپرسـێ لـە حـەریفی، خەبـەرم؟
نـاوی بێعارییـە کردوویـە لەبـەر خـۆی، (ڕاجـی)
هەش بەسەر ئـەو، بـە قیاسـی چ دەبـێ؟ بـەهرەوەرم.

(١٣)

تاقـە سـواری عیـشقی دووچـاوم، لـە ڕێ داناب‌ـەزم
گەرچی قەوماویشە جـەنگی دڵ، لـە جـێ دا نابـەزم
خانومانانـە لەکووچـەی باخـدا، خونـچەم کـە دی
مـن وتم: بـۆچ عـاجزی؟ جانـا وتـی: بـۆچ عـاجزم؟!
بەم بەرو سینەو مەمانـەی، چـونکە گـەنجی زاهییـە
گەرچی خۆی لادا، بەڕاستی، دەستی خـۆم بـرد بیـدزم
تا خـەریکی گەسـتنی لێـوی شـەکەرباری تـۆ بـووم
هێنـدە بـوو لێـوو زمـانی خـۆم بـجنمو بیگـەزم
پێـچەوانەی پێـچەکەی، پێـچکەی دڵـی پێـچراومە
دەستەوانەی دەسـتەکەی، بەسـتوویە دەسـتی قاقـەزم
کاسە کەللەم، کەمبەرەو دوگمەی کـە ئەخرینگێنـەوە
چاوی هەڵدێنێ بەڕووما، بەشـکە کـوێر بـێ ناحـەزم
هێـزی کۆمەڵپـەروەریم خـستۆتە دڵـداری، بـەڵام
چەشنی (ڕاجی) گیرەوەی سـەت کارەسـاتو قەڵبـەزم.

(١٤)

لـە بـازاڕی جوانانـدا قەلاشـم
لـە کڕیـارو فرۆشـیاران بەلاشـم

کــە فــەردێکم بــە خــەمباری لــە دونیــا
بــە تــەنیایی، مەگــەر حــەق بــێ، وەڵاشــم
بــە خــۆم دڵخــۆش‌و، بــاوەڕ پــڕ لــە هیــوا
لــە ڕێــی هــۆزم، دڕان کــەوش‌و کڵاشــم
دەمــێ عیــشقم بــە بــاڵاو چــاوی کــوردە
دەمــێ ســەودای مــەی‌و بــەرگ‌و معاشــم
بــە تیــشە، (باوکــە ئــازەر) دار ئەتاشــێ
بــە پیــشە، مــن هــەوای دڵــدار ئەتاشــم
لــە کاتــێ، حاڵــەتی کــوردم ڕەچــاوکرد
ئەتاشــم لاســەری خــۆم‌و براشــم
جــەماتی مەســتییو بــەزم‌و زەمــاوەن
کــە تێکناچــێ بــە بۆمبــاوو ڕەشاشــم
ســەبا خێرابــە، کــوردان بــەهرەوەر کــە
بــە بۆنخۆشــی، هــەتا بێژمــە تــە، باشــم
لــە ئــایین‌و ڕەوشــتی بــاوك‌و بــاپیر
زیــادم کــرد، تــەیاترۆو سینەماشــم
نــەوەك هــەر باوکــە کوشــتەی دەســتی چــەرخم
ئــەمن تــاڵانکراوی بــیرو ڕاشــم
دڵــم بــەو دڵبــەرەی ئاواتــە خۆشــە
کــە بێتــە باوەشــی ڕۆژانــی باشــم
لــە هەڵــسەنگانی چــەرخ‌و کــاری، (ژیکــۆ)!
بــە پێــشی کــەس نەکــەوتم، هــەر لــە پاشــم.

(١٥)

لـــه عالەمـــدا گرفتـــاری کەمەنـــدی خانـــەدانێکم
شـــەپرزەی دەســـتی چـــەرخی ڕوومـــەتی خـــانم فلانـــێکم
شـــەوێکم دیـــوە، ســـا عـــومری درێـــژم ئـــاخیری خێـــرە
لـــە مـــاچو بـــاوەشو بـــۆنو مـــژینی نەوجـــەوانێکم
دەمێك بوو، بەشـــبڕاوی زەوقو نۆشـــی ئـــەو نیگـــارەم بـــوو
ئەمێستە دەس بە باجو، سەر بـــەتاجو، خـــۆش زمـــانێکم
ئەوەنـــدە هـــاتمو لـــێم لانـــەدا، لـــوتفی کـــە کـــرد یـــارم
ئـــیتر وا تێئەگـــەم شـــاهی چـــوارقوڕنەی جیهـــانێکم
نـــەوەی شـــاهانو بەگزادانـــە، بـــەرزو تـــەرز ئەندامـــە
قـــڕانو مەرگـــە، بۆیـــە دڵ، بـــەهۆی خـــاوەن قـــڕانێکم
بـــەنازو، نـــازكو، شـــۆخو، جیهـــانگیری دڵـــی خەڵکـــە
منـــی بێکـــەس لـــە شـــەرمانی، چ بـــێ گیـــانو ژیـــانێکم
وڵاتی گرتە دەس خۆیی‌و، سەری (ڕاجـی) بـە سـەودا دا
منـــیش مـــاوم، لـــە داوی بێکەســـیدا ناتـــەوانێکم.

(١٦)

جانا! بە خـودا مـن کـە لـە بـۆت خـون جگـەرێکم
هـــەردەم بـــە غـــەمی ڕوویـــی تـــۆ غـــەرقی خەتـــەرێکم
بگـــرم بنـــی مەمکۆڵـــەتو، بمـــژم ســـەری کوڵمـــەت
تێـــشووی دڵـــی بیمـــارە، خـــەریکی ســـەفەرێکم
بیبەســـتە لـــە گـــەردنمو قـــەدم، حەڵقـــەیی زوڵفـــت
بڕوانـــە چـــلۆن عاشـــقو، چـــۆن جیلوەگـــەرێکم؟!
وەختـــێ کـــە خـــەرامان ئەچـــییو، دێیـــەوە مەکتـــەب
چـــاو پـــڕ لـــە گـــوڵو لالەیـــە، دڵ پـــڕ شـــەکەرێکم

دڵ بـــۆ قەفەســـی پەنجەرەکـــەت تووتییـــە ، قوربـــان
جـــاریێ بـــە وەفـــا فـــەرموو ، بکـــە چارەســـەرێکم
بێ ڕەحمو وەفا بەسییە ، خەفـەت کوشـتمی ئەمـساڵ
بـــۆ ماچـــی دەمـــت، ســـۆزو بڵێـــسەو شـــەرەرێکم
تـــابووری غـــەمت، کەوتـــە خـــەیاڵو دڵو کەللـــەم
ئـــەم لەشـــکرە ملیـــارە ، منـــیش هـــەر نەفـــەرێکم
هـــەردەم وەکـــو بولبـــول، کـــە لـــە ئاقـــاری گـــولێکم
حـــــەیرانو سەراســــیمە ، ســــەری ســــیمبەرێکم
ئەمـــشەو لـــە خـــەوم دیـــوە ڕوخو گـــەردنی، (ڕاجـــی)!
ئەگوشـــم ، ئەمـــژم، بابگـــەزم ڕووی قەمـــەرێکم.

(١٧)

بـــە نـــەورۆزی جیهـــان ئـــارا ، ســـەری هێنایـــە ســـۆ ، ســـاڵم
گیـــانێکم لـــە تـــاریکی، خـــودا هێنایـــە بـــن بـــاڵم
لەسەرماو زەمهەریری غەم، بـە تیـشکی ڕوو نـەجاتم بـوو
لـــە گرپـــەی گـــەردنو خرپـــەی دڵان زامـــاری چـــەنگاڵم
لە قۆپکەی کێوی تاسو سەر، لە ڕەنگو بۆی هەناسەو بەر
هـــەتا ئـــاوا نـــەبێ ڕۆژی ڕوخـــی، ئاوایـــە نـــاو مـــاڵم
لە مێرگی سینەوو مەمدا ، درەوشا سـەوزە، ڕەنگـاوڕەنگ
بە سیحری لێـو دەمـدا چـوو، نەسـیمو شـێخی بـەرماڵم
بە ئاوازی مـەلو بولبـول، هـەموو دنیـا گوڵەفـشان بـوو
بـــە وازیو پێکـــەنین هـــاتن، کـــچو ژن، پـــیرو منـــداڵم
تـــەنافی، تـــازە بنیـــاتی هـــەموو هـــۆزی تـــەرازوو گـــرت
ئـــیتر بـــاوی نـــەما تـــازە، شـــەڕو تیتـــاڵو فیـــشاڵم

قەسەم بەو چاوە پڕ نازەی، وەکو بازی سەر ئەنگێون
هەزارو نۆسەدو پەنجاو دووە، فانۆسی ئیقبالْم
مەفەرموو نامرادێکە، هەتیوو بێکەس‌و زارە
لە خەم هەڵگرتنی دووریت، بە قورئان ڕۆستەمی زاڵم
بلێ نەورۆزە وا ماسی بە مانگ ڕۆژی حەمەل ئەگرێ
لە قارەو بارەیی مێگەل، چ حەشرە دەوری ڕەشمالْم!!
کەژاوەی بووکی مێرگانم، بە ژاوەو هاژە ڕازاوە
بە تیپی سونبول‌و سەوسەن سپێران دەشت‌و کەندالْم
بە ڕەنگی ئەرخەوان‌و، خوێن‌و، سەوزو زەردو لالەو گوڵ
ئەدا خول دەوری دونیا، ڕۆژی سیمای یاری چاوکالْم
ئەڵێی سیلدارە، وا دڵ بۆ هەواخوازیی چووە سەر کەل
کە تیماری بکەن سۆزەو، نەسیم‌و وەشت‌و شامالْم
تەڕی‌و گەرمی، ئەجۆشێنن مەکینەی کارەبای گشتی
گڵۆپی گوڵ، وەکو دڵ، هاتە گیرسانی سەری قالْم
لە مێرگ‌و باخی کۆمەڵدا، هەزاران ڕوو بریقەی دێ
لە ڕەمڵ، ئەستێرەیی بەختان هەلاتن، وا ئەڵێ فالْم
ئەوەی بەرگی سپی‌و سووری گوڵی پۆشی، ئەڵێ شاهم
ئەوەی نەجمەی بەسەوزی گرت، ئەڵێ من میرو جەنراڵم
وەرە مەیخانەوو بەزمی، دڵۆ دڵداری یو خۆشی
بنۆشین، تێکەڵی یەك بین، ئەتۆ شیرین‌و من تالْم
فۆتۆگرافی خەیاڵ، ئامادەبێ بۆ ڕەسمی بەر چاوان
هەموو چەشنێ بکێشرێن، قیسی خاڵ‌و زەڕڕە مسقالْم
بە دووربینی تەماشا دێنە گەردوش، خانەیی پاشا
هەموو پەرپووت‌و نابووت‌و کزو ڕەشپۆشی ئەشکالْم

**ئەگەر شازادەوو شاهن، ئەگەر دیندارو گومڕاهن**
**یەكو دوو دێنە سەر شایی، دڵی والەو گوڵی ئاڵم**
**شەوو ڕۆژم نەما، كاتی بەهەشتم هاتە چەرخی ژین**
**بە كامی نەفسو چاوی گەش، هەموو گەل بۆتە ئاواڵم**
**بە ڕووت گەشبوومەوە، حەشرم كرا، پێم بەخشرا جەننەت**
**كە بەرگی سوندوسو ئیستەبرەقی پۆشیوە ئەمساڵم**
**كە شێخێك چل چلەی دیبێ، بڵێ ئەم جەژنە بێ جێیە**
**بڵێ ئەی فیتنەیی ئیمانو دین، هەڵمەگرە ئۆباڵم**
**لە تۆ من تازە دەس هەڵناگرم، ئەی شۆخی شارو دێ**
**ئەگەر سا پەل پەلیشم كەن بەدەم سەگ، زوێڵو زیواڵم**
**بەهارانە، بە بارانی سروشكم مێرگ ڕەنگین بوون**
**لە خەندەی لێوی شەكرینت، شوكر وا سافە ساماڵم**
**لە ناوچاوانی قەشكەم، چوو زەكاتی پارو پێرارم**
**لە دڵتەنگی، هەناسەم كەوتە سووتانی پەڕو باڵم**
**گوڵەو مارەی بڕا، بولبول، بە باغاتی جەفا وەربوون**
**حەیا كێ ئەیكڕێ؟ بێ خاوەنە مەندیلو دەسماڵم**
**ئیتر سەربەستە هەرچی مەستە، سا ڕاوەستە بیبەستە**
**بە دەستان، ساغو خەستە، هەر بپەستە، پاڵ بدە پاڵم**
**لە هەڵبەستانی (ژیكۆ)دا، هەموو هێزو ژیانێكە**
**كەچی هەردەم لە بازاڕی فنیشو كۆنە پۆستاڵم!!.**

**١٩٥٢**

**(١٨)**

**لەبەر دەردو بەڵا، بەم شێوەیی پیریمە منداڵم**
**بە نیسبەت قامەتی یارانەوە، تێفكرە من داڵم**

ئەگەرچی دەم بەدەم ئاگر دەفم، فامی سەفا سووتا
بە یەك شەونم نەبوو بێ دۆست، لە بۆ پرسینی ئەحواڵم
لە غەمخانەی فیراقا، تێپەڕی عومرم بە تاریکی
لە چاوێکم نەدی زەڕڕاتی دیداری خەتو خاڵم
بە کووی خۆی تێپەڕیدا، چاوەنۆڕی بادی دامێنم
کە پێویستی بکا، با، بیتەکێنێ تۆزی ئاماڵم
بە هەر لادا بڕۆم، مانەندی عیشقی من نییە هەرگیز
لە هەرجێ دابنیشم، میسلی نابێ یاری چاوکاڵم
لەسەر عومری عەزیزم، پێمدەڵێ گریاوو ڕوو زەردی
بە قوربان! چیبکەم بۆ ڕەنگی زەردو سووری عەودالم؟
ئەلەرزم، هەر کە تەشریفت لە هەرلا هاتە بەر چاوم
لە سایەی حوسنی تۆیە، پایەماڵو بێ دڵو لاڵم
وەکو هێلانەیی زەنبووره جەرگی من، لەبەر خاڵت
بە داوی سەنگەساری بگرە یارەب، مامی یەك خاڵم
لیباسی شەوق دەبڕێ، نەوعەرووسی وەسڵی لێوئالان
ئەلێ: (ڕاجی) لە پەردەی قودرەتا با بێتە سەر ماڵم.

(١٩)

تۆ (با)وو من خەزانم، یا مانگی، من کەتانم؟[١]
یا ڕۆحی من ڕەوانم، یا مەتنی، من بەیانم؟
چاوت بە جامی بادە، شاهێکە مەستو شادە
ڕەحمێکە شاهزادە، دەمێکە پاسەوانم

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (تۆ بادی من خەزانم، یا ماهی من کەتانم).

مــووت نافــەیی تــەتارە، زوڵفــت بــە حەلقــە مــارە
ڕووت کانگـــەیی بـــەهارە، گیـــان، گیـــا ڕووانم[1]
نەخـــشت وەکـــو وەنەوشـــە، بێنخـــۆش‌و پـــڕ درەوشـــە
قامــەت چــناری حەوشــە، مــن تــەیری بــێ نیــشانم
بەختی فەقیری دڵڕەق، گـەر لێـی بـدەن بـە مـەترەق
ناگونجــێ جــێ بکــا لــەق، بــۆ ئــەوجی ئاســتانم
تــۆ شــاهی مــن ئەســیرم، تــۆ بــەرزو مــن فــەقیرم
تــۆ تیــف‌و مــن حــەریرم، تــۆ فیکــرو مــن جــەنانم
مەحبووبە هاتە گوفتار، فەرمووی بە لێـوی مـەیوار
(ڕاجی) مەبێــژە ئەشعار، تــۆ سـووکی، مــن گــرانم.

(٢٠)

بەخـــشیومە بـــە چـــاوی بەڵـــەکت، جیـــسم‌و ژیـــانم
دامنـــاوە لـــە ڕێگـــەی هەوەســـت، زەیـــن‌و گیـــانم
چـەن هاتمـە سـەر چـەرخی گیانبەخـشییو خزمـەت!
هەر گـوم بـوو لەسـەر لێـوی شـەکەربارت، نیـشانم
بـــەم دیمەنـــەوە، مـــات‌و قەلەنـــدەرم‌و دەنـــاڵم
لـــەو زوڵفـــە هـــەزار داوە، ئـــیتر نابـــێ ئـــەمانم
گرژینەوەکــەت، شــەرحی هــەموو ڕازی بەهەشــتە
وا چــاکە، بکــەم مــن بــە جــەنان، کــاری جینــانم
گــەر نابەڵــەدن خــاڵ‌و خــەتت، بــۆ هــەدەفی دڵ
ئــاتۆمی نــەزەر دێتــە تــەقین، هــەر نیگــەرانم

٢- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (ڕووت مەنبەعی بەهارە، ئیمڕۆکە من شوانم).

کـێ بـێ کـه لـه دەس گۆشـەیی چـاوتم بـستێنێ؟
کـێ بێـتو لـه ڕێـی وەسـڵ، بخـا بـاری گـرانم؟
دڵبەستەیی سەوزەی خەتو، نوختەی دەمـی خونـچەم
سەرمەسـتی مـەیو خەنـدەوو سـەیرانی چـەمانم
تاکـەی بـه دڵـی سـەختەوە، نایـا بـەزەییت پـێم؟
نـەم چێـشتووە هێـشتا لـه دەمـت، تـامی زمـانم
هاوینـــه دڵو، پـــایزە غەمخانـــەیی (ڕاجـــی)
زســـتانه لـــه شـــیوەنمو، بـــەهارە لـــه گـــوڵانم.

(٢١)

لـه چـاوم فیتنـه دەرناچـێ، نەسـاغی دیـنو ئیمـانم
بەهەشتم بۆ تـەواو نابـێ، جەهەننـەم دێتـه سـەربانم
ئـیرادەو هێـزی کـردارە، خەرەکرێـسی هـەموو کـارێ
لەهـەر پـێچو گەرێکیـدا، هـەزاران داوە بـۆ گیـانم
له کاخی عیززەتی ماتم، له بـورجی ڕەسمـی هـەڵهاتم
به قانوونێکی سەرخۆشیی، پڕمکرد دەسـتو گیرفـانم
هـەوێنی تـەونو بـازاڕی قەدیمـه، ئـەم تەجەللایـه
که هەرکەس چـی ئـەوێ چـاوێك بگێڕێتـه ڕەزو بـانم
سەما بـەم ڕۆژە ڕوونـاکو، دەمـاودەم عـەرد تاریکـه
به دوو بەش بەشکراون شـت، وەکـو هـاوینو زسـتانم
بەشی من عاجزیو تۆبەو، بەڵاو ترسو نەسـاغی بـێ
ژیـانم ئێـسته تێناگـەم، دوای مەرگیـشه ڕیـزوانم
سـیاحەتبازی ئـەم دەشـتو بیابانـه، گیـانی پـاك
له لەشـدا پـیس بـووە بۆیـه، زەفـەر نابـا بـه یـارانم

مەجالێکی گەلێ پانو بەرینە، هەرچی مانـدوو بـوو
بلّـێ دانیـشە تـاوێکی، لـە ژێـر سـایەی درەختـانم
ئـەمن تـا کۆلّـەوارو دەس بەسـراوو گـران سـەر بم
ئەسـیری داوی کـوردانو، درۆوو سـوێندو بوختـانم
خوا یاریـدەیی (ژیکـۆ) نـەدا بـۆ هێـزی ئـەم هـۆزە
ئەبێ وەحشییو ئەسکیمۆو جنۆکەش بێنـە سـەیرانم!!.

(٢٢)

زیندووکـەوە ئـەمجا تـو خـودا عـەظمـی ڕەمـیمم[(١)]
لەم ڕێگەیە هەر تـۆی بـە خـودا عـەزمی صـەمیمم
بێجگـە لـە تـۆ کـێ چـارە دەکـا جـەرگی بریـندار؟
چەند سـالّە کـە لـەم بـەردەرو هەیوانـە مـوقیمم[(٢)]
بـەم لەنجـەوو بـەم لارە، مەگـەر دێیـە تەماشـا[(٣)]
بـۆی سـاغییە دێ، لـەم دلّـی پـڕ دەردو سـەقیمم
سەرچـاوەیی دلّ، داغـی غەمـەو لالـە نوێنـە
بـەم ئارەقـە نۆشـاوە، بـەلێ، پـیرو قـەدیمم[(٤)]
سـەیرانی ڕەزانـی گـولّو گـولّزاری گرینـە
وامـی سـەفەری گیانمـە، سەرخۆشـییو بـیمم
پـەژموردەیی ئـاپۆرەیی کـاکۆلّو مـوژانم
تێـراوی سەروچـاوی بەهەشـتی بـە شـەمیمم[(٥)]

---

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەلّێ: (زیندووکەوە ئەمجارە سەنەم ! ئێسکی ڕەمیم).

٢- لەشوێنێکی دیکەدا دەلّێ: (غەیری تۆ چ کەس، چارە دەکا جەرگی بریندار؟ چەند سالّە کە لەم گولّخەنی هیجرانە موقیمم).

٣- لەشوێنێکی دیکەدا دەلّێ: (بەم لەنجەوو بەم لارە، مەگەر دێیە عیادەت).

٤- لەشوێنێکی دیکەدا دەلّێ: (سەرچاوەیی دلّ، داغی غەمەو لالە نومایە        بەم ئارەقە جۆشاوە، بەلّێ، پیرو قەدیمم).

٥- لەشوێنێکی دیکەدا دەلّێ: (پەژموردەیی قوللابی جگەرکێشی موژانم        تێراوی سەروچاوەیی سەد قەترە شەمیمم).

(ڕاجـــی)! ســـەدەفی مـــن کــە زمـــانی تـــەڕو تێـــرە
وا دیـــارە لـــە دیـــوانی شـــەهیی، دوڕڕی یـــەتیمم[1]!!

**(٢٣)**

ئــــەو شـــۆخە دەکـــا غـــارەتی مـــاڵو دڵو دیـــــنم
یـــا ڕەببـــی نـــەبینم، کـــە دەمـــێ یـــار نـــەبینم
ئـــەو پەرچـــەمو کاکۆڵـــە، ئـــەکا کـــۆڵو تـــەرازووم
هەرچـــەندە کـــە عـــەییارە، لـــە معیـــاری ئـــەمینم
بـــــەم چـــاوە دڵ ئارامـــــە، دڵ ئـــــارامی نـــــەماوە
هـــەر غـــەمزە بـــە ســـەد تـــیرەوە، هاتۆتـــە کـــەمینم
غـــەم، هاتـــە دڵـــی پـــڕ غـــەمو خوێنـــاوی خـــەیاڵات
وا ژاری فیراقـــــــت ئەتکێنێتـــــــە بــــــــرینم[2]
قوربـــانی لـــەبو کوڵمـــەوو دوو چـــاوی خومـــارت
ئـــەم نیـــو ڕەمەقـــەی ڕۆحـــە، دەمـــێ بێـــرە ســـەرینم
جـــارێ نـــەبوو ئـــەی دڵبـــەری عـــەییار، بـــە ماچـــێ
پڕ شەوقی بکەی، ئـەم دڵـەی پـڕ خـوێنو گـرینم[3]
مـــەیلی لـــە هەوادارییـــە، دوو ســـونبولی گێـــسووت[4]
چـــی داوە لـــە تـــاوی شـــەرەری ئـــاهی بـــە تیـــنم؟
زاهیـــد بـــدە بـــەر تیغـــی جـــەماڵت، وەکـــو جـــەللاد
تـــا پـــــۆلی جنۆکـــان نەخزێنێتـــــە جـــــەبینم[5]

---

٦- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (ڕاجی! کە زمان بێ سەدەفی من، بە تەماشا بمگێڕە لە دیوانی شەهان، دوڕڕی یەتیمم).

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (غەم، هاتە دڵی تەبو خوێناوی خەیاڵات هەر زەهری فیراقت ئەڕژێنێ لە برینم).

٢- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (جارێ نەبوو ئەی شاهیدی عەییار، بەلوتفێ هەڵکەی بەوەفا دیدەیی پڕ خوێنو گرینم).

٣- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (مەجبووری هەوادارییە، دوو سونبولی گێسووت).

٤- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (تا شێوەیی شەیتان نەخزێنێ لە جەبینم).

(ڕاجی)، له هەموو کردەیی پڕ مایە کە دەرچووم
داغی سەنەمێکم لە دڵا ماوە، غەمینم.

(٢٤)

ماتەمێکی تازە بۆ مەیدانی ژین پەیدا ئەکەم
ڕۆژی مەرگی خۆم لە ئوفقی پەرچەمی ئاوا ئەکەم
سەر هەڵێنە، هەڵبڕە چاوت لە بازاڕی هەوەس
تا بزانی ئاڵو والای سۆز چلۆن سەودا ئەکەم؟
ئێوە ناسیارو، ئەمن شێوەی غەریبم بێتە ڕوو
پێچە لادە، جەژنی دڵ، لەملاوە وەك ئەولا ئەکەم
سوخمە سەوزو ئاڵ بگرێ دەستی یاریدەی بڕین
جەرگی هەڵقرچاوی خۆم، بۆ دەستبڕیی وریا ئەکەم
من کە بەختی گیان ئەکەم لەم شاری عیشقە، بێ ڕیا
کەس بناسم یا نەناسم، فەرق ناکەم، وا ئەکەم
ناوی گەر بێنن، نەزاهەت پڕ دەبێ ئیمانو دین
ڕۆژی حەشرم ڕا ئەبێ، جەننەت پڕی تووبا ئەکەم
دادی من لەم شارەدا، ناپرسرێ ئەی خونچەدەم
بۆیە وا پڕ زارو دڵ، هاوار ئەکەم، هیوا ئەکەم
گەر ئەڵێی ڕۆژووگرم، زەردەخەنەت ئەمباتەوە
بەرگی ئیسلامیی ئەپۆشم، کردەوەی تەرسا ئەکەم
پێم ئەڵێ دامردووی، (کاکە ڕەسوڵ)م ئەمکوژێ
من کە بادەی مەرگ فڕکەم، دیارە ئیشی چا ئەکەم
چونکە شای شەترەنجی عیشقم، چوومە بەندی شاڕوخی
سەرکزو ماتم، وەلاتم، گەردەنی ئازا ئەکەم

مــن کــوڕی عیــشقم ئەگــەر جاحێــل‌و گــەر پــیرم، ئــیتر
پــەیڕەوی باوکانەمــە ، گــەر چــاك‌و گــەر بــێ جــا ئەکــەم
نامــەوێ لــەم کاتــە کورتەمــدا ، هونــەر دەرخــەم لــەلات
بۆیــە وەك چــاوی دزان، تــا خــۆم پــەنادەم ڕا ئەکــەم
جــگ لــە ڕۆحــم، قیمــەتی ماچــم لــە باخەڵــدا نییــە
وا ڕجای (کــاك ئەحمــەد[1])و، پێغەمبــەرو مــەولا ئەکــەم
تا ملــم کــەچ کــەم لــە مزگــەوت‌و، بــە خــەونم بێیــە ڕوو
ڕمــــب‌و هــــۆڕی دڵ، چ شــــێخانە بــــە ئیللــــەلا ئەکــــەم
(ڕاجیا)، سـەد کـەس ئـەڵێ تـۆ هەمـسەری پەیمانـە نـی
من کە خـۆم ناسـیوە بۆچـی خـەم ئـەخۆم، بـڕوا ئەکـەم؟!

**(٢٥)**

تا بەکەی خۆم تووشـی دەردو عیللـەت‌و سـەودا ئەکـەم
سا بـە چـاوانت قەسـەم، ئـەمجا هـەوەس پەیـدا ئەکـەم
بــۆ بناغــەی قەســرو هــەیوانی ســەفاوو شــەوکەتم
هەڵکــەنینی کێــوی ســەبرو، قــۆنگرەی تــەقوا ئەکــەم
وا مــــەزانن، مــــن کەســــێکم کــــەم بــــەهاوو تانــــەجۆ
حــەز لــە نــازی نازکــان‌و، کوڵمــەیی زیبــا ئەکــەم[2]
دائیمــــا ســــۆزو نیــــازی کــــوردی دڵــــدارم هەیــــە[3]
دڵ لــــە بــــاغی پەرچــــەم‌و باڵایەکــــەی ڕەعنــــا ئەکــــەم

---

١- مەبەست لە حاجی کاک ئەحمەدی شێخە.

١- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (حەز لە نازی نازکان‌و، چەهرەیی زیبا ئەکەم).

٢- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (دائیما سۆزو نیازی کورد تورکانم هەیە).

بێکەسیی، قازانجی لە کوێ دێتە بەر دەستی تکا؟
هیچ نەبێ، سا خۆم بە داوی دڵبەرێ والاّ ئەکەم[1]
مەرحەبا ئەی نازەنین، دڵدارەکەی نازك بەدەن
وا بە عیشقی چاوەکانت، مەشقی ئەملاولا ئەکەم
من وەکو ڕۆژی هەڵاتوو، دێمە ئافاقی بتان
شێت نەبووم، بۆچ خۆم بە تووشی چاوی کەم بینا ئەکەم؟
من کە ئوستادێکی پیری عیشق‌و سۆزو حیکمەتم
بۆ مەسائیل هەرکەسێ بێت خواهشی ئادا ئەکەم
(ڕاجیا)! چاوی خەیاڵت لایەقی ڕووی دڵبەرە
بۆیە وا ئێستا ڕمووزی یەکدڵیی ئیما ئەکەم[2].

(٢٦)

لە کونجی میحەنەتا مردم، ئەمەندەی کاری بێ جا کەم
وەکو مووسا، وەچاکە ڕوو لە جیلوەی تووری سینا کەم
بە عەقڵ‌و عیلم‌و عیرفانم، لەگەڵ تۆ چیم کە پێ نەکرا
بزانم چۆن ئەبێ وەختێ، دڵم مەجنوون‌و شەیدا کەم
ئەگەر دەستم بگا دوو چاوی دوژمن هەڵکەنم، قوربان
خودا ئیکرامان ئەگرێ، دڵ‌و دیدەم لە تەقوا کەم
سەراسەر مەنزڵی جانان، لە تەوحیدا موزەییەن بوو
لە وەسڵی تۆ ئەبێ جانا، سوپاس‌و شوکری مەولا کەم
زیادی نیعمەتە جانا، لەسەر لەعلی لەبت ماچێ
ئەگەر ئیحسانی تەکلیفم، بە شوکری ئەو موحەللا کەم

٣- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (هیچ نەبێ، سا خۆم حەریفی ئاهویی سەحرا ئەکەم).
٤- لەشوێنێکی دیکەدا دەڵێ: (بۆیە من ئێستا ڕمووزی مەعریفەت ئیما ئەکەم).

که دیدارت موکەڕڕەڕ بوو، لە دیدەی جەمعە مەختووبە
نیشانەی ساعەتە زۆری لە خوێندندا، لـە فوقهـا، کـەم
سەبای خەتتم لـە گـوڵزاری ختـوورم هـاتووە، (ڕاجـی)!
بە یادی غونچەزاری ئەو، دەمـاغم چـاکە گوڵـسا کـەم.

(٢٧)

دەستم لە هەموو جێگە بڕا، ڕوو لـە نەشـەی کـەم
سیس بوومو وشکبوومەوە، با نەختێ گەشـەی کـەم
چاوت کە پڕی بەنگـە، پـڕی مەیکـەدە مـەی کـە
تا دەس لـە ملـی مەسـتییو ئـاوازەیی نـەی کـەم
ئـەو پەرچـەمە، پـەرژینی گـوڵو سـێو هـەنارە
ئەو بەژنە گوڵەندامـە، ئـەبێ سـا قەدەغـەی کـەم
لـێم لادە ئـیتر شـێخی ڕیـا، چـیکە درۆ کـەی
کارێ کە بە تۆی کەم، بەخودا نابێ بـە سـەی کـەم
بـا قـەل بفـڕێو، کـۆترە باریکـە بمێنـێ
مەیـدانی مـنو تۆیـە، ئـەوەی ناشـێ دەی کـەم
من هەر خەمی تۆم پێیە، دڵیشم بـە تـۆ بەخـشی
ئەم نیوە غەمەش، با لە دڵـی مامەخەمـەی کـەم
ڕەنگـی گـەنمی کوڵمەتـە، مالوسـکە دەبەسـتێ
خەرمانی سەرو پەرچەمی تۆ، گەر بە شەنەی کـەم
ئێـستاکە بـە سەربەسـتییە وا دێمـە کـەنارت
تاکەی بە ڕیا، ڕوو لە دەری گیـسکەگولەی کـەم؟!
(ڕاجـی) کـە گونـاه، کارمـە تـا ڕۆژی قیامـەت
پاك نابمەوە، گەر لە هەموو بەحرێ مەلەی کـەم !!.

(٢٩)

تـــا قیامـــەت، مـــەیلی چـــاوی کـــاڵ ئەکـــەم
ڕوو لـــە داوی زوڵـــفو دانـــەی خـــاڵ ئەکـــەم
لائوبـــالی، گـــوێ لەکـــەس نـــاگرم دەمـــێ
جـــگ لـــە دڵبـــەر، خـــۆم لـــە عالـــەم لاڵ ئەکـــەم
گـــەر بوەســـتم مـــن بەرانبـــەر ڕوویـــی تـــۆ
جەننەتولمـــەئوا لـــە ڕۆحـــم تـــاڵ ئەکـــەم
گـــەر بنۆشـــم مـــن لـــە بـــادەی چـــاوەکەت
دڵ لـــە دۆزەخ ســـەد کـــەڕەت خۆشـــحاڵ ئەکـــەم
وا لـــە قاپیتـــا ئـــەناڵێنم بـــە ســـۆز
بـــۆ خومـــاری چـــاوی شـــۆخت ســـواڵ ئەکـــەم
زاهیـــدا! مـــەنعم مەکـــە گـــەر مـــەی بخـــۆم
وەك وەلی، مـــن کـــاری بـــێ ئۆبـــاڵ ئەکـــەم
یـــار لـــە باســـی کوشـــتنم ئـــەدوێ، منـــیش
بەخشـــشی دوو لێـــوی، ڕۆحو مـــاڵ ئەکـــەم
وا بەســـەر دڵـــدا ئـــەبارێ تـــاوی خـــوێن
چـــەندی چـــاوی خـــۆم لـــە ڕووی ســـاماڵ ئەکـــەم
ڕۆژی مەحـــشەر، مـــن لـــە جـــەورو زوڵمـــی یـــار
(ڕاجیـــا)! تەســـلیمی عـــەرزوحاڵ ئەکـــەم.

(٣٠)

خودایە! من لە دەردی بێ دەمـاغی خـۆمو گـەل چـبکەم؟
لەگەڵ ڕۆبینتەنی میحنەت، بەشمـشێرێکی کـەل چـبکەم؟

که من ئاوارەیی موڵكو وەتەن بم، دەستو پێ خەستە
لە ساحێب ئەقربیاو ئەسپو، ڕەفیقی پێوو پەل چبکەم؟
وەرە ئەی نازەنینی من، بە ماچی لێوەکەی ئاڵت
بەبێ تۆ غەیری داغو دەرد، دەستی خۆم لە مل چبکەم؟
لە زنجیری فیراقت، بەستەوو ماتو مەلوول ماوم
لە زۆرداریی جەماڵو حیددەتی لاوی فەحەل چبکەم؟
چ ئاشووبم، بە ڕیسوایی سەرم هێناوەتە سەر خاك
کە من خاکم، لەلالەو سەبزەواتی مێرگو مەل چبکەم؟
بەبێ من، ئەی نیگاری شۆخی سەربەستی بەعیشوەو ناز
نەبوو جارێ بفەرمووی: بێ فەقەس لەم تەیری دڵ چبکەم؟
زەمانەت دوژمنە (ڕاجی)، چ تەدبیرت نییە ئەسڵەن
نییە ڕێگەی منیش وەك تۆ، لەسەر ئەم داوە سڵ چبکەم؟.

(٣١)

لە دونیادا ئەگەر دورجی مەعیشەت، دەرجی عادەت کەم
لەسەر کورسی تەفەککور، هەر دەبێ خۆم نەخشی ڕاحەت کەم
لە موددەی عومرما ساتێ نەبوو خاڵی لە خەم، حاڵم
لەبەر گەنجی خەفەت نەمدی، لەکونجێ ئیستراحەت کەم
بە عیشقی ئەو گوڵە، ئەو شۆخە، ئەو کوردە پەری ڕوویە
تەمامە گەر خەمو تاڵیی، هەموو ئەم ناوە غارەت کەم
بە تەنانزی تەنافی زوڵفی دامەزراندو، دامەزرا
لە خەیمەی شاهی خاڵی چاوی پێویستە بەشارەت کەم
دەلیلێکی هەیە، دەلالی چاوی کاڵی ئەو شۆخە
لە عەینی گۆشەگیریدا، تەماشای کاخی عیززەت کەم

کــــولاّوم، هـــەڵکزاوم، خانـــە ســـووتاوم، چ بـــێ تـــاوم
بـە ئومێـدی ویـساڵت، گـەر لـە ئـەم دنیایـە ڕیحلـەت کـەم
لـە هــەرجێ هــایو هۆیــە، بابــەڕۆی دڵ دێتــە بــەر گوێیــان
بەڵێ بۆ حـاڵ پەرێـشانیی، ئـەبێ ئـەم نرخـە مامڵـەت کـەم
مــەجالی زولجــەلالم هــەر نــەبوو، یــاڕەب، جــەماڵو مــاڵ
بە هەیبەت تێبکۆشم، هیممەتی خۆم سـەرفی بیدعـەت کـەم
شـــەماڵی دڵبـــەرم وا هـــاتو، ڕاســـتو چـــۆپی وەرگێـــڕام
وەکو (ڕاجی) کە تۆزێکم بە دەم بـا، ڕوو لـە خزمـەت کـەم.

(٣٢)

خۆشە بنۆشـین ئـەی سـەنەم، جێگـە بەجێگـە، دەم بـەدەم
بـادە بـەبادە، نـەو بـە نـەو، سـینە بەسـینە، دەم بـەدەم
نووری ڕوخـت کـە هـەڵکرا، زینەتـە بـۆ ئـەهلی هـەوەس
نوختە بەنوختە، خەت بەخەت، تورڕە بەتورڕە، خەم بەخـەم
وەختـــی فیراقـــت گریەمـــە، دیـــدە بەدیـــدە، دڵ بـــەدڵ
گۆنــە بەگۆنــە، کــۆ بــەکۆ، چــاوە بەچــاوە، یــەم بەیــەم
وەختی ویـساڵت خەندەمـە، سـەوزە بەسـەوزە، چـڵ بەچـڵ
خونچە بەخونچە، گوڵ بەگوڵ، لالـە بەلالـە، نـەم بـە نـەم
مەسخەرە زولّفو خاڵی تۆ، دەستە بەدەسـتە، مـوو بـەموو
دانــە بەدانــە، ڕوو بــەڕوو، سـایە بەسـایە، هــەم بەهــەم
قەیــدی دڵــم مەحەببەتــە، ڕۆژە بــەڕۆژە، شــەو بەشــەو
کەیفە بەکەیفە، پڕ بـەپڕ، هەڵقـە بەهەڵقـە، کـەم بەکـەم
بەزمە برۆیی‌و بێمـە دووت، خانـە بەخانـە، کـون بـەکون
سیلە بەسیلە، ڕێ بـەڕێ، باخـچە بەباخـچە، چـەم بەچـەم

حەیفە نەبێ ماچی دەمت، جوملـە بەجوملـە، لێـو بـەلێو
جیلوە بەجیلوە، قەف بەقەف، خەڵوە بەخەڵوە، جـەم بەجـەم
(ڕاجی)یە موشتاقی قەدت، سوکنە بەسـوکنە، دەر بـەدەر
هـاڕە بـەهاڕە، هـۆ بـەهۆ، گریـە بەگریـە، غـەم بەغـەم.

(٣٣)

گەلێ سووڕام، ئەمێستە ئـارەزووی سـەیری جیهـان ناکـەم
بـە ڕوودا کـەوتووم گەشـتێ بـە پـەڕگاری زەمـان ناکـەم
لـە ڕووی ڕاوو شـکارا، تـیری غـەمزەی خوسـرەوانی مـن
بـە خـۆڕایی کـە ناچـن، خـۆم بـە نێـچیری گـران ناکـەم
ئومێدم بـوو، بـە سـەبزەی نەودەمیـدەی بـاغی ڕوخساری
درەو یا گێرەیی میحنـەت، لـە خـەرمانی خـەمان ناکـەم
مەلەك بوون دەستو دامێنی پەری ڕووی من، پڕی عـەردی
لەسـەر بـۆ، تانەکێـشی قـەت گـولاوی ئاسمـان ناکـەم
کە دڵبەر، بەو گوڵی نـاو پەرچـەمو کاکۆڵـە خـۆی دەرخـا
ئەگەر خود بێتە چـاوم، چـۆن فەرامۆشـی جینـان ناکـەم؟
لـە سـۆزو لوولـەیی تاسـاتو کاسـاتی لـەبی سـاقی
لەگـەڵ کـاروانی ماتەمـدا، دڵـی مەسـتم ڕەوان ناکـەم
کە چوویە مەرکەزی دڵبـەر، شەهەنـشاهی ولاتـی عیـشق
بڵـێ (ڕاجـی) گەیـشتم، جـا بـە هـیچ لا کـاروان ناکـەم.

(٣٤)

دیدەکـەم، یاریدەکـەم، جـەرگو هـەناوم، گیانەکـەم
دینەکـەم، ئایینەکـەم، ئامینەکـەم، ئیمانەکـەم
سوورە گوڵ، ئارامی دڵ، چاو پڕ لـەکل، گەوهـەر لـەمل
سـۆزەکەم، پیرۆزەکـەم، نەورۆزەکـەم، نیـسانەکەم

نیوەشەو، خـۆش بیرەخـەو، نەخـشینەکەو، ئاسـك بـەڕەو
بازەکـــەم، شـــابازەکەم، شـــانازەکەم، جانانەکـــەم
نـازەنین، خـۆش پێکـەنین، ئـاواتی ژیـن، هـاواری دیـن
ڕاحەکـەم، ڕەحڕاحەکـەم، ئەڕواحەکـەم، مەسـتانەکەم
سییمبەر، عەترو گوهەر، شیرین کەمەر، هەی دز نـەزەر
زیزەکـــەم، ئازیزەکـــەم، پاکیزەکـــەم، پەیمانەکـــەم
خۆشەکەی، سەرخۆشەکەی، مەی نۆشەکەی، پڕجۆشەکە
ڕۆژەکـــەم، ڕۆژانەکـــەم، مانگانەکـــەم، ســـاڵانەکەم
داخەکـەم، بەیداخەکـەم، پەرداخەکـەم، پەرلاخەکـەم
باخەکـەم، بۆشـناخەکەم، سەرشـاخەکەم، نەرمانەکـەم
چاو عەرەق پڕ، لێو خەفەت بڕ، کوڵمە ئـاگر، دڵ بـەگڕ
گەنجەکـــەم، بـــێ ڕەنجەکـــەم، نارنجەکـــەم، ڕەیحانەکـــەم
پەنجە پەنجەی، لەنجە لەنجەی، قیتو قنجەی، خشتو خنج
یادەکـــەم، خـــۆش بادەکـــەم، ئامادەکـــەم، خەندانەکـــەم
ســـینەکەم، یاســـینەکەم، ناســـینەکەم، تاســـینەکەم
کاســـەکەم، سەرباســـەکەم، گیلاســـەکەم، تاســـانەکەم
ئەی سەنەم، گوڵ خونچەدەم، نارنجەمەم، قامەت عەلـەم
شـــاهەکەم، هەمڕاهەکـــەم، شـــاهانەکەم، دیوانەکـــەم
ڕەحمەتەی، پڕ هەیبەتەی، شیرین خەتەی، هەر شـەوکەتە
خانەکـــەم، مەیخانەکـــەم، بتخانەکـــەم، تەرخانەکـــەم
شەنگەکەی، پڕشنگەکەی، گوڵڕەنگەکەی، دڵ سەنگەکە
لاســـەکەم، ڕێواســـەکەم، بڵباســـەکەم، گۆرانەکـــەم
بانو عەرعەر، قەد سنەوبەر، شۆخو دڵبـەر، نەیـشەکەر
نەرمەکەم، سەرگەرمەکەم، جێ شەرمەکەم، گریانەکـەم

چاو شەهێنەی، دڵفڕێنـەی، خۆنوێنـەی، عیـشق چـێن
گیانەکـــەم، بێگانەکـــەم، جیرانەکـــەم، جەیرانەکـــەم
سەرو و بان، ئارامی جان، ڕۆحـی ڕەوان، شـەوقی گـوڵان
چـــێنەکەم، خاوێنەکـــەم، دروێنەکـــەم، خەرمانەکـــەم
بیرکـوژەی، عاشـق دژەی، هــەی خوێنمـژەی، گـوڵ داڕژە
زادەکـــەم، ئازادەکـــەم، بەگزادەکـــەم، کوردانەکـــەم
ماچەکەی، لالێوەکـەی، وەك سـێوەکەی، خـستمیە کێـو
ســامەکەم، ئارامەکـــەم، ناڕامەکـــەم، ئامانەکـــەم!!.

(٣٥)

مــردم لــە غــەما دڵ بـدڕێو، هێنــدی پەڕۆکـەم
سوودی نەبوو ئەم کیسەیە، خۆم بۆچی خەڕۆکـەم؟!
بەختی سـیەهم، نەمـدی، وەکـو خـاڵییو پەرچـەم
جارێ سەری ئـەم تـەیرە، بـە دەنـدووکی هەڵۆکـەم
قـیری سـیەهی لێبکـە، سـەد کەعبـە بڕووخـێ
با دەستی هەوەس، قەف بە قەفی گـەردەنی تۆکـەم
تـا ڕەنـگو ڕوخـم زەردە، لـە دنیـا دەگـرێ بـاس
مەعلوومە لە ڕووی گوڵ، کە دەبێ ڕەنگ بە بۆکەم
بــەم ئـاهی منــە، ڕۆژی ڕوخــی کەوتــە بڵنـدی
دڵ بۆیــە دەڵــێ، بــەم قــەدی دڵـدارەوە شـۆکەم
وازی نییـــە لـــەو گەنـــدومی خاڵانـــە، ڕەقیـــبم
مــەر ئــەو کــەرەدێزە، بــەرەڵای خەرمــەنی جۆکـەم
ئەی ڕۆحی ڕەوان، لێمگەڕێ ماچـێکی لـەبت کـەم
خۆ، بادە لە نـاو شووشـەیی خـۆی نابـێ بەبۆکـەم

لـەفزم وەکـو هەنگوینـە، بـە ژەهــراوە موبـەددەل
کێ دێ؟ لەگەڵی، ئێـستە هــەتا مــەرج و گرۆکــەم
(ڕاجی)! لە ویــساڵی کـە خــودا بێبەشــی کــردووم
تــا قــامی قیامــەت، چ دەبــێ شــیوەن و ڕۆکــەم؟!!.

(٣٦)

ئــەم کــچی بــادە، بــە هــیچ جــۆرە تــەڵاقی نــادەم
نیوە بۆســێکی بــە ســەد مــوڵکی عێراقــی نــادەم
سەروکاری هــەموو کــەس، عیــشق و فەنایــە ئــاخر
جێ خەوی مەرگی بـە ســەد تــاق و ڕیــواقی نــادەم
ســاقیا! جــامی عــەرەق بێنــە مــەزایایی حــزوور
بــە هــەموو مــوڵکی ســولەیمانییە بــاقی نــادەم
دڵی غەمدیــدە ئەگــەر جــارێ بکــا بــۆنی ویــساڵ
چــیکە بــەر دەبدەبــەیی کۆســـی فیراقــی نــادەم
باغــەوانا! مەبــە دڵگــیرو، مەکــە پــەرژین، گــوڵ
وەکو شێخ ڕوویی شــەکەر، مــن بــە سمــاقی نــادەم
لــەبی جۆبــاری ســەفا، ســەروی دڵارامــی هەیــە
ڕۆژی بــەزمم کــە هــەڵێ، ڕاهــی میحــاقی نــادەم
(ڕاجیــا)! مەملەکــەتی خۆمــە وڵاتــی ڕەنگــین
بە هەموو میللــەت و مــوڵکێکی ســیباقی نــادەم.

(٣٧)

بــە ســۆزی دڵ، بــە ناڵــە، چەشــنی کوکــووم
ســـەرم پـــڕ جۆشـــە، بـــەرگی زەردە، دوو ڕووم
ســـوپای سەرکێـــشە مەیـــدانی دڵ ئـــەگرێ
لـــە کـــوورەی شـــۆرو شـــەوزاریمە هـــەڵبووم

کەمەنــــدی زوڵـــفو کاکۆڵـــت، بـــەجارێ
ئـــەکا بەنـــدی مـــرازو گیـــانو ئەســـتووم
نـــەمێنم، ڕەببـــی بـــێ ئـــاگر بـــسووتێم
ئەگـــەر بـــێ زەوقو نۆشـــی دیمـــەنی تـــووم
بـــە تیـــژی خەنجـــەری موژگـــان، پەلـــە دڵ
ئـیتر بـۆ کـوت کوتـە، نـاو جـەرگی گرتـووم؟
نەکـــەی لێمـــان بتـــۆرێی، هەرچـــی قـــەوما
مەترسێ، مـن لەبـەر دەسـتا کـە خـۆش خـووم
ســـەفەر، هەرچـــەندە مایـــەی نالـــەبارە
بـــەڵام ئـــەمجارە هەســـتا بـــەختی نوســـتووم
لــە ترســی شــێخ، ئــەبێ هــەڵبێم بــە دەشــتا
نـــەوەك بمبینـــێ ئەشـــکێنێ تـــەرازووم
بـــەلێ (ڕاجـــی)، دیـــارە ســـۆزی ئێمـــە
لـــە دڵتـــەنگیمو دوو چـــاوی خـــەواڵووم.

(٣٨)

لەم وەحشەتە من تووشـی چ شـاخو چـەقەنێ بـووم؟!
گیرۆدەیـــی ســـەر پـــڕژی، چ دارو دەوەنـــێ بـــووم؟!
گرتـــت بـــە جنێـــوێکی، ژیـــانم بـــە تیجـــارەت
وەك تـازە هـەتیوێکی، کـە ئیمـڕۆ بـە تـەنێ بـووم
دەتوێتـــەوە دڵ، هـــەروەکو شـــەمعێ کـــە بـــسووتێ
بابەســـتەیی ســـەودایی عەرەقـــدان لەگـــەنێ بـــووم
لـــەم بـــەحری خـــەیاڵاتی تـــۆ، نیزیکـــە بخنکـــێم
وا بزانــە نەهەنگێکــە، بــە تووشــی گــەزەنێ بــووم

**هەرچەند ئەڕژێ خوێنی دوو چاوم، لە غەمی تۆ**
**بەم خوێنەوە، بڕوانە چ خاوەن کەفەنێ بووم؟!**
**هاتوڕەوی من لێرە ئەفەرمووی چییە؟ قوربان!**
**سەودازەدەیی قامەتی نازك سەمەنێ بووم**
**(ڕاجی) لە قیامەت کە بڵێن: چیت بوو لە دنیا؟**
**بێ ماڵو دڵو، عاشقو ڕەندو ڕەبەنێ بووم!!.**

**(٣٩)**

**هەرچەندە بە ئاهەکەی قەلەندەری، هاتو چووم**
**هەر وازی لێ نەهێنام، هەتا بردی ئابڕووم**
**بیستوومە کەولێ ڕەقیب، دەبباغی نییە بەلام**
**لێی ناگەڕێم عەزیزم، ئەمێستە تا نەیگرووم**
**شەپۆلی چاوەکانم، بەسەر ڕوو کە دێنە خوار**
**ساتێ بە ڕەنگی سورەوەو، ساتێکی زەردە ڕووم**
**لە وێنەی زەڕڕەداری، دارو بەردی (کۆیە)کەت**
**فرمێسکی چاوەزارم، ئەشۆرێنێ شۆرە بووم**
**جیلوەی شکۆفەکانی خەتو خاڵە تازەکەت**
**ڕازایەوە بە شەوبای ئارەزوویی ئاهی زووم**
**تریسکەی عەقیقەکانی لێوی بە زەردەخەند**
**پڕتەو ئەخاتە سینەی ئاسمانی پڕ نجووم**
**ئەی گیانە پڕ نیشاتەکەم، ئەی چاوی دیدەنم**
**ئەی یارە دڵفریوەکەم، ئەی شۆخی ناو قوتووم**
**کەی دێی بە ڕەسمی تازە، بە (ڕاجی) ئەدەی هەوەس؟**
**بێجگە لە تۆ شك نابەم، لەسەر خاکی مەرزو بووم.**

(٤٠)

## (ناز)

لەسایەی خواوە، خوا نانی بڕیوم
لە ئیشوکاری کۆمەڵ، تێ تڕیوم
بە غەم، وا کۆڵەوارو دڵ نەخۆشم
بە وێنەی کاڵەکی بەڵ، داتەپیوم
لە دایکم بووم، سەرم هەر دەردەدارە
لە منداڵیوە پیر بووم، داچەمیوم
نە (خونسا)مو نە (مێ)م، نێر بووم لەلای خۆم
کەچی وەك یەختەیی تازە خەسیوم
لەبەر بێ باب و داکیو، دەرکەناری
تەمەن چل ساڵەمو، هێشتا هەتیوم
ئەوەی چارەم ببینێ، وەرئەسووڕێ
ئەڵێی دڕکم، لە چاوانی چەقیوم
جەهەندەم پڕ ئەکەم، ڕۆژی قیامەت
لە عالەمدا، کە من داوی بەزیوم
نموونەی سەنگەساری و نالەباری
دیارە، وا لە دوو شانی خزیوم
بە ئەسپێو، کێچو، مێشوولەو، هەزارپێ
لە بن باری فەلاکەت، داهەزیوم
ئەوەش عومرە، خوا داوتە بە من تۆ؟
حیسابیشم ئەکەی، ڕۆژی نەدیوم!!
جەزای ناخۆشی ئێرەم گەر بدەی، خۆش
پەشێمانی، بڵێ تازەت کڕیوم

کــه کــاری خۆتــه، هــەر عــەقڵو نــەفامی
هـــــەژاریو دەوڵــــەتی پێکــــدا ســــەپیوم
کەســێ گــەر هاتــە دەرگــەت، کەوتــە هــاوار
دەرت کــــرد، هــــەروەکو گیــــانی لــــەقیوم
ڕجـــا، ئـــاوی ڕەشـــی پێـــدا ڕژانـــدووم
حــــەیا، ئێخــــەی حــــەیاتی دادڕیــــوم
ڕیـــا هـــاتو، بـــە ڕیـــشی خـــۆی ڕیانـــدم
تــــەما، بەنــــدی تــــەمامی هەڵکــــەنیوم
چ ســـەیرە؟ ڕۆژو شـــەو مـــن هـــەر گریـــوم
معــــازەڵڵا، بــــە بێــــزی پێکــــەنیوم
لـــە خۆشـــیدا، لەگـــەڵ خـــەڵکی چ بۆشـــم!
لـــە ناخۆشـــی، کـــە هـــەر خـــۆم، نـــۆوو نیـــوم
لەســەر گــەنجان ئــەنوون خــەڵکی، هــەموو کــات
ئــــەمن هــــەر وردە بــــیرە، زێــــڕو زیــــوم
(عــوزێر) پێغەمبــەرم بیــستووە لــە قورئــان
کــــە زینــــدوو کاتــــەوە ئێــــسکی ڕزیــــوم
(خەلیل)یـش هـەروەکو مـن بـوو، لـەدەس هـۆش
هــــەڵاتو کــــردی ئــــاوا، شــــاخو شــــیوم
غەڵــەت بــووم، ئــەو کەســێکی دەســتدرێژ بــوو
ئــــەمن هــــەر دەســــبڕاوو خــــۆ نــــەژیوم
ئـــیتر (ڕاجـــی)، هـــەتا مـــاوی بنۆشـــە
غـــــەمو، تـــــاڵاوو، ژارو، ژانو شـــــیوم.

١٩٥٣/٧/١٠

(٤١)

من ڕووتو ڕەجـاڵی تـۆم، لـەم گوڵخەنـەدا کـەوتووم
فِي مَحـــــزَنكُم حَـــــقٌ لِلــــسّائلِ وَالمَحـــــروم
هەرچـەندە وتم: جانـا! هەسـتە وەرە لام بـۆ سـوود
ئـاخر کـە نـەهاتی تـۆ، ڕۆیـشتمو مـن تێـچووم
سـاقی قـەدەحت بێنـە، دانیـشەوو، هەڵـدەستم
بۆ هەرچی دەڵێی فەرموو، من خادیمو تـۆ مەخـدووم
موتریب بـخە کاری سۆز، سەد عوودو ڕەبابەو چەنگ
شادمکە، هەڵمسێنە، بەینێکـە بـە غـەم نوستووم
دڵبـەر تـۆ تەماشـاکە، ڕەنگـم لـە ڕووا ڕۆیـی
ئەی چاوی سپیمو ئاخ! نـازانی کـە مـن چۆن بـووم؟
دەسـتم کەلەکـەی گـرتم، ماتـەم سـەری لێـساندم
سەد کوێرەوەریم کێشا، بەختیش لە تەڵـەی بەسـتووم
یـار هاتـە ئیـشارەی نـاز، (ڕاجـی) پەلەپـەل هیـچە
دەژیەی بە خەفەت تا دێ میقـاتی دەمـی مـەعلووم.

(٤٢)

مـن لـە یـارو یـاوەرانو نازکـان بێگانـە خـۆم
پێ بـە دەرگانـەی شـەماڵو، جێگـە ئاگرخانـە خـۆم
دڵ بەسـۆزو سـینە پـڕ ئـاهم، لـە دووری دۆسـتان
وا پەڕاگەنـدەی زەمـانم، بێکـەسو تاقانـە خـۆم
تۆ لـە تەلعەتـدا وەکـو بـاخی بەهەشـتی، جیلـوەدەر
مـن لـە نـاڵینو خرۆشـا، مـورغی گوسـتاخانە خـۆم
دائـیرەی گریـەو خرۆشـم، مەرکـەزێ وێـران ئـەکا
شـینو قورپێوانمـە، سـەر پـڕ خەمـی خوخانـە خـۆم

ئـەی خـودا، مـردم لـە تـاوی عیـشوەیی بـاڵای یـار
تۆ شەهەنـشاهی عمـوومی، سـائیلی دەرگانـە خـۆم
بـۆ نیـازو بـەزمو ڕەزمـی گەردشـی مەیخانـە تـۆ
پڕ غـەمو، ماتەمزەدەو، گەردن کـەچو مەسـتانە خـۆم
کولبـەیی بـەختم، ڕەواجـی دەنکـە جـۆییێکی نـەما
(ڕاجیـا)! سـافیی سـپێدەو، ڕەنگـی ئێوارانـە خـۆم.

(٤٣)

لـــە نـــاو بـــەحری فیراقـــت، بـــا نـــەخنکێم
کـــەنارێکم لـــە دەســـتا بگـــرە، دەربـــێم
غـــولامێکم لـــە دەرگانـــەی ویـــسالا
لـــە شـــۆرا، گـــەر تـــۆ نـــازانی ئـــەمن کـــێم؟
لـــە میحەنەتـــدا، لەبـــەر پـــەنهانی کوڵمـــەت
بـــە چـــاوی زاهـــیرو بـــاتین، دەگـــرییێم
کـــە ئاگرخانـــەیی عیـــشقت بـــە گـــڕ هـــات
لـــە دەورەی عالەمـــەو، هـــەر مـــن دەســـووتێم
لـــە ڕێگـــەم وەقفـــە گـــەر ناکـــەی، ئـــەزانی؟
عەجـــەب نابـــێ وەکـــو بـــەنزین نـــەگرفێم!
بـــە بـــێ ئـــاوی حـــەیاتی لێـــوو خەنـــدەت
لەســـەر مـــن عەهـــدی وشـــکیی بـــێ، نەڕسـکێم
بـــە نیـــوە ئیلتیفـــاتێکی، ئـــەزانێ
لـــە بەنـــدی نامورادیـــدا دەفـــەوتێم!
حـــەبیبا! گـــەر دەپرســـی حـــاڵی چـــاوم
دەمـــێ پـــڕ مـــەوجی خوێنـــاوە، دەمـــێ دێـــم
لـــە تـــاریکی شـــەوی بـــەختم بـــە شـــوعلەی
مەحەببـــەت، بـــۆ دیـــاری ماچـــی دەم دێـــم

ئەگــــەر شـــــادم، وە یـــــا زارو نـــــەزارم
لـــە ســـایەی زوڵفـــە ، نـــابینم بـــەری پـــێم
لـــە یـــارم مەتڵەبـــە یـــەك بۆســـە ، (ڕاجـــی)
بـــــلا، ترســـــی دڵو دینـــــە کـــــە بیڵـــــێم.

(٤٤)

بـا لـە خانـەی عوشـرەتا، کـارێکی دەسـتووری بڵـێم
تـــا درەوشـــی ڕووی دەدا ، ناڵـــەیکی دەیجـــووری بڵـــێم
مـن بـە کـامی لێوەکانـت، غائیلـەی عیـسا بکـەم
یـا بـەیادی قامـەتی تـۆ، ئایـەتی (تـوور)ی بڵـێم؟
چـەندە وەسـفی تـۆ بکـەم، مابەینـە وەك ئـەرزو سـەما
جا مەگەر هەر بۆ مەسەل، میصباحەکەی نـووری بڵـێم
چـاوی شـۆخی یارەکـەم هەرچـەندە کاڵـە، پێـدەگا
بـا ئـەمن جـارێ بـە گـوێرەی سـێوی لاسـووری بڵـێم
باسـی دەریـایی دوو چـاوم کـەم، لـە تۆفـانی فـیراق
یا لـە گـەرمیی دڵ هـەوای ئـاهێکی تەنـدووری بڵـێم؟
چـیم لـە نێزیکـی حـەبیبان داوە، وا مـەدحی ئەکـەم
قاعیـدەی وایـە بـە دایـم، زەلزەلـەی دووری بڵـێم
بـاغی حوسـنی ڕوومـەتت، ئـەی دلبـەرا ڕازایـەوە
بـا بـە ئاهـەنگی عێراقـی، لالـەوو سـووری بڵـێم
تـا لـە غەمخانـەی فیراقـم، شـینی ناشـادیمە مـن
چـاکە هـاوارو فوغـان کـەم، حـاڵی ڕەنجـووری بڵـێم
(ڕاجیـا)، بـۆ زوڵفـی دووتـا، تـا بـە تـا بیخوێنـەوە
نوختە نوختە، خەت بەخەت، گەر نەزمی گەنجووری بڵێم.

❊❊

## -ن-

### (١)

دڵم پشکۆ، دەروون تەندوورە قوربان
هەناسەم سەردو، تەن مەغموورە قوربان
تەماشا ڕێژەنی خوێناوی چاوم
دەڵێی لێشاوەکەی ناعوورە قوربان
لە دووری تۆ، سبەینانو ئێواران
لەبەر مەددی نەزەر دەیجوورە قوربان
کەرەم فەرموو لە تۆزی ڕێگەت، ئەی دۆست
کە چاوم دوور لە تۆ، بێ نوورە قوربان
دەماغم ڕۆژو شەو پڕ شۆڕو جەنگە
دەڵێی هێلانەیی زەنبوورە قوربان
سەرو ڕووت بۆ هەموو کەس بێ حیجابە
چ ڕەحمێکە؟ لەمن مەستوورە قوربان
کە ڕۆژی ڕوویی تۆی پۆشیوە هیندو
گوناهێکە، بە ئەو مەغفوورە قوربان
قوڕی کوێ کەم بەسەر خۆما لە تاوت
دڵم تۆراوە، دایم دوورە قوربان
هەمیشە چاوەنۆڕی دەستی ساقیم
جگەر خشتورو، تەن خاپوورە قوربان
بە (ڕاجی) ڕوو نماکەو، میهرەبان بە
لە خەندێکی لەبت مەسروورە قوربان.

### (٢)

تەرزێکی جگەر ڕەنگە، خوێنی دڵی بێ دەستان
بۆ مەشقی خەتو خاڵی، موژگانی دژم وەستان
نەشئەی قەدو باڵاکەی، شمشادی بە بەر با دا
شێوەی سەرو کاکۆڵی، ڕەیحانەوو موشکستان

دونیا له هەوای عیشقا، چەرخێکی شلك پێیە
زەڕڕێك بوو سەما چێشتی، هەر گێژە وەکو مەستان
ئاسایشی هەر مەنزڵ، سەبری دڵی بێچارە
لاکین به چ دای بوکتی، عەقڵ‌و دڵ‌و دین هەستان
عەنقایی زەمان عیشقە، ڕەنگی که بە چاو نایێ
ئاساری لە عالەمدا، پەیدا وەکو تەڕدەستان
ئاوێنەیی بێ ژەنگم، وەختێ کە بەرەو ڕوو بم
ئێستا کە لە دووری تۆم، ڕاخستووە ژەنگستان
(ڕاجی)! مەدە ئیعلانی حەربی ئەمەل‌و عیشقا
موفلیس لە هەموو لایێ، چوە ڕیزەیی پابەستان.

(٣)

یاری گیانیم لێ ئەکەیتە دوژمنی دینم، زەمان
قارەمانییشم ئەکەیتە شین‌و نالینم، زەمان
داغ ئەخەیتە جەرگی گەش، بەرگی پەلاسم پێ ئەدەی
ئۆقرە ناکەم، ناخەوم، هەر خزمی نەفرینم، زەمان
خانه سووتاوی چرای چاکەم، چ بۆنسۆ دێ لە ژین!
شیوەن‌و غەوغا ئەگێڕی تۆ بە شوێن ژینم، زەمان
خاکی خۆمت کردە گرد‌و سەنگەری باس‌و هەرا
شانی بەرزت گرتمە ناو داوی گەوزینم، زەمان
دانش‌و هۆشت لە بیری بێ ڕەوی پڕ کردمەوە
تووزەلەت لێداو، زلەت لێدام‌و، بن چینم، زەمان
چونکە لەم دونیایەدا، جێگەی سەعاتێکم نییە
وا ئەزانم لەو سەریش، بێ ناوو ڕاشینم، زەمان
هەرچی ئەیکەی بیکە، گۆمی قووڵ مەلەی خۆشە، ئیتر
نامەوێ ناوونیشان‌و هۆزو ئایینم، زەمان
دۆست‌و دوژمن گشتی لێت هاندام‌و، کینەت خستە دڵ
هیچ زەرەر ناکەم کە ڕووت‌و قووت‌و غەمگینم، زەمان

پایەماڵم کەی گەلێ خۆشیمە، نەك بکەی بە شا
چونکە حەق خۆی بێکەسە، ئاواتە ناسینم، زەمان
هەرچی هاتە ڕێگەمو خۆی خستە باوەش، بۆ تکا
تۆ دەرت هێنا لە باوەشمو لە بالێنم، زەمان
من کوڕی جارانو تۆ هەر کاتە جۆرێکی تری
نایەیە بەر دڵ بە چاوی پڕ لە ئەسرینم، زەمان
گەرچی (ژیکۆ) مایە سووتاوە، کەخۆی ماوە لەخۆی
هەر ئەلێ: من بەسمە خۆم خوێنداری گوڵچینم، زەمان.

(٤)

لە دەس چوو عەقڵو دینم، بە جیلوەی ڕوویی نازداران
بە بەر - با - مدا لەبەر بادە، سەرو ماڵو دڵی جاران
لە باخی سۆزدا عاشق ئەبێ ئوستادی بولبول بێ
نەوەك عومری بە سەربا سەر بەفرسەت، چەشنی هوشیاران
کە مەولا ڕەحمی زۆرە، گەر لە گەردەن بەستم ئۆباڵت
فیداتم موتریبا، خۆش، هەستە لێدە سازی بێداران
ئیتر پیشەی قەدیمی تۆ، سەراپا لوتفو ئیحسانە
بەڕەحمی خۆت بگە هانامو دەرچم سا لە هاواران
حەبیبا! کەی لەناو دوو دوژمنا، جێگایی تەمکینە؟
وەرە یاریی، نەجاتمدە، سەنەم، یا بکە تیرباران
ئەگەر سەختم، ئەگەر نەرمم، لە ئاهم وا دیاری دا
تەواوە جیسممو لێدە، تکەی ئیکسیری ڕووی یاران
لەلایێ کەوتووە (ڕاجی)، لەلایێ نووستووە دڵبەر
وەکو من بەختی بەسراوە، لە سارا یا لەنێو شاران.

(٥)

ئەو کۆمەڵە کوردانە، دەڵێی شاهی زەمانن
خۆش فەهمو خیرەد، حیزی ملوکانی جیهانن

وەختێ کە ئەچن بۆ شەڕو شۆڕ، ئاگری زەیتن
وەختێ تەقەلا چاپکو، وەك ئاوی ڕەوانن
وەختێ کە ئەبەن ناوی هەوەسبازی یو مەستی
گوڵزاری ئیرەم، لالەیی دامەن هەمەدانن
خاوەن حەسەبو ڕندنو، بێباکنو مەستوور
ڕەنگین قەڵەمو، خۆش خەتو، شیرین، بە زمانن
مەحبووبنو، سەربەرزنو، شاداوی مەلاحەت
دڵدارنو، هەموارنو، هەر زاڵو بەسامن
بۆ ڕۆژی هەرا، هەروەکو عیفریتی بە هەڵمەت
بۆ دوژمنی سەر، ئافەتی پڕ ناوو نیشانن
هەر تایەفە، گەردەن کەچی ئەو کۆمەڵە نابن
مەڕدوودنو، فەرتووتنو، بێ عەقڵو نەزانن
هەقناسنو، بێ باسنو، دەربازی تەمو غەم
زانراوە لە دنیاوە، هەموو ئەهلی جینانن
(ڕاجی)! نییە حاجەت بە قەڵەم بیخەیە نووسین
سەربەرزی هەموو عالەمو، عالی، بە مەکانن.

(٦)

بەزمو هەوایی گوڵشەن، بۆ ئێمە بوو درەخشان
تا لوتفی گوڵ نەبینین، دڵ زاری کونجی زیندان
وا عومری من بەسەرچوو، تاکەی جەفا بکێشم
خوا بتگرێ وەفاکە، ماچێك لە هەردوو لێوان
وەك لالەزاری ڕووی تۆ، هاتو نەسیمی ئەنگوت
پێویستە گەر حیسابم بکرێ لە ڕیزی ڕەندان
میحنەت زەدەی برۆتم، تا تاقو جووتە بۆ فێڵ
قوربان! وەرە بنۆشین، من خوڕڕەمو تۆ خەندان
ڕۆحم لەلات بەجێما، هەردوو ڕەئی بەیان بوو
من سوێند ئەخۆم، دڵیشم، حاشا نەچۆتە هیجران

سەرمەستی غـەمزەییێکم، سـەودا دەمـاغی تـیریَ
قەت ڕەنگ نییە لەگەڵ تۆ، ڕۆستەم کە بێتە مەیـدان
دڵ داییمـا خەریکـە، بـەم کـوورەیی خـەیاڵات
بۆ جۆشی تیری ئولفـەت، بێسوودە چەکوچ و سـندان
زیـوین بـەدەن هەتاکـەی، بـێ ڕەحـم و بـێ زەکـاتی؟
ڕەحم و زەکاتـە پێویـست، هـەردەم لەسـەر موسـڵمان
پێموت: بەماچی چـاوت، گـەردن کەچـم، وتـی پـێم:
(ڕاجی) ڕجا کەمێك بوو، کردت بە بەحری عومـان!!.

(٧)

ئەم خاك و هـەواو ئـاوە، کـە بـێ نـاوە بـە یـەزدان
هـەر فێـری دیموکراتییـو سەرچـاوە، بـە یـەزدان
بەرچـاوەیی هـۆزێکی ئەدەبپـەروەرو ژیـن بـوو
ئیمڕۆکەیە دوو چـاوی بـە گـل مـاوە، بـە یـەزدان
عیلم و هونەری داوە بـە بـا، کـوردی خـەریك مـاو
مەندیلی لەسەر دوژمنی خـۆی نـاوە، بـە یـەزدان
پاشـاوو گـەدا، عـالم و خـاوەن مـەڕو ڕەنجبـەر
هەر ئێکـە بـە مەوجێکـەوە خنکـاوە، بـە یـەزدان
بێ تانە کە خۆم کردە سوپەر، بـۆ سـەری میللـەت
بۆ شوێنە ونـیم، سـەد لـەپی لێـداوە بـە یـەزدان
نـابینی؟ چـلۆن بـاغ و مـەزاری دڵـی دوژمـن
ڕازاوەتـەوە، تـازەوو پـاراوە بـە یـەزدان
ماتـەمزەدەوو کەوتـەیی بـن بـاری فەلاکـەت
مـاوین و دڵـیش پەسـت و پەشـۆکاوە، بـە یـەزدان
بێ قونبەلـە، بـێ تـائیرە، بـێ مـوخنیقی غـازات
ئازۆت و ئۆکسجینی مـە، هـەر نـاوە بـە یـەزدان
نیمانـە سـەرو سـیرەتی کـارو، دڵـی بـاوەڕ
دڵ وشکی مەعاریف بـووە، گوشـراوە، بـە یـەزدان

هـــەر زاهیـــدی غـــەددارە، ئـــیتر چـــاوەنوارە
مـــردن بەســـەریکاتەوە، ناکـــاوە، بـــە یـــەزدان
هەر شێخی مـل ئەسـتوورە، بـە بـەرماڵی ڕیـایی
پـــەردەی بەســـەری غەفڵـــەتی داداوە، بـــە یـــەزدان
دەروێـــشی مـــەکربازو، بـــەرازی کـــوڵی نـــانیی
هـــەر یـــەك بـــە ســـواڵێکەوە پـــڕژاوە، بـــە یـــەزدان
هەر هۆبەوو هەر هـۆزە، بـە ناوبـانگی عەشـیرەت
دونـدانی لـە کورتانـەیی خـۆی نـاوە، بـە یـەزدان
خـۆ بێمـە سـەرو کـۆکرِی جـاحێڵی لـە نـاو شـار
وەی وەی! کە لـە ڕوو، پـۆدرەی لێـداوە بـە یـەزدان
بـیری نییـە، قەومییـەتی چـی؟ لووسـییە کـاری
خۆی بۆ بەری پێی بیجبیجە کێشاوە، بـە یـەزدان
پیرانی ڕدێن پەشمو خوریو مـوو، بـە قـسەی پـان
هەر ئێکە ئەڵێی مستی لە کەر داوە، بـە یـەزدان
خـۆ کۆمـەڵی ئاغـەو بـەگو سـەردارو گزیـران
هەر ئێکە لە ڕێی پارووێ، سـەد چـاوە بـە یـەزدان
هەر باسو قـسەی فیتنەگـەریو، سـۆزی کـچو ژن
سـەودا لـە مـلو گـەردەنی هـاڵاوە، بـە یـەزدان
ئێکـێ ڕەشو، ئێکـێ سـپییو سـوورەیی چاوشـین
هەر لۆمەوو هەر غەیبەتو، هەر ڕاوە بـە یـەزدان
باسـێکی مـشوورو گـەلو زانـستو سـەروکار
ڕەش بۆتـەوە، لـەم لاپـەڕە بـەولاوە بـە یـەزدان
هـۆ کاکـە، منـیش مـردمو مـەرگم بـە گژاچـوو
بینۆشـە دووای مـن، هـەموو تـاڵاوە بـە یـەزدان
ئـەووەڵ شـڕو، ئـاخر شـەڕو، ناوەنـدی گـەچوگێڕ
هەر بـۆ مـنو هـەر بـۆ تـوە، بژاراوە بـە یـەزدان

(پشکۆ)، چییه؟ بەرزی وەتەنت بێ سەروکارە؟!
هێشی له دڵی غەمزەدە هەرماوە، بە یەزدان.

(٨)

وەختی نییه ئێستاکە بمێنی لە هەواران
وا پایزی ڕەش هاتو، ئەقەومێ لە دەواران
ئاهی منی دڵ خەستە، کە ناوەستێ لە دیوار
کەی خۆ دەگرن قامەتی شمشادو چناران؟
ئاگر لە جگەر هەڵئەگرێنن، بە دەمی سارد
خۆ گەرم دەکەن، چیلکە ئەکێشن بە هەزاران
پەرژین بەگوڵو سونبول ئەکەن، ڕوومەتی کافوور
خوێنی جگەرو دیدە ئەرێژن بە هەژاران
خووگیرو، خواگیرو، دڵئەندازو، هەواباز
نێچیر ئەکوژن، پایزو زستانو بەهاران
چەند خۆشە بە منداڵو نەفامان، بگەزی شەوق
نەك ببیە قوماربازی سەرو کۆفیەلاران
وەختێکە، لەبەر قرچەیی گەرمایە ئەسووتێی
کاتێکی لەشی، شەختە ئەبەستێ لە کەناران
عومرت بە فیدای هەڵقەیی ماچیکە، کە ناچی
گیانت بە هەوای خەندەیی، ئەڕوێ لە بەیاران
سەودا بە هەموو ساڵ مەکەوو کاتێ بناسە
پارەی هونەرت، قەت مەخە گیرفانی دەلاران
بۆ ئەو کەسە سووتاوە، لە تاوانی بسووتێ
هەر ئاگری ئەو خۆشکە، بە لادێوو بە شاران
(پشکۆ)، بە مەقاشی بگرن بۆ جگەرەی لێو
گیانی بە گەشی دێتە بەرەو پیری نیگاران.

(٩)

## کارەساتی هێرشی کوللە زەرد

کـــە وەختـــێ ئاشـــکرابوو ســـووچ و تـــاوان
بـــەلا وەر بـــوو، بـــەناو قـــەومی موســـڵمان
لـــە ســـاڵی نۆســـەدو پـــەنجاوو ســـێ دا
هـــەژاران کەوتنـــە فرمێـــسك بـــاران
لـــە لایـــێ گەنمـــە ســـوورە ژەنگـــی لێـــدا
لـــە لایـــێ دڕك و داڵ، زیـــوان و زیـــزان
لـــە لایـــێ بـــوو تـــەمای خەرمانـــە ڕەشـــکە
بـــە دەس منـــداڵ، گـــەلێکی هاتـــە ســـووتان
ســـەپان و مامـــەجوتیار، دڵ بـــە غـــەم بـــوون
دەمـــاری پـــشت و دڵیـــان کەوتـــە هێـــشان
لـــەناکاو، جـــگ لەوانـــە، لەشـــکری زەرد
هجـــوومی کـــرد، بـــە ســـونگی هاتـــە مەیـــدان
بـــە نێـــرو مێـــوە تێکـــەڵ، وەك هەڵاتـــە
هەلوعـــەو، تێـــری ناکـــا خـــاکی کـــوردان
کـــە ســـەیرێکی هـــەواو ئـــاوو گیـــای کـــرد
هـــەموو بوونـــە عیـــشقبازو گرانجـــان
یـــەك و دوو ســـواری یـــەکتر بـــوون، هـــەوایی
کـــە گرتـــی ڕووی زەمـــین و، پۆشـــی ئاسمـــان
یـــەقینی کـــرد، بـــە دەس ئێمـــە ئەفـــەوتێ
گـــەرای دانـــا، لـــە وەردو ڕەمـــڵ و دەشـــتان
حکوومـــەت کەوتـــە پرســـیاری ئـــەهالی
بـــە قـــانوونی زیراعـــەت هاتـــە جـــەولان
بـــەلاغی دایـــە مـــەئموورو موفـــەتتیش
کـــە پـــۆلیس چـــوونە ســـەر موختـــاری گونـــدان

نموونـــەی هەڵکـــەنن، جێگـــەی بـــزانن
هـــەتا میزانییـــەی کـــەن، گـــورج و چەســـپان
کـــە مـــەعلووم بـــوو، لـــە مـــەئمووری مەحـــەللی
خـــەریك بوونـــە قـــسەو بەرقییـــە لێـــدان
وەزارەت کەوتـــە تەخسیـــسی مەســـاریف
بـــە دامـــەزرانی چـــەند لیژنـــە لـــە گـــەنجان
بـــە هـــەژنۆ ڕۆژ کـــەمتر، ئـــەو کوللـــەی زەرد
ژیـــاوە، کاکـــە! وێنـــەی ئـــاوی تۆفـــان
بە سوڵتەی خۆی موخـەووەل، (مـستەفا بـەگ)
کـــە مـــەئموورە لـــە کۆیـــە، بێگـــی جافـــان
بـــە بارخانـــەی جـــەلب کـــردن، عـــەقاقیر
سەم و گونییـــەو کەپـــەك، بـــێ حـــەدد و حوســـبان
لـــە شـــەرقی کۆیـــە، داینـــا دوو موراقیـــب
ئـــەوانیش (واحیـــد ئاغـــا)و کاکـــە(ڕەحمـــان)
چ تێکۆشـــــەر، نەبـــــەز، گـــــەنج و دلاوەر
تەهەمتـــەن، کیمییـــاوی، مـــەردی مەیـــدان
کـــە هـــەر ئێکـــە، بـــە لیـــژنێکی کرێکـــار
خـــەباتیان خـــستە دەشـــت و چـــۆم و گـــردان
تـــــوڕومبێلێکی لـــــۆری، وەك فڕۆکـــــە
ئەکێـــشێ، گـــشتی پێویـــستی ڕەزو بـــان
شـــۆفێر کـــاك (ئەحمـــەد)ە، وریـــاوو ئـــازا
قـــسەو ڕوو خـــۆش و، لێـــوی پـــڕ لـــە خەنـــدان
لە لیژنـــەی ئێمـــەدا، ئـــەمن و (فـــەقێ حوسێن)
نیـــشاندارو، جڵـــەوکێش و، قومانـــدان
دوو (عەبـــدوڵلا)، یـــەکێ کـــۆیی، ئـــەویتر
دلێرێکـــی بـــە ناوبانگـــە، لـــە(بـــەرزان)

لــە ئەســڵی هــۆزی کــوردە، (لاوە مـــیرزا)
دوو ئـــامۆزا، بـــەڵێ (تۆفیـــقو عوسمـــان)
موڕەتتــەب (مــام تــەها)یــە، ئەسڵی خۆشـناو
(سمایـــل)، حاریـــسی گـــەنجو خـــەزێنان
وەلاغـــدارێکی عەنتیکـــە، (کـــەریم بـــەگ)
ســـوواری ئەســـپە بـــۆرە، وەختـــی بـــازدان
ســـەرۆکی لیژنـــە، (عەبدولواحیـــد ئاغـــا)
غـــەفووری، خانـــەدانو خـــاوەنی شـــان
ســـەرۆکی لیژنـــەیی (دۆنـــدار)و لای (کـــۆ)
حـــەوێزی، گـــەنجی جێـــدار کاکـــە (ڕەحمـــان)
کـــە (ئیـــبراهیم)ە، مۆســـیقا لـــە جـــەنگا
هـــەمووی سەرخۆشـــە، گـــشتی، گـــەنجو لاوان
هــــــەموو، وەك پاڵــــــەوانی ڕۆژی داوا
هـــەموو ئوســـتادو، خـــاوەن ڕێـــزو مـــەعلان
هـــەموو ڕۆژێ، لـــە لایـــێ بـــانگو هـــاوار
کـــە لەشـــکر هاتـــە نـــاو تووتنـــانو مـــاڵان
(حـــسێن خـــاتوون)، کـــزو سەرســـامو ســـاوا
لـــە نـــاعوورو، پیـــازو، شـــەتڵو، بێـــستان
ســـەدایی (یادگـــار)و (مامـــە زەینـــەڵ)
لەگـەڵ (ئەحمـەد مەجیـد)و، کاکـە (قوربـان)
کـوڕە هیـچمان نـەما، مـردین لـە نـاو پـاس
دەســـوبرد کـــەن، نـــەوەك بخـــوا منـــاڵان
لـــە زەرفـــی چـــەند ڕۆژێکـــی، ســـوار بـــووین
نەبووین موحتاجی چـەك، بێجگـە لـە دەرمـان
کـــە ئێمـــەین لەشـــکرێکی پـــڕ لـــە نەســـرەت
کـــەمێ بـــووین، زۆری کـــردین حـــەققی یـــەزدان

بە غازو قونبەلەی زەڕڕە، بە ئیش چووین
کە ئیشی پێنەکردبوو، جەیشی ئەڵمان
ئیتر هاواری عالەم، وا بڵند بوو
تەمی پۆشی، سەرو لاچاوی دێیان
دەمێ (ئەلیاسەسوور)ی کەسنەزانی
دەمێ (قەسر)ێ، دەمێکی خەڵکی(کاولان)
دەمێکی(گۆمەشین)و (کانی هەنجیر)
دەمێ(کانی ڕەش)و، لای (قازی بەگیان)
لە هەر جەحفەل، کە ڕوومان تێ ئەکردن
لە ترسا، جەیشی زەرد گشتی ئەخنکان
لە ناو خۆمان ئەگرت، ئەو لەشکری زۆر
بە دەرمانو بە شوڕکان، دوور لە بوختان
بە ساتێ، جەحفەلێکمان لێ ئەکوشتن
شەڕی ئێمەو، سروورو جەژنی تەیران
گەلێ جاران بە بەر ئەزیەت ئەکەوتین
لەجێی ناخۆشو نووسەك پێوە نووسان
خەیاڵی هەندەسەو، ڕەسمو، خەریتە
فرێماندا، لە خوتتەی کاری دەوران
مەلێن بێ ڕێو تەقدیر، ناکرێن ئیش
چ ئیشێکە، کە نەیکا عیلمو ئیمان
بە سەردان هاتە لامان، کاکە(ڕەحمان)
لە ڕۆژی بیستو سێی مانگی حوزەیران
لەگەڵ کاك (ئەحمەد)و (ئیبراهیم ئاغا)
لە کردەو جەنگو ڕەزمی مە، عەجەب مان
شەوێکی پێکەوە، ژینمان بەسەر برد
بە شمشاڵو، دەفو، حەیرانو، گۆران

بـــژی قائیممـــــەقامی شـــاری(کۆیـــــە)
لـــە بەرزیـــدا، کـــە بۆتـــە مەعـــدەن‌و کـــان
جـــەنابی(مـــستەفا بـــەگ)، دڵ بـــە ســـەفوەت
جیهانگیرێکـــــە، زاتـــــەن خزمـــــی خۆمـــــان
مـــولاحیز هاتـــە لامـــان، کاکـــە (جـــەبار)
دەلیلـــی عـــەقڵ‌و عیلمـــەو، جـــوودی ئینـــسان
گـــەش‌و ڕووخـــۆش‌و، فیکـــری پـــڕ لـــە حیکمـــەت
قیافـــەت ڕێـــك‌و ڕوح ســـووك‌و كـــزەی گیـــان
قـــدوومی ئـــەو، کوللـــەی لابـــردو ڕۆیـــی
ئـــەوەی مـــابوو، بـــەتاو ڕووی کـــردە کوێـــستان
ئـــەکا پێشکێـــشی ئـــەم تەئریخـــە، (ڕاجـــی)
دیـــــــاری خۆشەویـــــــستان‌و برایـــــــان.

**حوزەیرانی/ ١٩٥٣-گوندی کۆکە**[1]

(١٠)

جام‌و، دوو لەب‌و، چـاوی سـیا، هەردەمـە مەسـتن
جـان‌و دڵـی مـن، بەنـدو هـەواخواهی قەفەسـتن
تۆ شـەککەری شـیرینییو، هـەنگوینی موصـەففا
موفتی‌و من‌و قـازییو ڕەقیـب، مـێش‌و مەگەسـتن
عـەقڵ‌و ئـەدەب‌و، سـەبرو شـەکیب‌و دڵ‌و دیـنم
بۆ ڕەسمـی سـەفەر، مونتـەزیری دەنگـی جەرەسـتن
کەوتۆتـە دڵان، زەلزەلـەیی سـەتوەتی شـۆخیت
حوورو پـەرییو شـاه و گـەدا، عـەدمی هەوەسـتن
ئـەم سـێبەرە، کـانی نـەزەرو زەوق‌و حەیاتـە
ئـەهلی خەبـەری ئێمـە، سـەفا پۆشـی نەفەسـتن

١- گوندێکە لە گوندەکانی دەشتی کۆیە.

مەعلوومە بە ئەم شۆخییە، ئەسکەندەرو ئاسەف
پابەستەوو سەرگەشتەیی یەك نیوە نەعەستن
(ڕاجی)! چییە وەك هەوری ئەجەل، شەکوە دەگێڕی؟
ئەهلی تەرەبو مەیکەدە نێزیکە کە هەستن!!.

(١١)

لە چینو تاری گێسووتا، بریقەو جۆششی ڕووتن
لە مەوجی مەشعەلەی ڕووتا، غولامو بەندی گێسووتن
لە گۆشەی چاوی مەخموورت، نیازو غەمزەوو نازت
لە قەتڵی ئێمە مەزبووتن، بە دوو شمشێری ئەبرووتن
کەمەر بەستەی قەدی شۆخت، چنارو سەروو شمشادن
شەقیقە، لەعلو یاقووتن، خەجاڵەتی لەبی قووتن
لە کونجی سینەما بەزمی خەیاڵو خاڵە دامەزرا
بە تاقی زەمزەمەی عیشقت، لەگەڵ بابی ئەجەل جووتن
شەفافیی چوو، سەما ناوی نەما، ڕووت هەڵکرا، جانا
دووسەد هاڕووتو ماڕووتن، سەراپا خاکی ناسووتن
غوباری ڕۆحی من چونکە، لەدامێنت خوداجۆ بوو
لە عەرشا ئەحمەدو عیسا، موریدی شاهی لاهووتن
حەقیقەتکارییە ئیمڕۆ، لە عەقڵو ڕۆحی بێدادم
تەریقەتدارییە، نەفسو هەوا مونقادو سەر ڕووتن
نەما سەبرم، تکا شەرمم، شکا نەقدم، پسا جەرگم
بە گردی، هەرچی هەمبوو من، لە ژێر تاڵانی جادووتن
لە قاپیی خێرو ئیحسانا، بە قاپیێ مەی کە (ڕاجی) بم
دڵو دیدەم تکاکاری، لەبو زاری شەکەرخووتن.

(١٢)

وەتەنپەروەرانم، چ لادێ، چ شارن
کوڕانو کەنیشکن، لە ژین بەختیارن

گــوڵم گــەر بپــشکوێ، لــەڕووی گــەنجو لاوان
ئــــەزانم لــــە تــــۆخی بــــەهاوو بــــەهارن
لــــە نــــەورۆزی هــــۆزی بــــەهێزو بــــە بــــیرم
پــــــژانو، خــــــژانو، هـــــــەژانی هـــــــەژارن
بــــە قــــاتی دە قــــاتی، قــــەڵاتو قــــەپاتن
خــــــــەباتی خـــــــەڵاتی وەڵاتو هـــــــــەوارن
بــە ئــاتۆمی هــۆشو، بــە نۆشــی جــەماتن
بــــەرەو ڕووی هومێــــدو، بــــەرو ڕووی وتــــارن
هونــــەر بــــەهرەوەر بــــوو، لەچــــاوی گــــەلم دا
تەماشــــا! لــــەبارو، لــــە کــــارو، لــــە دارن
لــــە قوچــــێ نەقووچــــان، چ چــــاوو چــــەماوێ
لــــە ڕەنجــــێ نــــەڕەنجان، چ دەســــتو چ زارن
لــــە کونجــــێ تــــرنجێن، ئــــەگونجێن برنجــــی
کــــە تێکــــڕا دەژیــــنو، کــــە پێکــــڕا دیــــارن
وەرامو مــــــــەرامن، دوروســــــــتو مەبەســــــــتن
بــــە داوایــــی دوژمـــــــن، پــــــڵاوو پــــــلارن
لــــە بــــورجی دلێــــری، وەکــــو شــــێری گــــورجن
بــــە ئــــازایی نــــازو، بــــە ڕاوو شــــکارن
ئەگــــەر تیپــــی دوژمــــن، لــــەڕوو ســــەد هــــەزارن
گــــەلی مــــن لــــە ڕۆژی هــــەرا گــــورگی هــــارن
بــە زانــینو مــەردیو، بــە پێشــچوونو بــوردن
ئــــیتر خۆشەویــــستی خوداوەنــــدی کــــارن
مــــەپونگێوە (پــــشکۆ)، لــــە ســــۆنگەی نیگــــاران
هــــەموو کــــەس دەزانــــێ، کــــە ئێــــوە خەســــارن.

(١٣)

یــاڕەببی ڕەقیبــان لــە پــەنایێ بــە فەناچــن
بۆ دەردی ئەجـەل بـێن و، هــەموو سـا بـە ڕجاچـن
وەك شـــێخ و مـــەلا، بوونـــە سەفاپۆشـــی زەمانـــە
ڕوو ڕەش ئەمەتـەن، زاهـیری، بـۆ ڕاهـی سەفاچـن
وەك شاهیدو ساقی، کـە بـە زەوقـی دڵ و مەسـتی
ئەو قەومە خودابینە، کـە بـۆ کەشـفی دوجـا چـن
جەمعی گوڵ و مـول، نـەرگس و شمـشادو وەنەوەشـە
هەســتاون ئەگــەر بــۆ قــەدەمی بــادی سەباچــن
هەرکــەس لــە خـسوسێکەوە دیتـت، وەرە سـەیران
قــەومێ بــە لــەناوبردنی ئــەو، هەڵــگری پاچــن
زاهید! بەسە مەمبینە، لەسەر لەوحـەیی عەرشـا
سەر نین کە ئەمانەی تـۆ ئـەبینی، هــەموو قاچــن
(ڕاجــی)، تــۆ بپــاڕێوە لــە دیــوانی دوعــادا
ئـەم جوملـە نەخۆشـانە، بـە دەرمـانی شیفاچـن.

(١٤)

ئـــەمجۆرە دەسیـــسانە، لـــە دینـــارو فلووســـن
ڕاوێـــژی گـــرەو ســـەندنی ئینگلیزیـــو ڕووســـن
هـــەر ئێکـــە بـــە ســـازێکەوە ئـــەم چـــەرخە ئـــەگێڕن
عاشــق بــە بــەرو ڕووی وەتــەن و، ڕوومــەتی لووســن
بــازاڕی ســەرو ماڵــە، کــە مــاڵی هــەموو مــاڵین
ساتێ نییــە، ســەد دەفتــەری ئیحــصا کــە نەنووســن
تێچوونی مە، پێ هاتنی وان، شــوومیی مــە، جەژنــە
ڕۆژانــی گــەش و باشــی مــە، هــەر شــۆڕش و بووســن
بـــۆ ڕۆژی ژیانیانـــە، ئـــەوان کـــات و ســـەعاتن
بۆ خێرو شـەڕی شـەو بەخەبـەر، چەشـنی خەرووسـن

ڕۆژێکــە، نــویٚ ســاڵی هــەموو کــوردی قەڵەنــدەر
ئەم جەژنە بکــەن، بــیٚ شــکە موڕتــەددو مەجووســن
تــا ئێمــە هــەبووین، خــەڵك ئەیانــداینیٚ ســەرانە
ئێستا بە ســەرو مــاڵی مــە، گــوومرگو موکووســن
نــەمزانی، نــە زاوایــنو نــە زاویــن، کــە ئەتاشــرێین
دوژمن کە بــە تــووکی ســەرو بــەر، نــۆرەوو مووســن
ئەو خەڵکە، هــەموو هــارو بــەخۆژیو لــە هەڵــستان
کوردینــە بەســە ســستییو، تاکــەی لــە جلووســن
بۆچــی نەتــەوە گــشتی بەســەرکەوتنو، ئێــوە
وا چــارە ڕەشــن عــەینی خــەڵووزو عەبەنووســن؟!
بەرپێــچە زەمــان، مووچــە بــڕاو، مووچــە زییــادن
خەڵکی لــە درووس، ئێــوە لــە بــن کوتــكو ترووســن
خمتــان خەنــە چــاو، ئێــوە لــە بــۆ دوژمنــەکانتان
وا کارەکــەرو عەبــدنو، هێــشتاکە عەبووســن
(ژیکــۆ)! وەتــەنت زۆرە، بەشــی هۆزەکــە ناکــا
لاموایــە، لەبــەر تەمبــەڵییو زۆرە نفووســن!!.

(١٥)

لە کــەناری ســەروی دڵبــەر، بــە تەڵــەب سکەندەرم مــن
بــە خومــاری چــاوی شــۆخی، لــە شــەفافی گوهــەرم مــن
بــە فیراقــی نازەنینــان، بــە ویــداعی یاســەمینان
لــە شــکەنجی عوقدەچــینان، بــە خــودا قەڵەنــدەرم مــن
چەمەنی ویساڵی مەحبووب، بە لەبی جەماڵی مــەوهووب
بەســەری خــەیاڵی ئاشــووب، لــە کــەنارە بــیٚ دەرم مــن
ســەری زوڵفــی ئــەو نیگــارە، دڵــی خستە ســەر قــەنارە
لــەبو نــازی تــا دیــارە، لــە دیــاری خەنجــەرم مــن
دەنوێنــیٚ چــاوی مەســتی، بــە دڵــی بڵنــد بەســتی
لــە یــەمی خومــار ڕستی، بــە هــەوا ســەمەندەرم مــن

لکـی بـەختی ناپەسـندم، بـەری وەسـڵی خـستو سـەندم
چ نـەخۆشو زەخمەنـدم، تووشـی دەردو کەسـەرم مـن
سـەری (ڕاجـی) گێـژو ماتـە، بـە خـودا بـێ دەسـتەڵاتە
ئـەوە بەنـدی عێلەسـاتە، چ بـەڵا بەسـەر سـەرم مـن!!.

(١٦)

هەموو ڕۆژێ بە ملیۆن، دەسـتو دامێـنی نـەمانم مـن
لەگەڵ ئاه و ئەسەف، پـەروەردەیی ڕێـی جاویـدانم مـن
گوڵی بەختم وەری، ئیکسیری وەسڵم خـاکی تێکـەڵ بـوو
بـە دەم داوی نیهـانم، یـا لەبـەر چـەرخی زەمـانم مـن!
بـە چـاوی خـۆم دەبیـنم، وا قیامـەت ڕابـووە ئیمـشەو
کەچی هێشتا خـەریکی کـاری عیـشقی نیـشتمانم مـن
هەموو عالەم بە گورجی ئیشی پێکهێنـاوو، یـا فـەوتا
بـەجارێ، سەرگوزەشـتەی پـیرو لاوو دڵبـەرانم مـن
دەفەرموێ، کێوی خەم تۆ هەڵکەنە، ئەو شـۆخە شـیرینە
لەبـەر بـێ ئیلتیفـاتی، وا دەزانـێ پاڵـەوانم مـن
بـە کـوللی سـەبرو هێـزم لـێ بـڕاوە، مـن بریـندارم
خەتەرمەندو، زەعیفو، بێ کـەسو قـەلبو زمـانم مـن
نـەفیرم ئاسمـانی گرتـووە، هـاواری ئەملاکـە
کە ئەمشەو بۆ خرۆشی عەقڵو عیرفـان، پاسـەوانم مـن
لەبەر تەوقی کەمەر، خڕخـاڵی پێیـە، بەنـدی ئـەرواحم
لە پێـی یارانـەوە ڕوح سـووکم، ئـەمما سـەر گـرانم مـن
ئەمان ئامانە هـەرلا، دائـیرەی عیـشقی دڵـی (ڕاجـی)
بەڵێ، نوختەی بەرابەر مەرکـەزی جـەوری بتـانم مـن!!.

(١٧)

یار هاتـە سـەر هەواڵـەی، ئـەم دڵـەی خـەرابی مـن
ڕەسیدی کـرد دەفتـەری عیـشقی بـێ حیـسابی مـن

ئـەی دڵ بناڵـە تاکـەی، ئەکێـشی تـۆ بـاری غـەم
ڕۆیـی بـە بـێ نیـشانە، خـەتی بـێ جـەوابی مـن
هــاوارە ســا ڕەفیقــانی غــەمکێش‌و پــڕ بــەڵا
بێ خـود بـە دەشـتی خستم، هـەوایی شـەرابی مـن
ســەبا وەرە بــزانم، لــە گوڵــشەن چ دائــیرە؟
لـە بـەینی بولبـولانی قەلەنـدەر بـە تـابی مـن
ئـاخۆ بـە نـازو عیـشوە، ئـەدا کـامی بێکەسـان
ئــەو نازەنینــەی دلبــەری عــالی جــەنابی مــن؟
هەرچــەندە مــن بــە ســۆزو ناڵــەوە وەرام ئــەدەم
ئـاخۆ کـەمێ ئەگاتـە، شـەهی بـێ حیجـابی مـن؟
(ڕاجـی) وەرە لـە ڕوویـی یـەقین هەڵکـە چـل چـرا
تـا لـە عەکـسی حەرفـەوە، بگـرێ شـیهابی مـن.

(١٨)

کـێ هەیـە گـەر بێتـە هـاواری دڵـی پـڕ دەردی مـن؟
کێ دەکا دەرمـانی دەردی هەمـدەمی خواکـەردی مـن؟
گـەر بگریـەم تـا قیامـەت، نایـا نـۆرەی پێکـەنین
کـشتی نابــێ ئــاوەزاری نابــەکاری عــەردی مــن
ناڵــەنالم ڕۆژو شــەو دێــتو، نەگەییــە هــیچ کــەس
چی نەکرد سەد ساڵە لەم مەیدانـە ئـاهی سـەردی مـن
دڵ بــەجارێ بۆتــە بــاری هــۆش‌و عــەقڵ‌و غاییلــەم
پشتی خۆم ئەشکێنێ گەر بیهاوەمە دوژمن بەردی مـن!!
ڕاخزی مـاری غـەمی تـۆ، کەوتـە نـاو کـونجی دەمـاغ
خۆی لەناو سك نـا بـەهێڕی بەختەکـەی نامـەردی مـن
نیمە تاوی غەم بە سەد ئەسـپەر، لـە مەیـدانی ئەمـەل
وا دەگاتــە چــەرخی نۆیــەم، ناڵــەیی شــەوگەردی مــن
نیعمــەتم هــەر ئـاخو داخـە، زینـەتم فرمێـسکی ئـاڵ
خــوێنی چــاوی خۆمــە بــردی ئـابڕوویی زەردی مــن

هەر کەسێ هاتو خەنی بوو، تێخزایە گەنجی بەش
دڕكو داڵیشی نەهێناوە، براکەم! وەردی من
(ڕاجیا)، دەرگەی ویسالْت لێ بە قوڕ گیراوە، سا
حاڵی تۆش وەك داشی ڕیسوا، کەوتە بەرپێی نەردی من.

(١٩)

نایەتە سەر مەقامی دڵ، بە شووریبو جنوونی من
نایەتە کاری باغو گوڵ، بە بولبولی زەبوونی من
دوێنێ گوڵ بە دەستەوە، لە دەستی خۆم دەگەستەوە
لە ڕوویی تۆی دەبەستەوە، قەترەیی ئەشکی خوونی من
پەنجە لەگەڵ کەمەر دەکا، مەیلی لە دەردی سەر دەکا
خۆی بە هەبا هەدەر دەکا، خەیاڵی توون بە توونی من
جیلوەیی جامی مەی دەوێ، ساقی یو بەزمی کەی دەوێ
موتریبو هەلهەلەی دەوێ، غەم لە دڵی نگوونی من
ناگەمە کاروباری تۆ، نیمە سەری دیاری تۆ
لەو چەمو خونچەزاری تۆ، بێ وەجە هاتوچوونی من
پەرچەمی خستە پێچو خەم، خاڵو خەتی خرایە دەم
تامی نەماوە زۆرو کەم، چاوەیی ئۆرغەنوونی من
کاری بە زەبری ئەبرووە، هەر فێری مەکرو جادووە
چونکە لە هەر لاوە ڕووە، باتیڵە تیغ سوونی من
بمخەرە زنجیری ئەمەل، بمدەرە بەر چەرخی ئەجەل
چارە دەکەی بەڵکە لەگەڵ، جنوونی پڕ فنوونی من
هاتەوە (ڕاجی) بە ستەم، کەوتە فوغانو دەردو غەم
دیدەیی ڕوونی بوونی ئەم، هاتەوە ڕووی نەبوونی من.

(٢٠)

ئەم تاقمە خاڵانە، کەوا دڵ ئەڕفێنن
لەو کوورەیی سەر کوڵمە، بە تاوی ئەدەمێنن

ئەم دەستەیی خەتتانە، بە دەم زوڵفی سیەهمار
یەك ڕشتەیی جەرگم هەیە، وا ئەیپچڕێنن
ئەم جوملە نیگارانە، لە ڕووی حوسنو لەتافەت
بێ ئاوی حەیا، بولبولی من هەڵئەفڕێنن
ئەم جەمعە تەبیبانە، لەسەر زامی بریندار
سەبرو خێرەدی عاشقی بێ دڵ ئەستێنن
ئەم مەجمەعە تاساتە، لەسەر چاوی خەرابات
دینی غورەبا، هەر بە تیجاراتی ئەهێنن
ئەم حەلقەیی دڵدارو مەیو موتریبو ساقی
بازاڕی جینان، لەحزە بە لەحزە ئەشكێنن
ئەی دڵ، تۆ لەگەڵ ڕۆحی بریندار لە دەس دۆست
لەم كونجی تەنی (ڕاجی)یی ئاوارە مەمێنن.

(٢١)

ئەسرین جە سەر چەم، وەكوڵ، وەجۆشەن
جە زەبری شمشێر، چە خامەن جۆشەن
موشكین كولاڤان، نە ڕووی سازو باز
كڕیاری شەڕان، ئاشتی فرۆشەن
گۆنەی گولاڵان، جە هۆی ڕەنگو بۆ
مەغنەتیسی دڵ، وە بیرو هۆشەن
جە ناو باغی گەل، نەۆی سازو مەی
ئینە نە پەروای هیچ عەیشو نۆشەن
نوویسەم بە خوون، جە نامەی جیهان
پەی كوردی سەرمەس، كە بەس خەمۆشەن
ڕێژانو قیژان، بولبول بە باغەم
گولان كە بەرگی ڕاستی نەپۆشەن
ئەی ساتەی سا من نەوینم بالات
حەرامەم بادا، چی مەی جە دۆشەن

عالـــەم لـــە چ ڕاوێـــژو، چ ڕاوێـــك‌و چ ڕازێـــك؟
یـــا دڵ بـــە دڵـــم دادە، وەیـــا ســـەر بەســـەرم کـــە
وا گـــوڵ ئەگەشـــن، پێئەکـــەنن خونـــچەیی لێـــوان
تۆش ڕاهـــەژە ســـا مەســـتی پیاڵـــەی ســـەحەرم کـــە
ســـەر داومـــە بـــەر پێـــت‌و، لەشـــم پـــردە لـــە ڕێتـــا
بـــەو تـــۆزو تـــەمی دامەنەکـــەت، بـــەهرەوەرم کـــە
باســـی ســـەرو زوڵفـــت کـــە دەکـــەم، ڕۆژی بەڵامـــە
ســـاتێ بـــە دەم‌و کوڵمـــەوو مـــەم، جیلوەگـــەرم کـــە
ئامادەیـــە (ژیکـــۆ)، بەهـــەموو ســـوودو زیانێـــك
سا هەستە لە دوو چـاوی بەڵـەك، چارەسـەرم کـە.

(١٨)

ئامـــە! بـــۆ جـــەرگت بڕیـــوم‌و هەڵگوشـــیوم، ئامەکـــە؟
ئامـــە! بـــۆ گیـــان‌و دڵ‌و بـــیرت دزیـــوم، ئامەکـــە؟
پێم بڵـێ سـا کـەی بـچێژم تـام‌و بۆنـە خۆشـەکەت؟
کەی ئەنیـشێ پـێم بڵـێ، هۆشـی فڕیـوم، ئامەکـە؟
چـــاوە تیرەندازەکـــەت، وا بۆتـــە موقناتیـــسی ڕۆح
کارەبـــات خـــستۆتە جـــەرگی ڕاهـــەژیوم، ئامەکـــە
لوولی زوڵفت خستە مـل زەوقـی خـەیاڵ‌و بـیری مـن
وا وەکـــو میـــوەی بـــڵ‌و پێکداتـــەپیوم، ئامەکـــە
ڕەنگی ئـاڵی ڕوومـەتت، تێکـەڵ برووسـکەو تارییـە
ڕیوەڵـەو، ڕوو زەردو، لێوقرچـاو، هـەتیوم، ئامەکـە
تـو خـودا، بۆچـی لـە باسـی ماچـەکانت نـادوێی؟
سۆزی ڕووت پەردەی حەیاو شـەرمی دڕیـوم، ئامەکـە

سـەر، بەگێـژی ماتـەمو سـەوداتە وا ئەخولێتـەوە
وەك ڕەوەز، بورکـان زەدەی ڕووتم، خزیـوم، ئامەکـە
زوڵفی ڕەشمارت کـە گەسـتی لاملـی وەك زەردە بێـت
مـن بـە ژەهـرو زامـی گەسـتەی داڕزیـوم، ئامەکـە
تێر نـەبووم لـەو بـاوەشو بۆنـەت، چـریکاندی وەڵات
شـێتو هـار بـووم، تـازە ئـیتر تێپـەڕیوم، ئامەکـە
وردە خاڵت کردە تەمغـەی مـەرگو بـێ هۆشـیمو دڵ
تـۆ بـە مـۆری شـا سـەرو ماڵـت کڕیـوم، ئامەکـە
کوشتمی ئەو سوورە بەندە، ئەو گوڵەی ناسـك بـەدەن
ڕەحمـی پـێم دادێ هـەموو دیـوو نـەدیوم، ئامەکـە
سـیسو لاوازی خـەمی ڕووتم، جـەفاخوردەی زەمـان
وەك گـوڵی باخـت لـە داخـت هـەڵوەریم، ئامەکـە
هەروەکو (ژیکۆ) بەرامبەر وردە زوڵفو، خاڵو خـەت
بۆ هەموو دەردو بەڵای عیـشقت چـەقیوم، ئامەکـە!!.

(١٩)

شاعیر کە ئەهۆنن پەند، هـەر ئێکـە مەبەسـتێکە
دونیا لەبەرابـەر هـەق، هـەروەك لەپـە دەسـتێکە
یاریکـە بـە هێـزی یـار، یاریـدەیی کۆمـەڵ دە
یـا ڕاکـە لـەڕووی دیـدار، بـڕوا بـە هەرەسـتێکە
هـەر جەوهـەری ئاتۆمێـك، بـازاڕو بزووتێکـە
هەر کاری گـەلو هۆزێـك، گـیرۆدە بـە قەسـتێکە
هۆشـی بەشـەرو زانـین، بیزانـە چ هۆشـێکە!
دەسـتی هونـەرو تـوانین، بیناسـە چ دەسـتێکە!
دیـدە ئـەوی ببینـێ، ڕامـە لـە پـەلاماری
هەر بۆیە هەموو گیانێك، سەرمەستی ئەلەستێکە

سوێندو پەیمانێك بە ڕووتی کێرو کوس بێو، مێـزی پـڕ
هـەر مـەزەی میـزو گـووە، دۆشـاوی جـەرگو ناومـە
کـوردی دامـەنپاكو ڕەوشـەن چـاوو دڵ سـافو ڕەوان
وا ئـەزانم تـەفرەخواریت، وەك خـەیاڵی خاومـە
ئەم کەژو کێوانـە نـابینی؟! بـە چـەند ڕەنـگ دایـسێن
دیمـەنی خـوێنی دڵو، سـینەی بـە غـەم سـووتاومە
ئەم هەموو مێلاقو نیـسانەو، چـەقیلەو بـووکی سـوور
ئەشـکی دیـدەی ئـاگرینو، گۆشـتی زۆر برژاومـە
ئاخـە بـۆ کوێـستانەکانو، داخـە بـۆ گەرمێنـەکان
دەسـتی خـۆی بردۆتـەوە بێگانـە، مـن دۆڕاومـە
یەکـدگیریمان نـەبوو، بـەم سـوێندە بەدرۆیانـەوە
خۆشـی خۆشـی دوژمنـان، لـەم هـۆزی تێکئالاومـە
بەم هەموو کانگەی وەلاتو، بەم هەموو ماوەی دروست
دەسـتگیری هـیچ نـەبووم‌و، ئێـستە چـاوو ڕاومـە
دەسـتەلاتت گـەر هـەبێ، دوژمـن بـە گـژ مـارا بکـە
مـن لـە ترسـانو هـەلاتن، یـەك شـریت شـاقاومە
دامـرامو بوومـە (پـشکۆ)، تـا نەبوومـە خۆڵـەمێش
کوردەکـان! پـێم دابخـەن تەنـدووری هیـوا، باومـە.

(٢٩)

هـەوری بـەهارو گرمـەگرم، لـە ئـاهی نـاو هەناومـە
تـاوو بروسـکەو خرمـە خـرم، بـارانی هـەردوو چـاومە
لەسـەر هـەوارە بەرزەکـەم، ڕژاوە تـاوە تەرزەکـەم
بـە لـەرزە بـێ بلەرزەکـەم، خرپـەی دڵـی بـە تاومـە

ئاواره بە هاواری هەواری دڵی نایا
ئەو یاره دیاریمە، بە یاریی نەڕواوه
هاتم بە نەهاتیمەوه، ناوم بە هەتاوه
تا تاوی دڵو دیده، لە تاوی خەڵەتاوه
جارێ نەبوو، جاری بمو، جاڕدەم لەوی لێوم
خاڵی منو، ئەو خاڵی، دەمی خاڵی نەماوه
هەرچەنده، بە هەرچەندێ کە لەم چەندەمە نەمچەند
هێشتا ئەمەلی ئەو کچە گچکەم نەبڕاوه
هەر ڕاوه سەلەم[1] بوو، نە ڕیبای ماچی دڵم دا
وەك گیانو سەرم، دەوری دراوم نەدراوه
پاڕاوی ڕەوەی ڕاوم ئەکا، ڕاوی ڕەوای ڕووی
بیماری بە تیماری خەتی ماری مراوه
دوپشکی کە پشکی منە، دوو شك لە بەشێکه
بێبەش لە شكو پشکه، دوپشکی کە شکاوه
ڕەفتاری کە هەر تاره، بڵێ تاره لە گوفتار
دیوانی لە دێوانە، پژەو پێوەدراوه
تاوانی چبوو؟ تەونی هەناوم کە لەناوچوو
ناوچەی نچەتای عیشقی، بە مەشقم نەچەتاوه
با لەو کەژو کێوانە، کوژابێشتەوه کێشەم
سووزەو گڕی ئاگر، لە کەژاوەم نەکوژاوه

١- جاران، جوتیاره هەژارەکان لە سەرەتای وەرزی کشتوکاڵ کردنی خۆیاندا، بڕێك پارەیان لە دەوڵەمەندەکان بە قەرز وەردەگرت، دواییش لە جیاتی بڕە پارەکە بەروبوومی کشتوکاڵییان دەدایەوە دەوڵەمەندەکان. ئەم پرۆسەیەش پێی دەگوترا (سەلەم).

عێراقـــە ڕێگـــرو دزە
دوو چاوی حیزو سەرکزە
دوژمنی چاوی چەند بزە
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم

قەزایە (کۆ)، لیّم بووە قەزا
خســــتمییە بەر دارو جەزا
هێشـــــتاکە لیّم نابێ ڕەزا
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم

قائیممەقام (عارف جەلال)
نەیچێشـــتووە ئاوی حەڵاڵ
ئەرزاقی کرد بە گاڵەگاڵ
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم

موستەورەدە (سەیید فەتاح)
نەیبیســــتووە ڕێگەی نەجاح
تەنگن دەمێ، دەمـــێ فەڕاح
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم

قانوون چییە، ئیدارییە
ئیدارە قانوونـــــی نییە
لەسەر بەشم یەکی دییە
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم

مەئمور بە کەیفی خۆیەتی
خەریکـی وەردو شـــۆیەتی
داســــی لە مل مەڵۆیەتی
لە قوونی ئیستیحقاقی بەم

## بەندو بەیت

### أ- ناونیشانی کوردان

(١)

هانــام بــە بــەر تــۆ یــا غــەففار
ســـولّتانی شـــاخو دەشـــتو شـــار
دامـــەزرێنی لـــەیلو نـــەهار
ڕزقـــی دەدەی بـــە مـــوورو مـــار
هـــاوین، زســـتان، پـــایز، بـــەهار
چـــەرخت گێـــڕاوە پایـــەدار
بـــەخێو دەکـــەی گـــەداو توجـــاڕ
بـــزر ناکـــەی یـــەك تـــۆزە کـــار
لـــە هـــەموو حالّـــێ ئاگـــەدار.

(٢)

ئاگـــاداری هـــەموو حـــالاّن
هـــی دەردەدارو چـــاو کـــالاّن
لـــەناو شـــاخان، لـــەناو مـــالاّن
ڕەحمـــێ دەکـــەی بـــە عـــەودالاّن
دایـــان پۆشـــن بـــە دەســـمالاّن
چ هـــۆدەو نـــاز، چ بـــن دالاّن
بـــە ماچـــان بپرســـن حـــالاّن.

(٣)

بپرســـن حـــالّی فـــەقیران
دەریـــان بێـــنن لـــە زنجـــیران

ئــــەمجا نـــــۆرەی قەنەفڵـــــە
جانتـــای عـــەبیاری لـــە ملـــە.

(١٦)

لـــە مـــل، جانتـــای عەبیارییـــە
مێخەکبەنـــــدی دڵدارییـــــە
پـــەروەردەی بێنــــی بارییـــە
بـــە زنجـــیرەی نازدارییـــە
ســـەودای لادێیــــی و شـــارییە
بـــە پـــیرۆزەو مرواریـــــە
هـــەوای لـــە ڕووی ســـەردارییە
لەســـەر ســـینەی بەهارییـــە
ســـەد گـــوڵ خونـــچە بەزارییـــە
نێـــرگس بەشـــی غەمخوارییـــە
چـــاوی زەردبـــوو، یەکجارییـــە
ڕەنگـــی ســـپی ســـەربارییە
قـــوڕ بەســـەر مـــن، ڕێـــم هارییـــە.

(١٧)

ڕێـــم هارییـــە، وانـــەم دوورن
ســـوورو ســـپی، ڕەنـــگ بلـــوورن
ســـەوزو ئـــاڵو، زەردو ســـوورن
هـــەژانی بـــەنك‌و بـــەن مـــوورن
دوگمـــەو هەیاســـەی پـــڕ نـــوورن
کەمبـــەرەو لوولـــەی مەســـروورن

چ هــی سـێبەر، چــی هــەتاوە
ســـەوزو ســـوورت داچـــناوە
وەك زوڵفـــی یـــاران تێـــراوە.

(١٣)

تێـــراوە، بـــۆی جوســـتوجۆ کـــە
گوێزبەلـــــەوو ئاڵەکۆکـــــە
گـــەنم و جۆیـــە، نیـــسك و نۆکـــە
زەوی و زارت وەرد و شـــۆ کـــە
گـــەنجی ژینـــت، لـــەوێ ڕۆکـــە
شـۆخی لەسـەر خـەڵك و هـۆ کـە
گیـای بـۆن خۆشـت جـارێ بۆکـە
تـــا نەبوویـــە مارمیلۆکـــە
ئەی کوردە، حەهـ، خۆت خەڕۆ کە!!.

(١٤)

خـــۆت خەڕۆکـــە، جەزیرەیـــە
بـــە شـــەمپانی و بـــە بیرەیـــە
چـــەند دەرمانـــت کەتیرەیـــە
ئەســـپۆن پـــڕی لـــە لیرەیـــە
گلێخـــە، مامـــە پیرەیـــە
ســـرێش دەڵێـــی مدیرەیـــە
مـــازووو بـــەڕوو، هـــەم شـــیرەیە
بـــە هـــەموو بـــەر لـــە زیرەیـــە.

بــۆ دەرمـــانو خـــواردن، خێـــوی
باغـــــت ڕازا، بـــــڕۆ نێـــــوی.

(١٨)

بـــــڕۆ نێـــــوی قەڵەنـــــدەرە
هــەمووی بــە دەســـتو خەنجــەرە
لــە پــشتی بەســتووە کەمبـــەرە
بـــە ســـێپەڕەو، بـــە ســـێوەڕە
دەڵێـــــی عەســــکەری بەڕبــــەڕە
خــۆت، یــەك بەیــەك پێــدا وەرە
پێقجــــــەو، شینەشــــــاتەڕە
گـــــشتی جـــــوانو دڵبـــــەرە
بــۆ مـــەرگو ژیـــن ســـەمەندەرە
ڕەگو قــــەدو پــــەلكو بــــەرە
بـــە هـــــەموو دەردان یـــاوەرە.

(١٩)

یــــــاوەری پـــــیرو ڕەزیلـــــــە
چ نێرگـــــــزەو، چ حاجیلـــــــە
درۆی نـــەبێو بـــە بـــێ حیلـــە
گـــشتی بـــۆ ژینـــت کلیلـــە
بــۆ بــاوكو ڕۆڵــەت کەفیلــە
کـــــــەنێرەو چارەچـــــــەقیلە
ســـێ بـــسکۆڵەو گڕگازیلـــە
ئـــەو گیایـــەکانی خنجیلـــە
هــەموو لەبــەر دەســتت دیلــە.

نەکـــەی دەس بخەیتـــە یەخـــەی کـــورد و کـــاڵ
بـــەلاّ هەڵمەڕێـــژە لـــە مـــاڵ و منـــاڵ
بەخێوکـــە بـــە کـــوردی هـــەموو ئـــارەزووت
ژیـــان بەهرەوەرکـــە ، لـــە نـــابووت و لـــە بـــووت
ئـــەوا دەرکـــەوت چـــەند نیـــشانەی بـــەهار
بریـــسکەی هـــەواو ، تریـــسکەی هـــەوار
لـــەناو تـــاف و بافـــا ، گـــوڵ و لالـــەزار
هـــەمووی ڕێکخـــراوە ، چ لادێ چ شـــار
ســـەری مـــافی کـــوردی ، بڵنـــد بـــوو لـــە خـــەو
لـــە مەیـــدانی هەقـــدا ، بـــەرەڵلاّن جەڵـــەو
بـــدە تـــۆ بـــە هـــۆزت ، تـــەوژم و تـــەکان
بـــسووڕێنە ســـەر خـــۆت ، خـــولی ئاسمـــان
خـــەباتت بکـــا بـــا بـــرا پێـــك تـــەبا
کـــە هـــیچ شـــت بـــەراتت لـــە ڕێ لانـــەبا
بـــە شـــادی بکـــەن ســـەر ، کـــوڕان و کەنیـــشك
نـــەبێ بـــاکی هێـــزت لـــە بـــاران و تیـــشك
ڕیـــازەت بکـــەن ، پـــەل قـــەوی پاڵـــەوان
پزیـــشکە ڕیـــازەت ، بـــە دەردی گـــران
بـــە مێـــژوو ئەناســـرێ ســـەرو کـــاری کـــورد
بـــە ڕاوێـــژی خـــاوێن ، بـــە کـــرداری گـــورد
بـــەڵێ کـــوردە ، هەنـــدامی چەســـپاوە ڕێـــك
کـــە بـــۆ پیـــاوی ئـــاقڵ تـــەواوە وشـــێك
بـــە دوو چـــاوی تیـــژو ، ڕەش و کـــاڵ و بـــز
لـــەناو چـــاوی خـــەڵکی ، گـــران چەشـــنی مـــز

هەر دەعوەتێکم بۆ شاو ئەمیران
بە کورتی بڵێم، بایی سەت لیران.

فەقێ: بەم قسانەی خۆت، وا ئیلزامت خوارد
بە دەعوەت، قسەی زلت ڕابوارد
بەرتیلو ڕەشوەت ئەدەی بە میران
تاکو تالانکەی ماڵی ئەسیران
نابینی فەرمووی خودای منو تو
(كُلوا واشْرَبوا ولاتُسْرِفوا)
داوای دوو دونیا ئەکەی سەروبەر
کێ ڕەها ئەکەی لە دەستی هەژدەر؟

دەوڵەمەند: بە زمان لووسی دەڵێی جاسوسی
کتێبێك ئەبێ، ئەگەر بینووسی
بۆچ بە وەرگرتن ئەخوێنی بەیات؟
نییەتی قەناعەت، حەدیسو ئایات؟
هەر کەس بە پێی خۆی ڕووتو برسییە
ئیمڕۆ زەمانی نەفسی نەفسییە
تازە تێپەڕی، بەشەر ڕێك کەوێ
کار ئاشکرایە وەك ڕۆژو شەوێ
کاکی خۆم، منیش ئەزانم ئینسان
دەربارەی ئەکا کەلامت بەیان
(إذا مَسَّهُ الشَرُّ جزوعاً)
(إذا مَسَّهُ الخَيرُ مَنوعاً)
بەڵێ، نەزاکەت هەردەم دروستە
ڕێی (وفَضَّلْنا بَعْضَهُم)، بەستە.

